# فەرهەنگی

# کـــەلـــەپـــووری

نووسین وئامادەکردنی

یاسین حەسەن حوسێن گۆران

چاپی یەکەم / ٢٧٢٣ کوردی ٢٠٢٣ زاینی ١٤٤٥ کۆچی

**ناوی کتێب: فەرهەنگی کەلە پووری .**

**نووسین : یاسین حەسەن حوسێن گۆران .**

**دیزاینی ناوەرۆك : نووسەری کتێب .**

**پێداچونەوەی زمانەوانی: صبحی محسن جرجیس/ سەرپەرشتیاری پەوروەردەیی ( پسپۆری زمانی کوردی ) .**

**نەخشەسازی بەرگ :**

**چاپخانە :**

**چاپ : چاپی یەکەم**

**تیراژ : ( ) دانە**

**نرخ : ( ) دینار**

**لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ــ هەولێر / ژمارەی سپاردن ( ٢٩٢ ) ساڵی( ٢٠٢٣ )پێدراوە .**

***مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ خاوەنی کتێب**

# پێشەکی

**منداڵ لە زمانی دایك ساڵی یەکەمی تەمەنی جۆرە وشەیەك دەردەبڕی کغە کغ دەکات ، هەندێ دەنگ لە ناخی دەردەچێت بەس دایك لێی تێدەگات ئەنجا فێری وشە دەبێت ، وشە رێخۆشکەرە بۆ تێگەیشتنی زمان .**

**زمان بەردەوام لە گەشەکردندایە ، بە لکاندنی پاشگرو پێشگر وشەی نوێ دروستدەبن و ئاشنای دارشتنی وشە سازی دەبین ، پێویستە مرۆڤی کورد شانازی بە شێوەزارەکانی زمانی خۆی بکات و کلتوری نەتەوەیی و سەروەرییەکانی خۆی خۆشبوێت .**

**ژیان بەردەوام لە پێشکەوتندایە پێویستە خۆمان لەگەل گۆڕانکاری سەردەمیانە بگونجێنین ،وشەی نامۆ و نوێ سەرهەڵدەدات ئەوەش مەترسی لە سەر زمان و کلتوردەبێت ،کەرستەکانی ژیانی رۆژانەی باب و باپیرانمان ناو و زاراوەی تاییەتی خۆیان هەبوو ، وەکو کلتورێکی نەتەوایەتی بە میرات لۆمان مایتەوە دەبێ لە فەوتان رزگاریان بکەین و بێنە پاراستن .**

**مۆزەخانەی گوندی کەونەباك و مۆزەخانەی ناو سەنتەری قەزای بەردڕەش، زاراوە و وشەی ڕەسەن و کەرستەی کۆنی کوردەواری لە خۆوە دەگرێت ، منیان هاندا فەرهەنگێکی کەلەپووری بنووسمەوە، تا نەوەکانمان سوودی لێوەربگرن ،کورد گەنجینەیەکی دەولەمەندی لە بن نەهاتووی هەیە ، خاوەن کلتورو کەلەپوورو فۆلکلۆری زیندووی خۆیەتی کە ناسنامەی نەتەوایەتی راستەقینەی میللەتەکەمانە .**

**یاسین حەسەن حوسێن گۆران**

**سەرپەرشتیاری پەروەردەیی خانەنیش**

**قەزای بەردەڕەش /دهۆك**

# بەشی یەکەم :

## وێنەی کەلتووری کوردەواری جۆراو جۆر و شلۆڤەکردنیان

| | |
|---|---|
| بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان |   |
| **ناوی خودا :** بە دەست ڕەنگینی مرۆڤی کورد ناوی خودای بە مۆری ڕەنگاو ڕەنگ نەخشێنرایە، خوای گەورە عەرد و ئاسمانی دروستکردیە خالقی هەموو بونەوەرێکە ، هەرکارێك ئەنجام بدەیت بەبێ گۆتنی ناوی خودا ئەو کارە سەقەتە، خوا لێما نخۆش بێت و کارمان ئاسان بکات . |  |

| | |
|---|---|
| **ناوی پێغەمبەرمان ( د . خ ) :**<br>**بە دەست ڕنگینی ناوی پێغەمبەرمان( موحەمەد ) دروودی خودای لێ بی بەگول نەخشێنرایە**<br>**ئەی مورسەلی حەق تاجی سەری جوملەی پێغەمبەران**<br>**ئەی نووری دڵ ئەرز و سەما سەییدی سەروەر**<br>**ــــ شیعری حەزرەتی حەمدی ــــ** |  |
| **ئاخوڕ :**<br>**لە ناو دەقی چیاکان داری ئەستور دەقەلێشن ناوی خلۆر دەکەن کاو ئالفی تێ دەکەن بۆ ئاژەلەکانیان ،لە هەندێ ناوچە بە قوڕ دروستدەکرێت یان تایە دەکەنە ئاخوڕ .** |  |
| **ئاشی ئاو :**<br>**داهێنانێکی کۆنی کوردەوارییە زیاتر لە دوو هەزارو هەفت سەد ساڵ دەبێت لە کوردستان بوونی هەبووە . لە بەشی کۆتایی ئەو کتێبە بە درێژی باسی کەرەستەکانی ئاشی ئاو کرایە .** |  |

| | |
|---|---|
| **ئالانتەریك :**<br>**کەهرەبا نەبوو لەکۆن ئالانتەریك ڕۆلێکی گرنگی هەبوو ، بە شەوان کاریان هەبایە لایت لە دەستیان بوو بۆ ڕۆناهی پێش خۆیان، هەروەها بۆ ڕاوکردن و ناو حەیوان بەکاردەهات .** |  |
| **ئالای کوردستان :**<br>**هەندێ لە سەوزە فرۆشەکان لە دوکانیەکانیان بە سەوزەوات یا میوەجات ئالای کوردستانیان دروست دەکرد ، دوو مانای دەگەیاند هەستی نەتەوەیی و ریکلام بۆ گەرمکردنی بازاڕەکەی .** |  |
| **ئامێری هێڕان :**<br>**ئامێرێکی کۆنی کوردەوارییە بۆ وردکردنی خواردەمەنی وەکو تەماتەو وپیاز و هێڕانی دانەوێلەو نەواندنی بەکار دەهات ، ئاسانکارییە بۆ کابانێ ماڵێ زووتر خواردن بەردەست دەبوو .** |  |

| | |
|---|---|
| **ئەستێ و بەردە ئەستێ :**<br>ئامێرێکی فۆلکلۆری کۆنی کوردەوارییە ئەو کەسانەی کەقەلون و جغارەیان دەکێشا بۆ کردنەوەی ئاگر بە کاریان دەهێنا ، جارهەبوو سەعاتێك لێکیان دەدا تاکو هەڵدەبوو ، دەیانگۆت ( تێز بەر تێز ) واتە یەکو هەڵ ئاگری گرت . |  |
| **ئەسپەرە :**<br>ئەسپەرە ئامرازێکی پێمەڕەیە ( پێمەڕە و خاکەناس ) کلکی داریان هەیە ، پێمەڕە دەوی ئاسنێکی تیژە و لە شێوەی سێگۆشەییە ، ئەسپەرە لە ناو دەسکی دەکرێت دەچیتە سەر پشتی ئاسنەکە پێ لە سەر دادەنێن بۆ کێلانی زەوی. |  |
| **ئەنگوستیلە :**<br>ئەو ئەنگوستیلەی دورمانە لە سەرێ پەنجەی شادەیان دەکرد یان هەرپەنجەیەکی تر تاییەتە بۆ دورمانکردن بە کاردێت بۆ ئەوەی دەرزی نەچێتە پەنجەیان. |  |

**ئەسپەرە :**

**لە سەر پشتی پێمەرە رادەوستا لە کاتی زەوی کێلان پێی خۆیان لە سەر ئەسپەرە دادەنا بە هێزی پێی راستە دەوی پێمەڕە دەچوو ناو زەوی رەق و بەردەلاّن خۆلیان هەلّدەقاند .**



**ئەنگوستیلەی دورمانی :**

**زیاتر ئافرەت بەکاری دەهینا بو درومانی جلوبەرگی ئەستور تاوەکو پە نجەی بریندار نەبێت**

**لە زۆربەی مالەکان هەبوو .**



**ئوتی بە ئاگری :**

**بەرێ کەهرەبا نەبوو ئوتوی رەژو لە شاران هەبوو لە بازارێ یان لە مالاّن بۆ ئوتوکردنی جلوبەرگ بوکاردەهات بە تایبەتی ئەو کەسانەی فەرمانبەر بوون . ئێمە لەگوند جلی خۆمان لە بن دۆشەکێ دادەنا دەقی دەگرت**



| | |
|---|---|
| **باگوردان :**<br>بەردێكی درێژی لوولەییە زستانان بەكار دەهات بۆ گڕدانی سەربان تاوەكو دلۆپەی نەكات دوو زیادەی هەبوو پێیان دەگۆت سیوسیوە گوریسێكیان لێدەبەستا لە سەر ئاخەبان رایاندەكێشا بۆ كوتانەوەی تا دلۆپە نەكات . |  |
| **باڵتە :**<br>پارچە ئاسنێكی كلك باریكی دەو تیژە لە تۆپی جەنجەر قایم دەكرا جەنجەر دوو تۆپی هەبوو هەر تۆپێك ٢١ باڵتە پێوەبوو ، بۆ كوتانی جۆخین بە كاردەهات . |  |
| **بالیف :**<br>ماڵی كورد ئەو جۆرە بالیفەی تێدا هەبوو ، پەڕی پەلەوەریان هەڵدەگرت بالیفەیان لێدروستدەكرد ، بەرگێكی نەخشینی هەبوو بۆ خەوتن بەكار دەهات یان لەكاتی پشوودان لە بن شاقوباڵی خۆیان دادەنا . |  |

| | |
|---|---|
| **باوەشێن :**<br>**لە پەڵکە حەسیری دارخورما دروستدەکرا ، دەستك پێوەبوو ، لە کاتی گەرما بە دەستیان دەگرت و هەوایان لە خۆ دەکرد ، هەندی پانکەی یەك ئەمپێری هەوای هەبوو .** |  |
| **باوڵ :**<br>**ئاسنگەر لە تۆتیا سندوقێکی مام ناوەندی درۆست دەکرد قەپاغی هەبوو قفل و کلیلێك پێوەبوو**<br>**رۆژی گواستنەوەی بووك ، جل و بەرگ و کەلوپەلی خۆی تێدەکرد، لە جیاتی جانتای ئەمرۆ بەکار دەهات .** |  |
| **بەردە غڵ :**<br>**بەردێکی ناوقۆر ، بەردێکی خڕی هەتا ١٠کێلۆیی لە ناو دانرایە بۆ کوتان و هێڕانی قەزوان و کونجی و بەهارات بوو، یان دانەوێڵەی کەم بەبەر نەدەکەوت ببرێتە ئاش لەو دەزگایە دەهاتە هێڕان .** |  |

| | |
|---|---|
| **بەردەقان :**<br>هەردوو سەری گولینگ پێوە بوو ، ناوەندەی هەندی ناولە پێك پان بوو بەردیان تێدەکرد بایاندەداو دەیان هاویشت زۆر دەرۆیشت بۆ پاراستنی دەغل ودان وشەڕی منداڵان بەکاردەهات . |  |
| **بەردە تەڵە :**<br>تەڵەیان دادەناوە ئەو بەردەیان بە زنجیرێکی دوو مەتر درێژ بە تەڵە دەبەستایەوە ، بۆ ئەوەی نێچیرەکە دوور نەکەوێتەوە یان بە دوای شوێنی بەردەکە دەرۆیشتن بە ئاسانی تەڵەکەیان دەدۆزیەوە . |  |
| **بەفر ماڵ :**<br>دارێکی پان دەستکە دارێکی درێژی پێوەیە لە شێوەی خاکەناسە لە وەرزی زستانان کاتێ بەفر دەبارێت بە بەفرماڵ بەفری سەر خانی ڕادەماڵن ، بۆ ئەوەی باری خانی سووك بێت و دلۆپەی نەکات . |  |

**بەلەچەك :**

میوەجات و سەوزەوات وەرزی بوو، تەنها لە کاتی خۆی هەبوو ، کارەبا نەبوو بێتەهەلگرتن ، ناچار بوون بەرهەمەکانیان وشك بکەنەوە بۆ وەرزی زستان هەڵبگیرێت .



**بەندەق :**

لە دولکە دارێك و لاستیك و قایش پێکهاتیە ، زۆر ناوی تری هەیە : دارلاستیك ، بەندەق ،قایشۆك ، چەتاڵ ، قەپا چۆلە ، قەلماسك ، دار تەقیلە ، قایش کێش ، دار قۆسك ،تیرکەوان، بۆ ڕاوکردنی باڵندە بەکاردەهات .



**بنکۆڵ :**

ئامرازێکی بچکۆلەی کشتوکالیە بە کار دەهات بۆ بنکۆل کردن وخاوکردنەوە و خاوێنکردنی خۆلی دەوروبەری بنە بڕکە کان وەکو بیستان و تەماتەو بامیەو شفتی **هتد**......



| | |
|---|---|
| **بوکە بەفرینە :**<br>شێرە بەفرینە یان بوکە بەفرینە ، منداڵان لە کاتی بەفر بارین دروستیان دەکرد ، ئەو وێنەیە بوکە بەفرینەیە لە شێوەی بوک دروستکرایە،شێرە بەفرینە وێنەی شێر دروست دەکەن منداڵان لە دەوری هەڵدەپەڕن و گۆرانی دەڵێن |  |
| **چەرخەلەی بۆلبەرین :**<br>یاریەکی منداڵانە یەکێك سوار دەبوو کەسێکی تر پاڵیپێوەدەنا سێ بۆلبەرین بوو، دوو لە پاش یەك لە پیش بوو داری پێشەوە لایەکی قایم نەکرابوو وەکو سوکان بە کاردەهات . |  |
| **بێژینگ :**<br>بۆ جۆخین بەکار دەهات ، گەنمیان بێژە دەکرد هویردە گەنم و دانەوێلە دەکەوتە بنەوە پێیان دەگۆت بن بێژینك ، بۆ دانەوێلەی مریشك هەلدەگیرا . |  |

| | |
|---|---|
| **بیر :**<br>**بیری ئاو پێکهاتیە لە :**<br>**قەنات : ئەو شورەی لە دەوری بیرە.دۆلکە : دەفرێکە کندرێکی درێژی پێوەیە بۆ راکێشانی ئاو، بەکرە یان خرخڕە :شریتی دۆلکە لە سەر هاتوچۆ دەکات ، لە هەندێ شوێن بە کەرێ دۆلکەی پڕ ئاویان رادەکێشا .** |  |
| **بێلۆکە :**<br>**لە ئاسن دروستکرایە لە شێوەی بێلێکی بچکۆلەیە بۆ پاك کردنەوەی مشکی( خۆلەمێش )ی ناو تفایەو ئاگردان، هەروەها بۆ تێکدان و گواستنەوەی پەلی ئاگربۆ شوێنێکی تر بەکاردێت .** |  |
| **بێلی دار :**<br>**دوای شەنەباکردنی ڕەخیس جێزی گەنم پەیدادەبوو ، بە بێلی دار جێزی گە نمیان دەدا بای کەسێك بە گێسك بەربای لە پوش و پەلەخ و تۆز خاوێن دەکردەوە .** |  |

| | |
|---|---|
| **تاتی :**<br>وەستای شارەزا هەبوون لە لوای بەرخ تاتی و تەکەلە و فەرنگی و کلاَویان دروستدەکرد ، تاتی بە لوای ڕەش و ڕەنگی سۆر بە شێوەیەکی هونەری دەهاتە نەخشاندن . دانیشتن و خەوتن لەسەر تاتی تەندروستە . |  |
| **تاسی زیو :**<br>تاسی زێڕ و زیو هەبوون بوك یان ئافرەت لە یادو بۆنەکان لە سەری خۆیان دەکرد ، کلاوێکی تایبەت هەبوو هەوریان لە دۆر دەئاڵاندن و بە ڕێچکە گوڵێنگ تاسیان لە سەر کلاوەکە دادەمەزراند و لە سەر دەکرا . |  |
| **تانۆك :**<br>چەند قیسپێك بە ڕێزە لە زەوی دەچەقێنن ، شوارك لە کەلێنی قیسپەکان دەئاڵێنن دەبوو پەرژین بۆ حەوشە یان ڕەز ، پێی دەگۆترێت تانۆك ، حەیوان نەشێت لێدەربازبێت . |  |

| | |
|---|---|
| **تەبەقۆرە :** یان پێی دەڵێن سەویە ئافرەتی کوردی دەست ڕەنگین لە قەسەل و داوی ڕەنگاو ڕنگ دروستیان دەکرد ،دانەوێلەیان تێدا دەشووشتەوە بە ئاسانی ئاوەکەی دەچۆڕاوە . |  |
| **تەپکە :** جۆرە ئامرازێکی ڕاوکردنی ( سویسکە ، پۆڕ ، ... )یە کۆرتێکیان هەڵدەکۆڵا ڕاستە دارێك و دارێکی دوولق و ساپە بەردێکیان دادەمەزراند ، دانیان دەکردە ناو کۆرتەکە باڵندە دەچوو دانەکەی بخوات بەردەکە بەسەری دەتەپی . |  |
| **تەپیلە :** پاشەڕۆکی ڕەشە ولاغ و ئاژەلەکان لە شوێنێکی تایبەت دەکرد ناوی سەریخ بوو، دەیانتەپاند پێیان دەگۆت تەپیلە حیشك دەکرایەوە لە خانی ئاگوردان هەلدەگیرا بۆ ئاگری وەرزی زستان. |  |

**تەرازو :**

تەرازووك یان تەرازی ئامرازی کێشانە چەند جۆری هەیە بەناوبانگتریان دوو قاپی یەکسان بە سێ داو بەسترایەوە بە دەستکە داری تەرازوو ، لە کاتی کڕین و فرۆتن بۆ کێشان بەکار دەهات



**تەرازو :**

ئەو تەرازووە لە دوو سەرکە سەویە پێکهاتیە لە شووی دار بی دروست کرایە ، بۆ کڕین و فرۆشتن شتی پێدەکێشرا .



**تەشکە بەڕ :**


خوریان دەڕست دەبوو بەن ڕەنگاو ڕەنگ دەکرا ، بە گلۆلەیی هەلدەگیرێت .بەنە ڕنگکراوەکان ڕادەچینن بەنی تر تێهەل دەکێشن و دەکوتنەوە ، پاشان دەکرا ڕایەخ ، جوالی کرداری ، پاشەزین ، ........ .



| | |
|---|---|
| **تەشی :**<br>**تەشی پێکهاتیە لە سەرکە تەشی و کلکە تەشی و بزمارێکی سەر چەماوەیی هەیە ، ئافرەت بە کاریان دەهێنا بۆ ڕستنی خوری و موو دەیانکردە گلۆلە بۆ ڕستن و چنین بەکاردەهات .** |  |
| **تەکەلە :**<br>**هەندێ ناوچە پێیدەلێن فەرەنجی ، کەپەن یان کەچە ، لە لوای بەرخ دروستدەکرا بە زستانان لە کاتی سەرماو باران شوان بە سەر ملی خۆی دادەدا بە شەوی زستان لە ناو دەنووست.** |  |
| **تەلە :**<br>**دووکەوانەی هەیە لە تەنیشتی سپرنگێك هەیە کەوانەکەی لێکدەداتەوە ، کەسی شارەزا دادەنێتەوە پارچە گۆشتێك لە نزیکی دادەنێت حەیوانی زیان بەخش وەکو گورگ و ڕێوی چەقەل پێوە دەبێت .** |  |

| | |
|---|---|
| **تەور، پاچ :**<br>ئەو ئامرازە بۆ بژارو بنکۆل کردنی بیستان و شینایی خاوکردەوەی خۆل بە کاردەهات زەویەکە خاوێن دەکرایەوە لە ڕووەکی زیان بەخش . |  |
| **تەورۆکە :**<br>تەورێکی بچووکە لە کانزا دروستکرایە بۆ هوردکردنی گۆشت بەکار دێت . |  |
| **ترگار :**<br>ئەو ترگارە سەرەونخون دانرایە بە ئایەتی قورئانی پیرۆز نەخش ونیگاری جوان هەلکەنرایە تاییەت بوو بۆ ماستاو و ئاو خواردنەوە ، حەجاج لە حەجێ دەیانهێنا ، کوسێك نەخۆشبایە وەکو تەبەڕك بە کار دەهات . |  |

| | |
|---|---|
| **تفایە :**<br>**ئاگردانێکی بچوکی گەرۆکە ، ئافرەتی کورد بە دەست رەنگینی خۆی لە قورە سۆر و کا دروستی دەکرد ، هەموو جۆرە خواردنێك لە سەر ئاگری ئەو تفایە دروستدەکرا .** |  |
| **تفایەی کانزا :**<br>**تفایەی گەرۆك هەبوو لە قوڕ دروستدەکرا ، ئەوە وێنەیە تفایەیە لە ئاسنی درستکرایە ، ئاگردانێکی سەفەریە لە هەر شوێنێك دەتوانی ئاگری تێدا بکەیتەوە .** |  |
| **تفتەرەقە :**<br>**ئەوە شێوەیەکی تری یاری منداڵانە ، کبریت و دەرمانی شخاتە دەکرا ناو قەوان یان لولویەکی بچوکی ژێر داخراو بزمارێك تێدابوو بە دیواری دادەدرا دەتەقییەوە دەنگێکی گەورەی هەبوو .** |  |

| | |
|---|---|
| **تفتەرەقە :**<br>ئامێرێکی یاری منداڵانە ، پێکهاتیە لە بزمارێك و بۆریەکی بچکۆلە ، دەرمانی سەرە زلکی شخاتەیان تێدەکرد ، بە دیواریان دادەدا یان بە هێزی لاستیك دەیانتەقاند . |  |
| **تلیانە :**<br>کەسی دەست ڕەنگین لە شووی دار بی باریك ئەو جۆرە تلیانە دروستدەکەن ، نانی مەزرەقەی برژای سۆرکرایەوە تێدا هەلدەگیرێت . |  |
| **تلیانە :**<br>جۆرێکی تری تایانە ، ئافرەتی دەست ڕەنگین بە قەسەل تلیانەی ڕەنگاو ڕەنگی جوان دروستدەکەن ، دوای برژاندنی نانی ساچ لە ناو ئەو تلیانە نانی مەزرەقەی سۆرکراوە تێدا هەڵدەگیرێت . |  |

**تۆپ :**

**جەنجەڕ دوو تۆپی هەیە هەردوو سەریان تۆقەکرایە ، هەر تۆپێك ٢١ باڵتە بە پێچەوانەی یەکدی لە تۆپەکە قایم کرایە ، لە ناو جەنجەر دەسوڕیت بۆ کوتانی قرشەی جۆخین بە کار دێت مەتەل( ئەو لای دارە ئەولای دارە ، تێدایە دوو سەگی هارە ) .**



**توربە ، جەنتك ، خورچین :**

**لە شێوەی چارگۆشەیە دوو دەستکی هەیە ،لە پشت دەکرێت خواردن و کەلوپەلی رێنجبەر یان شوان تێدەکرێت دەبرێتە هەقاری .**



**توربەی گوان :**

**کارێك یان بەرخێك دایکی بمژییایە تورەکیان لە گوانی بزنەکە هەڵدەکێشا و بە دوو داو لە سەر پشی بزنەکە گرێ دەدرا تاکە بێچیەکە گوانی دایکی نەمژیت ..**



| | |
|---|---|
| **تێچێنه ، نانۆله :**<br>نان له ناو قاپێك پارچه پارچه دەكرێت ماست له سەر دەكەن و تێكدەدرێت پێی دەگۆترێت تێچێنەی ماست ، هەروەها لە گەڵ هەنگڤین ، دۆشاو ، نیسكی كوڵای هەركەس به ئارەزوی خۆی دەكەنە تێچێنه. |  |
| **پارزینگ :**<br>له ناوچەیەك بۆ ناچەیكی تر ناوی دەگۆڕێت دەناسرێت به ( هەگبه ،توربه ،خورجه ، تورەكه ، جەنتك ،كۆلوانه ) ، بۆ هەڵگرتنی منداڵی ساوا كەلوپەلی تر بەكاردێت ، له سامتون یان خوری چێدەكەن. |  |
| **پەنجەره :**<br>خانی قوڕیان به لبنی دروستدەكرد پەنجەرەی داریان تێدەگرت ،به تایبەتی لەژووری دانیشتن یەك دوو پەنجەرەیان پێدەهێخست بۆ ڕۆناهی و هەوا گۆڕكێ بوو . |  |

| | |
|---|---|
| **پەندیر پۆسکە :**<br>گیا کرتی لە شوێنی شێدار شین دەبێت ، بەهاران گوڵدەدات پێیان دەگۆت پەندیرپۆسکە بەری گولی بشکێت ناوەکەی نەرمە وەکو لۆکە منداڵ بووین دەمانخوارد تامێکی خۆشی هەبوو . |  |
| **پردە دار :**<br>پرد شادەماری گواستنەوەیە بۆ دەربازبوونی ماڵە کۆچەرەکان بەرەو کوێستانان و گەرانەوەیان ، هەروەها زۆر گرنگە بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی بازرگانی لە ناوچەیەك بۆ شوێنێکی تر ، |  |
| **پرێمز :**<br>بە نەفتی کاری دەکرد ، ئاگرێکیان لە سەرکە برێمز دەکردەوە تاوەکو گەرم بێت پەمیان دەدا بە پالپەستۆی هەوا نەفت دەگەیشتە سەرەکەی ئاگرێکی شین پەیدادەبوو ، خواردنیان لەسەر دەکولاند . |  |

**پزدان :**

ئەو کیسە ئاوەی خویزاوی تێدایە پێستێکی تەنکە بەچکەی تێدایە دەتەقێت لە دوای بێچوە لە دایك بووەکە دێتە دەرێ ، هەندێ چێڵ هەیە پزدانی خۆی دەخواتەوە.



**پلیلکانێ ( حازر و مەنازر) :**

یاریەکی کوردەواریە ، ئەو دوو بەردە پێدەگۆترێت شار، لە شار پلیلك دەهاوێژرێت بۆ کۆمەلە کەسێك لەبەرامبەریان راوەستاون بە دەستە دار هەوڵدەدەن پلیلکەکەی بگێرنەوە .



**پێشۆر :**

لە جیاتی دەستشۆری (مغسەل) ی ئێستابوو ، مەسینە ئاوێکیان لە پالْ دادەنا دەست و پێی خۆیان لە ناو دەشوشت ، یان پێش نان خواردن و دوای نان خواردن دەستیان تێدا دەشوشت .



| | |
|---|---|
| **پیفۆك :**<br>گیایەکی بەهاریە ،قاسکێکی درێژ و سەرێکی سپی هەیە ،مندالْ بووین بەهاران لە دوای باران بارین دەچوین لە کەند و ملە باسکەکان بە قەلعەهەلماندەکۆلی دەرمان دەهینا و سەرەکەمان دەخوارد .. |  |
| **پێلاّوی دار :**<br>ئەو پیلاوە لە دار دروستکرایە ، دارتاشی دەست ڕەنگین دروستیان کردیە ، کەسانی دەولەمەند لە پێیان دەکرد . |  |
| **جاجم :**<br>بەرێ لە جیاتی پێخەفی ئێستا جاجم بە کاردەهات گەرم و هەوا کێش نەبوو ، لە دەزگای ڕستن و چنینی کوردەواری لە بەنی خوری و موو دروستدەکرا لە زۆربەی مالەکان هەبوو . |  |

| | |
|---|---|
| **جاغ :**<br>چەند تورەگەیەك لە خامی سپی دروستدەکرا ، ماست یان دۆیان دەکردە تێدا تاکو ئاوەکەی لێدەچۆرایەوە تیر دەبوو ، ماستە تیرەکەیان دەکردە کەشك یان داندۆك |  |
| **جانتە :**<br>جانتەك یان خورجەی پێدەڵێن دەستکی هەیە ، خوری دەرێسن و بەنەکەی ڕەنگاو رەنگ دەکەن ئافرەتی شارەزا بە دیزاینێکی هونەری دەچنیت ، ڕێزە گولینگی لە تەرز بۆ جوانی لە دەوری دەئالێنن. |  |
| **جەنتك ،توربە، خورچین :**<br>لە شێوەی نیمچە سێگۆشەییە ،مندالی ساوای تێدەکەن بە پشت هەڵدەگیرێت ، دوو دەستکی هەیە لە ملان قایم دەکرێت یان خواردن و پە نجار تێدەکرا . |  |

**جه نجەڕ :**

قرشەی جۆخینیان پیّ دەکوتا ، دوو تۆپە ئاسن تێدایە دوو تە پەو دوو حۆشترەی هەبوو مژانە بە عەقرەبەی وەدەکرا بە دوو دەوار ڕایاندەکێشا ،مەتەل :

( ئەلای دار و ئەو لای دارە ، تێیدایە دوو سەگی هارە ) .




**جه نجەڕ :**

پێش پەیدابوونی جه نجەڕ کۆمەلە دەوارێکیان دەبەستەوە قرشەی جۆخینیان بە گێرەکردن دەکوتا ، پاشان لە دەسپێکی سەدەی بیستەم جه نجەڕ پەیدابوو .



**جفت :**

کلاّو یان سەری بەڕوو پێی دەگۆترێت جفت لە گەلّ پەلّکە هەناری تێکەلدەکرا پێستەیان پیّ خۆشدەکرد بۆ مەشکە ، کوندە ، شیرمەشك ، هەمبانە و دۆدان لە پیستە دروستدەکرا .



**جوالّی کرداری :**

خوری و موو دەهاتنە ڕستن دەکرا بە گلۆلە ، لە مالّێ یان لای جۆلەی بە دوو ڕەنگی دەهاتە چنین بۆ کاکێشان بەکاردەهات یان باراشیان پیّ دەبردە ئاشی .



**جۆت و گا :**

جۆت کردن بە دوو کەر ئەو وێنەیە لە فیستیڤالی کەلتوری و هونەری لە ٢٠١٩/٤/٢٨ لە گوندی کەونەباك سەر بە قەزای پەردەرەش ئەنجامدرا .



**جۆتی کەر :**

جۆتی کەر ، جۆتی هێستر ، جۆتی گا هەبوو ، جۆتیار بە هێزی ملی ئەو دەوارانە زەوی شەقدەکرد تۆی پێوەدەکرد ، بەرهەمی سالآنەی پەیدا دەکرد ، نەیدەویست موحتاجی نامەردی بیت ،بژێوی ژیانی مال ومندالّی خۆی دابین دەکرد .



| | |
|---|---|
| **جۆخینان :**<br>**گوند شوێنێکی تایبەتی هەبوو بۆ کوتان و هەلگرتنی بەرهەمی ساڵانەی کشتوکاڵی خۆیان ، پێی دەگوترا جۆخین جوتیارەکان شوێنی جۆخینی تایبەتی خۆیان هەبوو .** |  |
| **جۆنی :**<br>**لە بەرد دروستدەکرا ، دەستەکە جۆنی تێدایە ، لە پێش هەندێ ماڵان دادەنرا ، دانەوێلەی تێدا دەکوترا وەکو: کونجی ، کەنمە کوتا( دانە قوت ) ، قەزوان دەیانکردە گوشمە .** |  |
| **حاجی لەق لەق :**<br>**باڵندەیەکی کۆچبەرە ، لە کۆتایی چلەی زستان دەگەرێنەوە کوردستان لە سەر هێلانەکانی خۆیان داددەورنەوە ، فەرخەی خۆیان گەورە دەکەن لە گەڵ هاتنی ئەستێرەی گەلاوێژ لە ٨/١٥ دووبارە بە رەوە کۆچ دەکەنەوە .** |  |



**حەلاچ :**

**ئامرازێکی کۆنی کوردەواریە لۆکەو خورییان بەوئامێرە خاو دەکردەوە پاشان دەیانکردە ناو دۆشەك و لێفە دوای رێکخستنی بە تەقەلان دەیان دوریییەوە**



**حەلاوینە :**

**لە شێوەی شەربکە بەلام دوو قولپەی پێوە نیە و ملی درێژە ئاوی خواردنەوەیان تێدەکرد، لە سەر بانیان دادەنا بۆ بەیانی سارد دەبوو بۆ خواردنەوە ئاوێکی فێنك و سازگاری هەبوو**



**خەڕاد :**

**ئاسنێکی سەرتیژی بە گەوەیە دەستکی هەبوو دارتاش بۆ کونکردنی دار بەکاری دەهێنا**

| | |
|---|---|
| **خەڕاد :** ئامرازێکی کۆنی کوردەواریە بۆ کون کردنی دار جغارە بەکاردێت کەسی وەستاو شارەزای دەوێت بۆ کون کردن لە دارێکی کەوانەیی ، لەشیشکەیەکی سەر تیژی بە دەستك و داو پێکهاتیە. |  |
| **خەڕاد :** ئامێرێکی کوردەواریە بۆ کاری کون کردنی دار بە کار دێت . کانزایەکی درێژی لوولپێچی سەر تیژە سەری ئاسنەکە بە دەستکە دارێك بەسترایتەوە ، دەستکی سەرەوە دەسورێنن شوێنی مەبەست کوندەکات |  |
| **خەڕەك :** لەشێوەی چەپەرە لە دار دروستکرایە دەخرێتە سەر پشتی دەوار لە گوندە شاخاوییەکان بەرد و بلوك پێ دەگوازنەوە . |  |

| | |
|---|---|
| **خەرمانكۆ :**<br>ئامێرێكی كشتوكالیە . ئەو شوێنەی دەڕاسە نەگاتێ بۆ درونە بە خەرمانكو جۆخینی خۆیان دەكوتن كەنمی لە كای جودا دەكاتەوە ، ئەنجا جۆخینی خۆیان هەلدەگرن . |  |
| **خەنجەر :**<br>كەسی كورد زۆر كەیفی بە خەنجەر دەهات بەردەوام لەبەر پشتیان بوو، زۆر جۆری هەیە ، بۆ كاری پێویست یان بۆ شەڕ بەكار دەهات. |  |
| **خشخشە :**<br>خوڕنیك ڕوەكێكە ساڵانە لە سەر پنجی خۆی شین دەبێتەوە بەری هەیە پێی دەگۆترێت خوڕنیك هاوینان حیشك دەبێتەوە بە خشخشە یان محەچەچە ناودەبرێت دەرمانێكی كوردەواریە . |  |

| | |
|---|---|
| **خشۆلکانیٚ :**<br>لە گردێك یان لە شوێنێکی تەلان منداڵان پارچە پەرۆیەك یان تەنەکەیەك لە بن خۆیان دادەنێن لە سەر قون لە سەرەوە بەرەو خواریٚ خۆیان دەخشێنن بە یاری خشۆلکانیٚ ناودەبرێت. |  |
| **خلتانە :**<br>گیاییێکە لە قورەبەگان شوێنی شێدار دەڕوێت ،کاتیٚ گولەکەی پێدەگات بۆ خاوێن کردنەوەی کەلێنی ددانەکان بە کار دێت ، تام و بۆنێکی خۆشی هەیە ، هەروەها ئاوەکەی دەرمانە بۆ تاواندنەوەی بەردی گورچیلە . |  |
| **دارتیشۆ ( شلیم شیقیٚ ) :**<br>یاریەکی کۆنی کوردەواریە ، دوو منداڵی پارچەلە هەریەك لە لایەك سواری ئەو دارە دەبوون بە هێزی خۆیان بڵند و نەویان دەکرد تاکو شل و کول دەبوون یاریاندەکرد . |  |

| | |
|---|---|
| **داس :**<br>داس بۆ هەڵپاچینی لقی بنە دار بەکاردێت شوانەکانی ناو دەقی چیا یەك و داس لە بەر پشتی خۆیان ڕاکردیە لقی دار چلو بۆ حەیوانەکانیان هەلدەپاچن |  |
| **داسوك :**<br>لە کانزای دروستدەکرایە دەستکێکی داری هەیە لە داس گچکەترە ، ئەو مێردمندالاٚنەی تازە فێرە درونە دەبوون داسوکی بەکار دەهینا ، بۆ بڕینی قامیش و درونەی زەل و زیوال و گیا بەکاردەهات . |  |
| **داندۆك :**<br>ساواریان دەکردە ناو ماست یان دۆی تیر تاکو دەنەوا جوان دەیانشێلا خۆی لێکدەدا ، پاشان دەیانکردە سەرك سەرك وەکو کفتە لە بەر رۆژیٚ هیشك دەکرایەوە بۆ زستان هەلدەگیرا و دیا نخوارد یان دەکرا شیو . |  |

| | |
|---|---|
| **داولْ :**<br>**دارێکی درێژ دەچەقێنن دوو دەستو سەرو کلاوی بۆ دەکەن ، جلوبەرگی پیاوانەی لەبەر دەکەن ، تاوەکو باڵندەو حەیوانی زیان بەخش بترسێن و برەونەوە زیان بە شینایی و دەغلودان نەگەیەنن .** |  |
| **دە نە،کوپە ، لینە، مەرکانە :**<br>**هێواران پڕ ئاویان دەکرد بۆ بەیانی ئاوەکەی سارد دەبوو لە بنەوەی بەلوعەی پێوەکرابوو بۆ ئاوخواردنەوە لەسەر سێ پێ گیردەکرا تکەی دەنە زۆر سازگاربوو دەخورایەوە .** |  |
| **دەرگا :**<br>**دارتاش لە تەپەدار و چەند پشتەوانەیەك بە بزماری فەرەنگی قایمدەکرا ،کونێك لە راست کلیل ودۆرە دەکرایەوە بۆ داخستنی ، دەرگای حەوشە دوو دەرگەی هەبوو ،بۆ ئەوەی دەوار بە بارەوە بگاتە حەوشە .** |  |

**دەزگای گۆپال :**

**دارێکی دوو لق لە زەوی قایم دەکرا دار کنێر ، بەلالوك ، کەووت تایبەت بوون بۆ گۆپاڵ دروستکردن لە ناو ئاگری گەرمدەکرا لەو دارەیان دەئالاند کەمەیەکی بازنەیی جوان و رێك لێدەردەچوو .**



**دەست چێنك :**

**چێنك لە چنین هاتیە ئەو دەست چێنکە بۆ چنینی میوە بەکاردەهات ، بۆ ماڵ دەیانهێنایەوە یان پڕ میوە دەکرا بە پەلکە دار دایاندەپۆشی بۆ دیاری رەوانە دەکرا .**




**دەستاڕ :**

**لە دوو تاکە بەرد پێکهاتیە ،تاکی بنەوە یەك کونی تێدایەو گەورەتر بوو،تاکی سەرەوە دوو کونی تێدایە کونی پەڕێ بۆ دەستکی دەستارە ، کونی ناوەندیٚ دانی دەکەنە تێداو بە یەك کەس یان دوو کەس دەیانسوڕاند**



| | |
|---|---|
| **دەستبەند :**<br>رستەیەکە ٢تا ٣مەتر درێژە ، شوان بەشەو کاتێ لەناو حەیوانی خۆی بخەوێت سەری رستەکەی لە ملی حەیوانێك دەکرد وسەری دیکەلە دەستی خۆی دەبەستێتەوە هەر کاتێ مێگەل بڕوات شوان بە هەشیاردەبێتەوە . |  |
| **دەستگر:**<br>پارچەقوماشێکە یان بە سامتونی ڕەنگاو ڕەنگ بە ئارەزووی خۆیان دەنەخشێنن کە بۆهەڵگرتنی مەنجەڵ و قاپ وکەوچکی گەرم بە کاردێت . |  |
| **دەستگر:**<br>دەست ڕەنگینی ئافرەتی کورد لە دروستکردنی ئەو دەستگرە دیارە چۆن دیزاینێکی بازنەیی جوان و سەرنجراکێشی دانایە بۆ تێکهەلکێشانی ڕەنگەکان . |  |

| | |
|---|---|
| **دەستکە جۆنی :** پێیان دەگۆت دەسکە چۆنی ، جۆنی ئامرازێکی کۆنی کوردەواریە بۆ کوتانی دانەوێلە و کونجی و قەزوان بەکاردەهات ، جۆنی بیَ دەستك کار ناکات . |  |
| **دەولك :** دەولك ئەو دەفرەیە( لاستیك یان کانزا ) بوو گوریس یان کندرێك پێوەیە بۆ هەڵکێشانی ئاو و خاوێن کردنەوەی بیری ئاوی دەستکۆل بەکاردێت. |  |
| **درونەی نۆك :** پاڵە لە تەنیشت یەك ڕادەوەستن لە سەری پەرێز بەرێك دادەبڕن دەست بە درونە دەکەن ، سوالە سوالە لە دوای خۆیان دادەنێن پاشان کۆدەکەنەوە تا بەرەکە تەواودەبێت کەمێك پشوو دەدەن و دەست پێدەکەنەوە . |  |

| | |
|---|---|
| **دنگ :**<br>**گەنم لە ناو مەنجەلی گەورە دەکولێنن دەبوو دانو ، لە سەر مالك رادێخن تاکو هیشك دەبێتەوە ، ئەوجە دەبرێتە دنگ دێتە کوتان و دەدرێتە بای توێکلەکەی لێ جودا دەبێتەوە ، دەیانهێڕا دەبوو ساوار .** |  |
| **دۆ : شیریان هێوێن دەکرد دەبوو ماست ، بەیانی زوو ماستەکەیان دەکردە ناو مەشکە لە گەل هەندی ئاوی سارد دەیانژاند ،سەرکە رونی دەکەفتێ ئەوەی دەماوە پێیان دەگۆت دۆ .** |  |
| **دۆرە :**<br>**کلیل و دۆرە لە پشت دەرگای لە لای ناوەوە لە تەنیشت کونی دەرگا دەبەسترا ،کلیل چەند پشکێکی هەبوو، لە داخستن دۆرە دەچوو ناو دیواری ، لەکونەکەی دەرگای دەستی خۆیان درێژ دەکردە تێدا بە کلیلی تایبەت دەرگا دەکرایەوە و هەروەها دەهاتە قەپات کردن** |  |

| | |
|---|---|
| **دورێشە :**<br>**مەتەل : ( دەستکی دارە سەری بە ئێشە ، کەرە فامکە دورێشە )**<br>**کاتی تێڕ و چادریان درومان دەکرد بە دوریشە کون دەکرا ئەنجا بە شوزن تەقەڵدەدرا .** |  |
| **دۆسە :**<br>**دارێکی چەماوەیە لە شێوەی بازنەیی یە هەردوو سەری دەبەستنەوە ، دۆسە لە زەنگولە گەورەترە لە ناوەندی نیر دەبەستنەوە مژانەی دەکەنە تێدا سەرمژانەی لە ناو کونێکی مژانە دەکەن و لێدەخورن .** |  |
| **دۆلکە :**<br>**بۆ ئاو هەلکێشانی دەستهەلێنج بە کار دەهات ، یان شتێکیان دەکردە تێدا بە دارە دوولقەکە لە جێگایەکی بڵند وەدەکرا هەچی لە ناو بایە پارێزراو بوو** |  |

| | |
|---|---|
| **دییلە :**<br>**هەویر دەکرێتە نانی تەنك بەو شێوەیە لولدەدەن لێك دەئالێنن پاشان دەخرێتە ناو رونی قرچاى سۆر دەكرێتەوە بە ماست و چایە دەخورێت .** |  |
| **دێدی :**<br>**دارتاش لە داری دروستیدەکرد لە شێوەی حەجۆلانەیە ، شوێنی نوستنیان نەرمدەکرد لە جیاتی لاندك مندالّی ساوایان تێدا دەخەواند دەیانجولاَندەوە، چارپێ و دوو دەستکی هەیە بە چنگالی لە داری سەرەوە گیرکرایە .** |  |
| **دیزە :**<br>**لە گلێنەی سۆرکرایەوە دروستدەکرا، پاشان ڕەنگی کەسکیان لێدەدا دوو قولپەی هەیە ، قەلیەی هیشکی سۆرکراوە یان رونی خۆمانییان تێدەکرد هەندێ جار ترشی تێدادەگیرایەوە ، سەرە قەپاغی تایبەتی خۆی هەیە .** |  |

| | |
|---|---|
| **دیزەی هەنگڤین :**<br>**لە شێوەی کوپەیە هەندێك گچکەترە ، سەرپۆش و دوو قولپەی هەیە ، لە کوردەواریدا هەنگڤین تێدا هەڵدەگیرا .لە هەندێ ناوچە پێی دەلێن گیتەلە ماستی تێدا هێوێن دەکەن .** |  |
| **دێمکە :**<br>**لە قایش یان چادر دروستدەکرا ، زیاتر لە وەرزی هاوین شوان و ورێنجبەر ئاوی خواردنەوە یان تێدەکرد ، بە تەنکێشی کەریان دەبەستەوە بۆ هەقار دەیانبرد ،چەند هەوا لێیبدابایە ئاوەکە زیاتر سارد دەبوو .** |  |
| **ڕبە :**<br>**لە پارێزگای هەولێر بەکاردێت بە شێوەی بازنەیی لە دار دروست کرایە بۆ پێوانی دەغل و دان بە کاردەهات یەك ڕبە: نزیکەی ٨هەشت بۆ ٩نۆ کیلۆیە، تەغار: شازدە ڕبەیە.** |   |

| | |
|---|---|
| **ڕبە :**<br>**یەک ڕبە : نزیکەی ٩نۆ کیلۆ دەبوو یەکسانە بە نیو تەنەکە**<br>**(ڕبە، ڕووبە، لە -ربع-وە هاتیە ، چوونکە ڕوبعێکی قاسناخە) ، دوو ڕبە : یەك تەنەکەیە ، واتانزیکەی ١٨ هەژدە کیلۆیە.** |  |
| **ڕەشکە :**<br>**موو بە تەشی دەهاتە ڕستن دەیانکردە گلۆلە ، دیسان داوی دوو گلۆلەیان پێکەوە دەیانڕستەوە دەبوو داوێکی ئەستور ، پاشان لە شێوەی تۆڕی ماسی دەیانچنی دەبوو ڕەشکە ، لە کوردەواریدا بۆ کا کێشان بەکار دەهات .** |  |
| **ڕەوڕەوە :**<br>**بۆ منداڵی تازە بکەونە سەرپێ بەکاردێت ، دەستەکانی بە هەردوو دەستکەکە دەگریت و هێدی هێدی لە گەڵ ڕەوڕەوەکە دەڕوات ترسی دەشکێت و فێرە ڕۆیشتن دەبێت .** |  |

**رستن و چنین :**

خوری و موویان دەرێست چەند گوڵفەیەکی ڕنگاو ڕنگیان دەکردە گلۆلە ، لە دەزگای چنین گلۆلەکانیان بە ویستی خۆیان رادەچنی ، ئەنجا داوی ڕەنگاو رەنگیان بە کەلێنی داوەکانی دەیانهێناو دەیاندەبرد دەبوو تەشکە بەڕ یان دەیانکردە پاشەزین ، سەر زین و کورتان.



**ركێفی زین :**

بە زین بەسترابۆوە دەکەوتە تەنکێشی هەسپ ، سوار پێی خۆی دەکردە ناو رکێف وەکو قادرمەیەك بە ئاسانی سواری هەسپ دەبوو .



**ڕنوك :**

هەندێ ناوچە پێیدەلێن هەپ یان کەرگێت ، ئافرەتی تەونکەر مافوریان پێدەکوتایەوە لە کۆتایی ڕێزی نەخشەکانیان دەکوتا جوان و خنج ڕادەوەستا .



| | |
|---|---|
| **رونی خۆمانی :**<br>**ماستیان دەکردە ناو مەشکە دەیانژاند فەریکە رون کەرە بە دەستدەهات هەندێ خۆیان لێدەدا هەڵدەگیرا زۆر دەیانکولاند ، پاشان رونەکە لە ناو هیزە هەلدەگیرا بۆ خواردنی رۆژانە بە کاردەهات .** |  |
| **زەنگوڵ :**<br>**شوان بەملی نێری یان بەرانی وەدەکرد ، دەنگێکی خۆشی لێدەهات ،بە شەوان حەیوان لە هەوێزێ بڕۆیشتبایە . دەنگی زەنگولی شوانی هەشیار دەکردەوە ، زەنگول ناوی جۆراو جۆری هەبوو .** |  |
| **زەنگوڵ :**<br>**لە کانزای زەرد دروستدەکرا ناوکەك تێدایە دەنگی دروستدەکرد ، بە قایشەکی پان بەسترایەوە لە ملی حەیوان دەکرا دەنگێکی خۆشی لێدەهات** |  |

**زەنگوڵە :**

گوریسی شەغرەی لە ناوەراستی شەغرە دەبەسترایەوە ، هەر لاو زەنگولەیەك بە کوریسی شەغرە وەبوو بو شداندنی قرشەی شەغرە بە کاردەهات .



**زین :**

لە سەر پشتی ئەسپ دادەنرێت سوارچاك لە سەری دادەنیشێت ، پێکهاتیە لە : لغاو دەکرێتە دەوی هەسپ ،دەستە جەلەو ، تەنگە ، پالو ، رێشمە ، ئاوزنگ ،قۆلتاغ ، پێست و دار ، رکێف.



**ساوار کوتان :**

بە تایبەتی بەشەوان خەلکی گوند هەرجار لە مالێك کۆدەبوونەوە بۆ مەبەستی ساوار کوتان ،کۆرتێکیان دروستدەکرد ساواریان تێدەکرد بە گۆرانی گۆتن بە کوتکی ساواریان دەکوتا .



| | |
|---|---|
| **ساوار کوڵاندن :**<br>گەنمی تایبەت بۆ داناشی بژار دەکەن و خاوین دەشۆنەوە لە ناو مەنجەلی ساوارکولانی دێتە کوڵاندن ،منداڵ دەورە لێدەدەن بۆ دانو دێن . |  |
| **سەرپۆش ( سفرتاس ) :**<br>ستڵی سەرپۆشی پێدەڵێن شلەمەنی و خواردنی تێدەکەن خاوێن و پارێزراو هەلدەگیرێت ، دەستك و قەپاغی هەیە بۆ هەڵگرتن و گواستنەوە ئاسانە . |  |
| **ستڵ یان دەولك :**<br>شتی شلە وەکو دۆشاو تەحین شیر تێدەکرا بەو ئامرازە بە ئاسانی دەکرایە ناو دەفرێکی دیکە بێ ئەوەی هیچی لێبرژێت . |  |

| | |
|---|---|
| **ستلّ :**<br>لە فافۆن دروستدەکرا دەستکی هەبوو بە تایبەتی بۆ دۆشینی مەڕ و چێل و بزن بەکاردەهات ، یان خواردنیان تێدەکرد بۆ ماڵە دراوسێکان ڕەوانەیان دەکرد . |  |
| **سمباریك :**<br>پێلاۆێکی ئافرەتانەیە دوو سمی تیژو باریکی هەبوو لە بەر هەندێ بە سمباریك ناو دەبرێت بوك لە پێیان دەکرد ، لە شاری حەلەب دروستدەکرا دەیانگۆتێ<br>پێلاوی حەلەبی . |  |
| **سمتراش :**<br>ئامێرێکی ناڵبەندیە ، ناڵبەند بەکاری دەهینا بۆ بڕینی سمی زیادەی دەواری یەك سمە تا لە ڕۆیشتن توشی سە تمە نەبێت دوایی ناڵیان دەکرد . |  |

| | |
|---|---|
|  | **سمتراش :**<br>**جۆرێکی تری سمتراشی نالبەندیە ، نالبەنج سمی زیادەی حەیوانی یەك سمەی پێ دەتراشی و ناو لە پی دەڕنی ئەوجە نالیکی پڕ بە سمی ولاغەکەی بە بزماری لە پێی ولاغەکە قایم دەکرد .** |
|  | **سندان :**<br>**ئامێرێکی ئاسنە پنیدۆز کاری لە سەر دەکات بە تایبەتی کاتی بزمار ڕیژی بنی پێلاویان دەکرد پنیدۆز کاری ڕۆژانەی لەسەر ئەو سندانە ئە نجامدەدا .** |
|  | **سندم :**<br>**زنجیرێکە لە هەردوو سەری دوو نیو بازنەی ئاسن پێوەیە هەردوو پەلی پێشەوەی ماین و هەسپ پێ دەبەسترایەوە ، بۆ ئەوەی لە هەقاری ئاواهی گوندەکەیان دوور نەکەویتەوە** |

**سندوق :**

**له بادینان قەنسۆری پێدەڵێن ،کوردوکارەی خۆمان پێیان دەگۆت کەنتۆر ، بۆ بوك دەكرا پێشەوەی جام بوو نەخشی جوان له سەر دەكێشرا ، جلك تێدەكراو نوین له سەر دادەنرا.**



**سواله :**

**پاله یان سەپان دورنەی دەكات سوالان له دوای خۆی بەردەداتەوە ،كەسێك یان چەند كەسێك سوالەكان كۆدەكەنەوە پێیان دەڵێن مەلۆكێش یان تێلەكێش سوالەكان بە جوانی له سەر یەك دادەنێن پێی دەڵێن گیشه ، ئەو دان عەمرە سوالەكان كۆدەكاتەوە سەریەك .**



| | |
|---|---|
| **سۆپەی دار :**<br>زستانان سۆپەی دار لە ناوەندی خانی دانیشتن دادەمەزرێنن دار یان ئاگوردیان دەکردە ناوی، بۆریەك پێوەیە لە سەقفی خانی بوو دوکەلەکەی دەبردە دەرەوە ،لە رۆژی سارد ئەندامانی خێزان لە دەورەی دادەنیشن خۆیان گەرم دەکردەوە. |  |
| **سولەحی :**<br>ئامرازێکە لە کوردەواریدا کەسێك کەیفی بە خۆ بهاتبایە وەکو کەرەستەکی حەنتیکە بۆ جوانی لە ناو ماڵیان دادەنا ، لە کاتی مێوان بهاتبایە شلەمەنیان تێدەکردو پێشکێشیان دەکرد |  |
| **سێ پێچکە :**<br>هەر شتێك لە سەر سێ پێیان رابوەستی دەڵێن سێ پێ یان سێ پا ، ئەو پارچە ئاسنە سێ پێی هەیە ئاگر لە بن دەکرێتەوە بۆ کولاندن و برژاندنی خواردن . |  |

| | |
|---|---|
| **سێرێزکە :**<br>یاریەکی کوردەواری مندالآنە ، دوو کەس یاری دەکات هەریەکە سێ بەردی ڕەنگ جودایان بە کار دەهێنا ،کام لا بشێت بەردی خۆی بکاتە یەك ڕێز ئەو کەس براوەیە . |  |
| **شەغەلە مێش :**<br>لە بەهار بە تایبەتی لە مانگی گولآن مێش هەنگێن لە حەلە مێشی سەرەکی کۆمەلەیەك جودا دەبوونەوە شەغەلەی دەدا ،یان پێی دەلێن شولخە ، بڕیاری ژیانی سەربەخۆیان دەدا ، خاوەنی دەیگرتەوە . |  |
| **شەکرشکێن :**<br>چەکوشێکی ئاسنی بچکۆلەیە ، لە گەل کۆتکی شەکری دادەنرا، شەکرشکێن بۆ پارچە پارچە کردنی کەللەی شەکر یان قالبە قەند بە کاردەهات بۆ پارچە پارچە کردنی . |  |

<table>
<tr>
<td>

**شەغرە :**

دوو داری هەندی یەك نیمچە قۆقز بایە پەسندتربوو ،دارتاش بە درێژی شەقیانی دەکرد دەبوو چارپارچە دار، چەند کونێك لێدەکرا ، داری سەرەوە ناوی چیوچیوە بوو هەرچار سەری لێکدەبەستەوە ، قادەو بەنقادەو زەنگولە و گوریسێکی درێژ پێوەبوو ، لەسەر پشتی دەوار دادەنرا بۆ قرشە کێشان بەکاردەهات .

</td>
<td></td>
</tr>
<tr>
<td>

**شەنەبا :**

جۆخین دەکوترا بای شەماڵ بهاتبایە بە شەنەی دار رەخیسەکەیان شەنە با دەکرد کا دەکەوتە لایەك گەنمی سۆر سەری هەڵدەدا دەبوو جێزە ، جێزەکە بە سەرەدو بێژینگ خاوێن دەکرایەوە گەنمێکی سۆر و جوانیان دەبردەوە ماڵ ، بنە تۆ و داناش و باراشی خۆیان لێهەڵدەگرت.

</td>
<td></td>
</tr>
</table>

| | |
|---|---|
| **شەنەی دار :**<br>هەفت نوك و نۆ نوكیان هەبوو یان ٧گۆ و ٩گۆی پێدەگۆترا ،وەستا بە سیرمەی نوكەكانی بە دار شەنە دەبەستاوە ، لە هوردە كوت و رەخیس و شەنەبا بەكاردەهات . |  |
| **شەنەی ئاسن :**<br>چار گۆ یان چار سەرە ئاسنی نوك تیژی هەبوو ، ملە ئاسنێكی پێوەبوو دارێكی دەستك درێژیان دەكردە ناو ملی شەنە ئاسنەكە قایم دەكرا زیاتر بۆ كاری بنكۆل كردنی قرشەكوت و پەڕناوی جۆخینان بە كاردەهات . | <br> |
| **شەی موو :**<br>شانەی موو ، پیش رستن موو یان خوری لە شانەیان دەدا تاوەكو خاو ببێتەوە و تیسك تیسك رابوەستایە بۆ ڕستن ئاسان و خۆشتر دەبوو. |  |

**شلکێنە :**

هەویرێکی شل درستدەکەن بە ئەسکو دەخرێتە سەر پشتی سێل تاکو ببرژێت هوردیان دەکرد رون و هێلکە یان تێدەکرد دەبوو تێچێنە ئینجا دەخورا. یان هورد دەکرێتە ناو دۆشاو یان هەنقینی وەکو تێچێنە دەیانخوارد، جەمێکی بەتام و بە لەزەت بوو .



**شووشەی نەفت :**

تاکو ساڵی شیستەکان خەلك بە شووشە نەفتی دەکڕی تەنها بۆ چراو فانۆسی بەکاردەهات .

دێوەرە ئەو کەسەی لە سەر پشتی کەری بەقالی دەکرد ، دێوەرە دوو تەنەکە نەفتی لە کەرێ باردەکرد ١٠ دە گوندی دەکرد بۆ نموونە رێزە گوندی بەربنی لە شیوەڕێ تا ناحیەی دارەتوو یاالله خەرج بایە .



| | |
|---|---|
| **شوینگ :**<br>دارێکی بتەوی پڕ لەپە ، ئافرەت خوری دەبردە سەر روبار یان کانی گوندی دەیاندا بەر شوینکان تاکو خاوێن ببێتەوە ، هەروەها بۆ شوشتنی جلوبەرگی بە قرێژ بەکاردێت . |  |
| **چاوزار :**<br>لە ئاینی ئیسلام ( حسد )چاوزار یان چاوپیسی ئاماژە پێدرایە هەندێ کەس کاریگەری لە سەر دەوروبەری خۆی هەیە ، بۆیە لە کوردەواری لەپکە شینە بە خانو و سیارە و منداڵ وەدەکەن بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لە چاو پیسی . |  |
| **چەغماغ :**<br>دوای بەرد و ئەستێ ، چەغماغ پەیدابوو ، لە سەر پاکەتی توتنی جەمهوری دانرایە ، نەفت دەکرا تێدا بە بەرد وچەرخ ئاگری هەڵدەگیرسا |  |


**چەرخ :**

کانزایەکی لولەییە فتیلێکی لۆکەیی درێژ کرایتە تێدا ، سەرەکەی چەرخێك و بەردەچەرخێك لە راست فتیلەکەیە بە پەنجەی گەورەی دەست دەسورێنن چروسکە ئاگر دەدات فتیلەکە گڕ دەگریت



**چرپە ، سواق :**

هەر ساڵێك یان دوو ساڵ جارێك قورێکی بەکا دەکەن رۆژی پاشتر خۆشدەکەنەوە دیواری خانی خۆل لە بەر باران بارین بە قوڕ دەچرپێنن یان سواق دەدەن تاکو دیوار دانەخورێت و پارێزراو بێت .



**چنگاڵ :**

ئاسنێکی تیژی سەرچەماوە دەستکی هەیە کەسی بارهەڵگر( حەماڵ) بەو ئامرازە فەردەی پڕیان راستدەکردەوە بە دەستبار دەیانخستە سەر پشتی یەکتر لە لۆریان باردەکرد .



| | |
|---|---|
| **گا سن :**<br>**بە زمانەی سەرکە هەنجار قایم دەکرێت دەچیتە ناو خۆل بۆ کێلاّنی زەوی بەکاردەهات ، گاسنی یەك شاخ و دوو شاخ هەبوو . دوو شاخ گەورەتر بوو بە هەنجاری جۆتکردنی گا و هێستر دەبەسترا .** |  |
| **گرك :**<br>**دوو تەپە داری ئەستوری بازنەیی لە سەر یەك دادەنێن لە شێوەی دەستارە ، بۆ سپی کردنی برنج لە پەلکی چەلتوك بە کاردەهات، پاشان دەدرا هەوای خاوێن دەکرایەوە .** |  |
| **گرواندن ، کەولکردن :**<br>**دوای کوشتنەوەی حەیوان ، کەسێکی شارەزاو بە دەست و برد هەڵدەستێت بە گرواندنی کەولی کوشتەکە ، پەند (گا گروایە کلکی مایە ) .** |  |

**گزمك ، بزمك :**

**دارێکە هەردوو سەری بە تاوە بەن بەسترایتەوە ، دەکرێتە ناو دەوی ئەو کارەی گەورە بیەو هێشتا هەر شیری دایکی دەمژێت بەم ڕێگایە ناتوانێت گوانی دایکی بمژێت ،دەشێت بچەرێت و ئاو بخواتەوە .**



**گوریس :**

**ئەو ئافرەتە کوردە لە گلۆلە بەنی موو و خوری تێکەلدەکرا گوریس و کەژی و بەنقادە دروستدەکات ، لێرە لە ریسی موو گوریس دروستدەکات بۆ کاروباری ڕۆژانەی کاری کشتوکاڵی بە کار دەهات .**



**گوریس :**

**ئەو جۆرە گوریسە ئەستورو درێژە تایبەت بوو بۆ شەغرە یان بە گوریسی شەغرە ناو دەبرا ، قرشەیان لە شەغرە بار دەکرد بەو گوریسە توند دەبەسترایەوە قرشەکەیان دەگەیاندە جۆخینان .**



**گۆزەی کەسك :**

لە زۆربەی ماڵەکان هەبوو ، قەلیەی هیشك ، روونی خۆمانی ، هەنگڤین و دۆشاو تێدەکرا ، سەرپۆشی تایبەتی هەبوو یان بە پەرۆیەك سەریان دەبەستاوە



**گوشمە :**


خواردنێکی بە تام و بە ناوبانگی کوردەوارییە ، پێکهاتییە لە کاکلە گوێزو قەزوان و مێوژ خورما بە هاون یان جۆنی پێکەوە دەیانکوتا خۆی لێکدەدا دەبوو قالبە شیرینیەکی بەتام ، زستان وەکو شەو چەرە دەخورا .



**گوڵتە :**

سەرکە دارێکی توندی قایمە دەخرێتە نێوان ئەستونە و کاریتە ، یەك یان دوو کاریتەیان لە سەر درێژ دەکرد بۆ ئاوەدانکردنی خانی .



| | |
|---|---|
| **عەلبە :**<br>عەلبە لە تەختە دار دروست دەكرا، يەك ١ عەلبە- = ١يەك ڕبە-. ٣ سێ فترە = يەك عەلبەيە ٢ دوو عەلبە = يەك ١ وەزنە ، ٢٠بيست عەلبە = يەك ١ تەغار، يەك ١ قەزناخ =دوو ٢ وەزنەيە . |  |
| **فانۆس :**<br>پێش هاتنی تەزوی كارەبا منداڵ بووین ، لەبەر ڕۆناهی فانۆس دەمانخوێند ، هەندێ جار سەرمان لێنزيك دەبوو قاقولمان هەڵدەكزرا ، دەبێ ڕۆژانە شووشەی پاككرابايەوە و نەفت تێبكرابايە |  |
| **فەلاقە :**<br>ئامێری خەساندنی نێرینەیە (هەسپ ، هێستر ، نێرەكەر، گا )<br>گونی دەوارەكەيان شەق دەكرد دەماری كوئەندامی سێكسيان دەپساند ئەو ئاژەلە لە كاری سێكسی دەكەوت بە تەنها دەبوو. |  |

**فترە :**

**قاپێکە بە ئەندازەیەکی دیاریکراو لە سفر دروستدەکرا ، بۆ یەکەی پێوانە بەکاردەهات**
**فترە ٣سێ گۆڵە گە نمی دەگرت ، یەك عەلبە سێ فترە گەنم دەگرێت .**



**فڕفڕۆك ( مزراح ) :**

**یان پێیان دەگۆت مسراح ، مزراع ، لە شێوەی قوچەکە قەیتانێکی درێژ پێوەیە لێدەئالێنن تێهەلدەدەنە سەر زەوی داوەکە رادەکێشن گۆیەکە دەسوڕێت .**



**فڕفرۆك :**

**وەستای دەست ڕنگین بە داری دروستیان دەکرد دەنەخشێنرا ، منداڵ دەیانکڕی بە هێزی پە نجەکانیان لە ناوسێنی یان لە سەر زەوی دەیانسوڕاند .**



**فرۆ :**

لە دوای لە دایك بوونی شیردەرەکان ، سێ رۆژان شیرەکەی نابێتە ماست پێی دەلێن فرۆ ، زۆر بە سوودە بۆ فەرخەکەی دژە تەنەکانی تێدایە .



**فێنك کەرەوە ( سەلاجە ) :**

پێش هاتنی تەزوی کارەبا خەلکی لە جیاتی سلاجە ئەو سوندقەیان بەکار دەهینا دوو بەلوعەی هەبوو ، چاریەکە بەفریان لە ناو دادەنا لایەك بۆ ئاوی خواردنەوە بوو، لایەکەی دیکە خواردنیان تێدا هەلدەگرت تاوەکو خراپ نەبێت .



**قادە :**

دارێکی چەماوەیە بە بەندقادە یان شریتێك بە هەردوو سەری قادەو پێچکەی شەغرەی بەسترایتەوە ، قرشەی دەکەنە تێدا بە گوریس دەبەستنەوە دەگوازنەوە بۆ جۆخینان ..



| | |
|---|---|
| **قاچانێ :**<br>یاریەکیەکە لە پێنج بەرد پێکهاتیە ، بەردەکان لەسەر پشتی دەست دادەنێت بە ناو لەپ دەگرتەوە ، پاشان بەردێك بەرز دەکاتەوە ئەوانەی لە سەر عەرد خڕدەکاتەوە . |  |
| **قالبی لبن :**<br>یەك قالب بەتنێ و دوو قالبی پێکەوە هەبوو ، رێنجبەر شێلە قوڕی گەورەی دەکرد بۆ رۆژی پاشتر دەوری دەدایەوە ، یەك کەس قوڕی دەکێشا دیانکردە ناو ئەو قالبە لبن ، دواتر کە لبنیان دەبڕی دەکرا خانی . |  |
| **قالبی لبن :**<br>لە چار تەختە داری رێك لە شێوەی لاکێشەیی دروستدەکرا بە بزمارو تۆقە توند دەکرا ، شێلە قوڕیان دەکرد بەیانی زوو هەلدەستان بەو قالبەی لبنیان پێ دەبڕی ، |  |

| | |
|---|---|
| **قامکی دەست :**<br>**ناوەکانی تپلی دەست (قلینچە ، بابە لینچکە ، دۆلە درێژە ، شادە نوێژە ، سپیّ کوژە) ، لە باکوری کوردستان دەلێن (قلیجان ، بەلیجان ، سەرتلی ، نیشانەك ، بەرانەك ).**<br>**لە بەشی کۆتایی باسی لێوەکرایە .** |  |
| **قانون :**<br>**ئامێرێکی دەنگیە، قورسێکی هەبوو لە شێوەی سیدی ئێستا گەورەتر بوو دەنگی گۆرانیبێژەکانی رەسەن لە سەر تۆمار کرابوون لەبەر دادەنیشتن گوێبیستی دەنگی گۆرانی بێژەکانی کورد دەبوون ،** |  |
| **قاوەهێر :**<br>**کەسێك کەیفی بە ناودەنگی خۆی بهاتبایە ئەو ئامێرەی لە دیوەخانیّ دادەنا ، دەزگایەکی هێڕانە لە مالە دەولەمەندەکان هەبوو بۆ هێران و هوردکردنی قاوەی برژای بەکار دەهات .** |  |

| | |
|---|---|
| **قه پان :**<br>ئامێرێکی کۆنی کوردەواری کێشانە ، بۆباری قورس وەکو کێشانی فەردە ولەنگە بە کاردەهات، بە دارێك هەلواسرابوو دوو کەس لەسەر مڵی خۆیان دادەنا و کەسی سێیەم هەژماری دەکرد و ژمارەکان لای خۆی تۆماردەکرد و کۆدەکرایەوە. |  |
| **قه پان :**<br>ئەو جۆرە قه پانە هەستیار بوو بە گرام هەژماری دەکرد ، بۆ کێشانی شتی کەم لە ١٠کغم تا زیاتر لە ١٠٠ کغم بەکاردەهات بە ئاسنێك هەلواسرابوو . |  |
| **قەرتالە :**<br>دوو قەرتالەی گەورەی قەبارە یەکسان پێکەوە دەبەسترانەوە لەسەر پشتی دەوارێك قایم دەکرا، میوە و سەوزەواتیان تێدەکرد دەیانگواستەوە بۆ ماڵ یان لە بازار دەیانفرۆشت . |  |

| | |
|---|---|
| **قەرتالە :**<br>لە شووی لقە داری بی تەڕی باریك لە لایەن کەسی شارەزا دروستدەکرا ، هەندێ قەرتالە دەستکی هەبوو ئافرەت لەماڵ بەکاری دەهێنا بۆ فڕێدانی پاشەڕۆکی حەیوان . |  |
| **قەرتالەی هەنگ ، خەلێف :**<br>لە شووی دار بی دروستدەکرا ، ریخیان پێ هەلدەسوو تاوەکو زستانان گەرم دەبوو ، لە بەهاران کاتی شولخە دانی میش هەنگڤین شەغەلەکەیان دەکردە ناو ئەو قەرتالەیە . |  |
| **قەڕناوقوجە :**<br>باڵندەیەکی کۆچبەرە لە مالان بە قوڕێ هێلانەی دروستدەکات ناوەکانی : سیپسنەك ، بلیسرك ، پەلە چیوە ، باڵ خەنجەرە، عەبا ڕەشکە ، باڵ مقەستی ، قاروچغ ، حاجی رەشکە ، هەچنچك، پایزگەرد ، زیقاوە ، پەڕەسێلکە. |  |


| | |
|---|---|
| **قەفەسی کەو :**<br>ئەو قەفەسە کەو تێدەکرێت دەییەن بۆ شوێنی شەڕەکەو، یان ڕاوچییەکان کەوێکی تێدەکەنە لە چۆڵێ دەخوێنێ بۆ ڕاوکردنی کەوی کیوی بە کاردێت . |  |
| **قەلانگ :**<br>لە شیشی ئاسن پێکهاتیە دەسکی دارە ، لە دروونە کردن مەلۆکێش بە کاری دەهینا سوالەی دروونەی پێ خڕدەکردەوە، مەلۆ کێش سوالەکانی لە یەك شوێن کۆدەکردەوە پێیاندەگۆت گیشە |  |
| **قەڵەخەرمان :**<br>گوڵە گە نمی فەریك کۆدەکەنەوە لە هەقار بە ئاگردەسوتێنن تێکوەردەدەن ، پاشان دەکوتن دەدرێتە بای ، دانەکەی دەبرێتە ئاش دەهێڕن ، دەهێننەوە ماڵ وەکو ساوار دەکولێنن لە گەڵ گۆشت هەفت تامان دەدەات . |  |

| | |
|---|---|
| **قەلون :**<br>**گلێنەی سۆرکرایەوە ڕەنگ دەکرا تووتن تێدەکرا ، پۆلە ئاگریان لە سەر دادەنا ، کلکی دووبەدەر بوو قومیان لێدەداو دوکەلەکەیان هەڵدەمژی لە جیاتی جگارە کێشانی ئێستا .** |  |
| **قەڵی سێل :**<br>**گۆشتیان هورد دەکرد دەیان کردە ناو سێل تەماتەو پیاز و بەهاراتیان تێدەکرد، ئاگریان لە بن دەکردەوە هەر بە چەوری خۆی جوان دوکولاو سۆر دەبۆوە .** |  |
| **قەمیش :**<br>**ئەو ئامێرە لە قامیش یان دار دروستدەکرا کاتی منداڵیان دەکردە ناو لاندك لە ئەندامی میزکردنیان فایم دەکرد میزەکە بە ڕێگای ئەو لولەیە دەچوو ناو دەفرێك پێیان دەگۆت گۆسکەی میز بە لاندك قایمکرابوو .** |  |

| | |
|---|---|
| **قەنتەرە :**<br>**ئەو خانیە لە ناحیەی دارەتووە دوو نهۆمە یان دەیان گۆت دووتەبەق ، دەرگای حەوشەیان دوو دەرگەییە بۆ ئەوەی دەوار بە بارەوە بچێتە حەوشە ، ناو دەرگای حەوشە پێی دەڵێن قەنتەرە .** |  |
| **قەنسۆر:**<br>**لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەو جۆرە سندوقانە بۆ بووك دروستدەکرا کەلوپەلی خۆی تێدەکردو نوینی خۆی لە سەر دەقدەدا ،لە جیاتی تەخمی ئێستا بوو .** |  |
| **قەیناغ :**<br>**بەرێ لە پێست دروستدەکرا کلکەك پێوەبوو ، پاشان لە تەنەکە چێکرا دەیانکردە پەنجەکانی دەستی چەپ تاکو داس ئەنگوستەکانی نەبڕێت ولە دڕك پارێزراوبێت.** |  |

**قرشە خڕکردنەوە :**

**لە ناو پەرێزیٚ بە شەنە قرشەیان دەکردە کۆمەل کۆمەلی بچوك خڕیان دەکردەوە دەخرا سەر مەرش پڕ دەبوو دەوار رایدەکێشا بۆ سەر کۆمەلی گەورە ، پاشان بە مەکینەی کاکوتان دەیانکرد بە کا .**



**قۆدیلکە :**

**ئافرەت دروستیان دەکرد هووردە والەی مالیٚ تاییەت بە ئافرەتان وەکو کلیل ، زێڕو زیوی بەردەست ،قولابە ، بۆن تێدەکرا بەردەوام لەبەر چاویان بوو .**



**قوڕ پەست ( قوڕەبان ):**

**دوای دروستکردنی خانی ئاخەبان کاریتەو شەقلەو هەلاش و قرشە لە سەردادەنرا ، خۆلەبانیان دەکرد دوای خۆلەبان قوڕ پەست دەکرا تا دلۆپە نەکات .**



| | |
|---|---|
| **قۆری :**<br>جۆرە قۆریەکی کانزایی کەونە ،دەستك و قەپاغ و لوولەی هەیە، لە سەر ئاگریان دادەنا ، قاوە وچایەیان تێدا دەکولاند ، |  |
| **قۆری شوان :**<br>شوان قۆریەکی تایبەتی هەبوو بۆ چایە لێنان و شیر گەرمکردن،لە مالان ئەگەر لە یەك قۆری چایەی تێبکولێنن یەك ڕەنگە ناکەنە دوو ئاوی ، دەلێن قۆریەی شوانی یە چایەتان یەك ئاوەیە . |  |
| **کاتژمێری بەیرە:**<br>کاتژمێری دەست و دیوارو باخەل هەیە ، کیفکی تایبەتی هەبوو پیاو بە زنجیرێك لە بەرچێلی خۆی دەبەستەوە .ئەو کاتژمێرە تایبەت بوو بە پیاوی دانعەمرلە ناو سەر بەیرەی کورتەکی خۆی هەڵدەگرت . |  |

| | |
|---|---|
| **کاکوتان**<br>دوای دروونەی دەڕاسە قرشەی پەرێزیٚ دەکرا کۆمەلێکی گەورە مەکینەی کاکوتانیان دەهینا کۆمەلە قرشەکەیان دەکردە کا بۆ ئاژەلەکانیان . |  |
| **کەژی :**<br>لە موو و خوری دوروستدەکرا دەبوو دوو ڕەنگی بەقەدناولەپێك پانە ، ئافرەتی شارەزا دەیان هۆندەوە ، بۆ ناو تەنگەی ولاغان بە کاردەهات پان بوو تاوەکو بن زگی ولاغی بریندار نەکات ، |  |
| **کەشك :**<br>دۆی ناو مەشکەیان لە ناو جاغیٚ دەکرد تاکو تیر دەبوو لە بەر ڕۆژیان دادەنا کەشکەکە هیشك دەبوو ، هەندیٚ کابان ماستیان تیر دەکرد و دەیان کرد بە کەشك بۆ زستانیٚ . |  |

**کەلبەتان :**

**کەلبەتان یان گاز ئامرازێکی پێویستی ناوماڵە . کاری دەستیان پێ ئەنجامدەدا تێلی ئاسنی دەبڕاند و بزماریان پێ ڕادەکێشا .**



**کەلەخ :**

**یان پێی دەڵێن جەو یان قاچی ئامێرێکی کۆنی کوردەواریە لە دوو پارچە پێکهاتیە ، هەردوو لای تیژە ، بۆ بڕینەوەی خوری مەڕ یان مووی بزن بەکاردەهات ، ساڵێ جارەك لە مانگی نیسانێ حەیوانیان دەبڕیەوە .**



**کەڵەی قەند :**

**بەرێ کەللەی تەورێزی و کەللەی خەیام هەبوون لە کارگە خۆمالیەکان دروستدەکرا ، بە شەکر شکێن لە ناو کوتك پارچە پارچە دەکرا ، وەکو کەلبە شەکر بە چای دیشلەمە .**



| | |
|---|---|
| **کەنتۆری نەخشداری کەون :**<br>پێیان دەگۆت قەنسۆر لە دەڤەری گۆرانەتی دەیانگۆت دەچینە موسل قەنسۆرەکێ بۆ بووکێ بە ڕادان دەدەین ، بووك ماڵێ وحاڵێ خۆی تێدەکرد ، دەرگاکانی شوشە بوو بە گول و باڵندە دەنەخشێنرا. |  |
| **کەوچکی دار :**<br>لە دار دروستدەکرا بە تایبەتی دار گوێز . لە بەرێ زۆربەی مالەکان کەوچکی داری تێدا هەبوو ،خواردنیان پێدەخوارد دەوی مرۆڤی نەدەسوتاند . |  |
| **کل و کلدان و کلچیو :**<br>کلدان لە پیستەی حەیوانی چێدەکرا، پەڕۆیەکی نەخشینیان پێدەدوریەوە کلیان تێدەکرد ،کلچیو ئەو دارەیە لە ناو کلیان وەردەدا و چاوی خۆیان پێ ڕەش دەکرد ، کوڕان بۆ دەستگیرانیان دەیانکردبە دیاری |  |

| | |
|---|---|
| **کلاَو :**<br>ئافرەتی کورد لە باتیسقەی سپی و سامتونی ڕەنگاو ڕەنگ دروستیان دەکرد ،سەرەتا بە قەلەم دار نەخەشیان لە سەر پەڕۆیەکە دەکرد، پاشان بە دڵی خۆیان بە ڕەنگی سامتونی گونجاو بە دەرزی دیاندووری . |  |
| **کڵاوی بە نەخش :**<br>ئەو پیاوەی سەرو جەمەدانی دەبەست پێویستی بە کڵاو بوو بە تایبەتی جاحێڵەکان کڵاوی نەخشداریان لە سەر دەکرد . |  |
| **کڵاوی منداڵان :**<br>کڵاوێکی سادە لە قوماشی دروستدەکرا ، زرەو پۆلیەی زیو یان کانزای زەرد و مۆریان بە شێوەیەکی جوان پێوە دەکرد ، لە یادو بۆنەکان منداڵان لە سەری خۆیاندەکرد |  |

| | |
|---|---|
| **کلیۆم ، کەلا ، تەبەل ، مات :**<br>**منداڵان یارییان پێ دەکرد وەکو یاری : جغزانێ ، مەناشانێ ، کەت و جۆتانێ ، بەردانەوە . هاویشتنی سەر دەست و سەر عەرد ،گوکێشکانی هتد... .** |  |
| **کوتك :**<br>**قەدە دارێکی ئەستوور بە مشاری سەرو بنیان بە خنجی دەبڕی ، بڵندی بە ئارەزوی خۆیان دیاریان دەکرد ، لە کاتی خۆ شوشتن یان کارکردنی لە جێوە لە سەر دادەنیشتن ، یان قەساب گۆشتیان لەسەر هورد دەکرد .** |  |
| **کۆتك :**<br>**لە داری دروستدەکرێت ، بەرێ کەللەی شەکری خەیام و تەورێزیان بە شەکر شکێنی لە ناو ئەو کۆتکە پارچە پارچە دەکرد ، وەکو دیشلەمە بە چایە دەخورا .** |  |

| | |
|---|---|
| **کودی مەلەوان :**<br>**پەلکی توندو قایم و ناوی خلۆرە ، بە یەکەوەیان دەبەستاوە کەسانی نا مەلەوان لە بن هەنگلی خۆیان دادەنا دەچوونە ناو ئاو بۆ مەلەوانی کردن یان ئاویان پێ دەکێشا .** |  |
| **کورتان دور :**<br>**لە ناو کوردەواری کەسی شارەزا هەبوو کورتانی دروست دەکرد ، پووش یان قرشەی دەکردە تێدا لە سەر پشتی دەواریان دادەنا و باریان لێباردەکرد، تاوەکو پشتیان بریندار نەبێت .** |  |
| **کۆرپەتە :**<br>**کەونە لباد یان پووشیان لوول دەدا پارچە چەرمیان لێدەئالاند دەیاندووریەوە لە سەر بن جلی سەر ملی دەواریان قایم دەکرد نیریان لە سەر دادەنا و قایم دەکرا لە جۆت و جە نجەر بەکاردەهات .** |  |

**کۆفك :**

سەرێکی گەورەو ملێکی باریکی لە بنەوە پێوەلکابوو ، لە ژوورەوە سەفینکی هەبوو کابان کاتی دۆی بکردابایە ناو دۆدانێ یان بێریوان شیری بکردابایە ناو شیرمەشکێ کۆفك بەکاردەهات تاکو نەڕژێتن .



**کۆل :**

دارێکی ناوخلۆرە هەردوو سەریان دەگرت ، ئاژەڵدارەکان لە نێزیك بیر دایاندەنا ئاویان تێدەکرد حەیوانی خۆیان لەسەر ئەو کۆلە ئاودەدا.

ئەو منداڵە تێنی بووە لە ئاوی کۆل ئاو دەخواتەوە .




**کۆلیت :**

خانوویەکی بچوکە ، لە وەرزی زستاندا شوێنی داکردنی پەلەوەرە ، چەند دەلاقەیەکی تێدایە تایبەتە بۆ مریشك تا هێلکەی خۆی تێدابکات .



**کوندە :**

پێستەی حەیوانیان بە جفت و پەلکە هەنار خۆش دەکرد ، ئاوی پێدەکێشن یان هاوینان ئاویان تێدەکرد بۆ پالاَن دیانبردە سەرپەرێزیَ .



**کوندەلاَن :**

خانیەکی بچکۆلەیە ناوەراستی بە چە پەر دەکرێتە دوو قات بەربەنسار دروستدەکرا هێواران کوندە و جەڕکەکانیان پڕ ئاودەکرد لە گەل دۆدان لەسەر چە پەرەکە رێزدەکران .




**کێش و قە پان :**

ئەوە شێوەیەکی تری ئامێری قەپانە بۆ کێشانی دانەوێلەو کەلوپەلی تر لە بازاری کڕین و فرۆتن بەکار دەهات .



| | |
|---|---|
| **کێلان وخەنجەر:**<br>خەنجەر هەردوو لای تیژە بە روتی هەڵناگیرێت ، شوێنی تایبەتی خۆی هەیە پێی دەڵێن کێلان ، ئەگەر خەنجەر لە ناو کێلان بێت واتە نیشانەی ئاشتییە ، خەنجەر لە کایە واتە خەنجەر لە شەڕە. |  |
| **کێلۆن :**<br>دوای کلیل و دۆرە کلیل و کێلۆنی کانزا پەیدابوو لە پشتی لای ناوەی دەرگا بە بورغی یان بزمار دەبەسترا زمانەکی هەبوو دەچوو ناو دۆرەی دەرگا بە کلیلی تایبەتی خۆی دەکرایەوە . |  |
| **لاپویتە :**<br>پارچە ئاسنێکی بچکۆلەیە ملی هەیە دارێکی درێژی لێقایم دەکرا، جۆتیار بۆ پاککردنەوەی گاسنی هەنجار بەکاری دەهینا ،سەری دیکە بزمارێك پێوەیە پیی دەڵێن نقیزە بۆ لێخوڕینی دەوار . |  |

| | |
|---|---|
| **لبن :**<br>**شێلە قوڕ دەکرا قرشەو کەونە کایان تێدەکرد ، بۆ رۆژی پاشتر دەوریان دەدایەوە دەبوو قوڕێکی لێکدراو ئەنجا لە قالبیان دەکرد لەبەر رۆژ هیشکدەراوە پێیان دەگۆت لبن ، دیواری خانوویان پێ دروست دەکرد .** |  |
| **لەپکە شینە :**<br>**جۆری زۆریان هەیە بۆ چاوزار بەکاردێت جۆرێکیان بە خانوو یان سیارە وەدەکرێت.جۆرێکی تر هەیە بە ناوچەوانی هەسپ و ماین وەدەکرا ، ئەو جۆرە لەپکە شینە زیاتر بە لاندکی منداڵی ساوا دەخرا .** |  |
| **لغاو :**<br>**زین و لغاو ، لغاو پارچە ئاسنێکی بازنەیە دەکرێتە ناو دەوی هەسپ و ماین دوو ڕستە بەن پێوەیە لە دەستی سوارە ،کونترولی هەسپ و ماین دەکات لە کاتی لێخوڕیندا .** |  |

| | |
|---|---|
| **لیس :**<br>**ناوی ئەو شوێنەیە هاوینان پەلەوەر لە سەر دارێکی کەمێك بەرز بە هێواران بەرێزە لە سەر دارێك یان دیوارێکی بەرز دادەوردن لە نزیك یەکتر دەنووستن .** |  |
| **ماشە :**<br>**ئاسنێکی پانی چەماوەیە بۆ گواستنەوەی پەلی ئاگر و تێکدانی ئاگردان بەکار دێت . پەند : ( هەتا ماشە هەیە دەست ناوێ پەڵی ئاگری ) .** |  |
| **مالکێش :**<br>**ئاسنێکی پانە شوێنی دەستکی داری هەیە لێ قایمدەکەن ، دوو ئەلقەی پێوەیە گوریسی لێدەشدێنن ، دوو کەسی دەوێت کەسێك دەستکی دەگریت کەسی دیکە رادەکێشێت ،بۆ چێکردنی مالکی شینایی بەکاردێت .** |  |

| | |
|---|---|
| **مەسینەی سفر :**<br>**چەند ناوێکی هەیە: کەمۆڵە ، ئافتاو،ئینە، ، لوولێنە، مەسینە لە مز دروستدەکرا ، ڕەنگە مێژووی بۆ سەردەمی دۆزینەوەی مز بگەڕێتەوە، بۆ دەستاوهەڵگرتن بە کاردەهات.** |  |
| **مەکینەی بڕینەوە :**<br>**بەرێ بە کەلەخ مەڕ و بزنیان دەبڕیەوە ، بەلام لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا مەکینەی کەهرەبایی بۆ بڕینەوەی حەیوان بەکاردێت .** |  |
| **مەلەغان :**<br>**لە پارچە ئاسنێکی تیژو نیمچە کەوانەیی بە دارێکی درێژ بەسترایتەوە بۆ درونەی گەنم و جۆ و گیای بەهاری بە کاردێت** |  |

| | |
|---|---|
| **مەلۆکێش :**<br>یان پێی دەڵێن تێلەکێش ، پاڵە درونە دەکەن و سوالەکان دەهاوێژنە پشتەوەی خۆیان ، مەلۆ کێش سوالەکان خڕدەکەنەوە سەریەك پێی دەلێن گیشە ، بە شەغرە دیان کێشا جۆخینان . |  |
| **مەنجەل و ئەسکو :**<br>مەنجەلی سفری زنجیردار دوو قولپەی هەبوو ، لە بۆنەکان خواردنی ترش و کفتەو دۆغەوایان تێدا دەکولاند ، ئەسکویەکی گەورەی لە گەڵدابوو بۆ تێکدان و تێکردنی خواردنەکە بۆ ناو قاپی بچوك بەکار دەهات . |  |
| **مسراح ، مزراع :**<br>ئامێرێك لە شێوەی قوچەکە ، ئەو بەنەی لێدەئالێنن سەری کۆتای لە پەنجەی خۆیان دەبەستەوە ،بە زانایی لە عەرد دەدەن دەسوڕێت . |  |

| | |
|---|---|
| **ملبەند :**<br>**قایشێکە بزمار ڕێژکرایە شوان لە ملی سەگی خۆی دەکات ، بۆ ئەوەی گورگ یان هەرئاژەلێکی درندەی تر دەویان نەگاتە خنخنۆکەی ئەو جۆرە سەگانە ،تا لە خنکاندن رزگاریان ببێت .** |  |
| **مۆری خەو :**<br>**شەوان کەسێك خەوی نەهاتبایە مۆری خەویان بە جلکی هەلدەواسی یان بە کەمەی لاندکێ مندالی ساوا وەدەکرا، هەندێ جار لە سەر سینگی کەسەکەیان دادەنا تا بخەوێ.** |  |
| **مۆری شین ( لە پکە شین ):**<br>**مرۆڤی حەسود و چاو پیس لە ناو کۆمەلگا هەنە ، خورچەیەکی بچوك لە شێوەی چارگۆشەیی دەچنن مۆری ڕەنگ شین و ڕێزە گولێنگ پێوەدەکەن ، بۆ چاو زار لە شوێنیك هەڵدەواسرێ .** |  |

| | |
|---|---|
| **مێخەك :**<br>**لە کوردەواری سێوێکیان دەهینا دەنکە قەنەفلیان لێدەچەقاند تاکو سێوەکەیان مێخەك رێژ دەکرد ، بۆنی خانی خۆشدەکرد**<br>**هەندێ جاران لە نێوان خۆشەویستان دەکرا بە دیاری.** |  |
| **میزان :**<br>**دوای تەرازوو ئەو جۆرە میزانە دەرچوو ، بەقال و دوکاندارەکان بۆ کێشانی خۆراك و کەلوپەلی کڕین و فرۆتن رۆژانە کاریان پێدەکرد .** |  |
| **مێکوت :**<br>**سەرکە دارێکی قەوییە لە ناوەڕاستی لە سەر پشتی دارەکە کونێك هەیە دەستکە دارێك تێدا قایم دەکەن ، بۆ کوتانی ساوار و خۆڵ بە کاردێت .** |  |

**مینا ( هاونی دار ):**

**لە ماڵە خانەدانەکان بەرچاو دەکەفت ، لە شێوەی هاونی ئاسنە لە دار دروستکرابوو ، قاوەیان دەبرژاند و لە ناو ئەو ئامێرە قاوە برژاوەکەیان دەکوتا هوردیاندەکرد .**



**ناڵ :**

**دەواری یەك سمە وەکو( هەسپ ، ماین ، هێستر ، بارگین ، کەر ) خاوەنیان لە لای ناڵبەند پێیەکانی وڵاغی خۆیان ناڵ دەکرد ، بۆ ئەوەی پێیان پارێزراو بێت .**



**ناوبرێشك :**

**پارچە کانزایەکی بازنەییە دەسکێکی داری هەیە لە سەر ئاگری دادەنێن بۆ برژاندن و سۆرکردنەوەی دەنکە قاوەی نەکوتراو ، دوای برژاندنی قاوەکە لە ناو هاون دەکوتن .**



**ناوەکانی پە نجە :**

**ناوەکانی پە نجەی دەست لە دەڤەری گۆرانەتی : قلێنچە ، بابەلێنچکە ، دۆلە درێژە ، شادە نوێژە ، سپیٚ کۆژە. لەو وێنەیە : توتە ، برای توتە، زەڕنە قوتە ،دۆشاومژە ، سپیٚ کوژە**




**نێرگز :**

**گیایەکی بە هارییە ڕەکی وەکو سەرکە پیازە ساڵانە لە سەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە ، زوو گول دەدات. پەند (نێرگزیٚ حەیا سزیٚ ، لۆ ناهێلیت بوهار بزیٚ ) .**



**هاوزینگ ، رکێفی زین :**

**زینی سەر پشتی هەسپ دوو هاوزینگ پێوەبوو بە تەنکێشی هەسپ شۆردەبۆوە ،سوار پێی خۆی دەکردە ناو هاوزینگ و سواری سەر پشتی ئەسپ دەبوو**

**لە کاتی لێخورین پێی تێدابوو.**



**هاون :**

لە كانزای زەرد دروستدەكرێ دەستكی ئاسنە بەكار دێت بۆ كوتان و هوردكردنی قاوەو بەهارات ، پێداویستیەكی گرنگە بۆ ناو ماڵ .



**هەسان :**

بەردێكی كوێستانیە لە چیاكانی كوردستان هەیە ، كەمێك چەور دەكرا بۆ تیژكردنی سیكارد، داس ،كەلەخ و چەقۆ ... ئەو بەردەیان پێ دەسواند تیژ دەبوون بۆ كار ئامادەبوون.



**هەگبە ، تورەكە :**

هەرناوچەیەك ناوێكی پێدەلێن ( پارزنیك ، توربە ، خورجین ، تور، جانتە ، تورە ،جەنتك ، تۆرین . كەلوپەلی پێویستی تێدەكەن لە پشتدەكرا بۆ شوێنی مەبەست دەیانبرد .



| | |
|---|---|
| **هەمبانە :**<br>پیستەی حەیوانی خوری یان مووەکەی دەرِننەوە ، پاشان بە جفت و پەلکە هەنار خۆش دەکەن ، چەند هەمبانەیەك لە سەر پێرِك ریزدەکەن دانەوێلە و ئازوقەی سالانە تێدەکرێت و هەلدەگیرێت . |  |
| **هەنگل تیشۆ :**<br>یاریەکی کۆنی کوردەواری مندالانە ، داریکی هەندی کاریتە لەسەر شوێنێکی بەرز دادەنێن ، بە هێزی قاچی خۆیان بلندو نەویان دەکرد . |  |
| **هیزە :**<br>لە پێستی حەیوانی هووردە دروستدەکرا ، بە داوە کشتەکی توند هەر چار کونی چارپەلی قایم دەبەستنەوە ، روونی خۆمانەیان تێدەکرد لە کاتی پێویست بە کاریان دەهێنا . |  |

<table>
<tr>
<td>

**هێچك :**

داڕێکی دوو لقە سەرێکی گوریس پێوەیە بۆ شداندنی بار بەکاردێت ، هەندێ جاریش بە پارچە گوریس بە دیواری قایم دەکەن شتی تێدا هەڵدەگرن پارێزراو دەبێت .

</td>
<td></td>
</tr>
<tr>
<td>

**وشی :**

کۆکردنەوەی گولە گەنم دوای دروونەکردن لەناو پەرێزێ پێی دەگۆترێ وشی کردن ، وشەی قەلۆکە بۆ خڕکردنەوەی دەندکی نۆك و پاقلە بەکاردێت، لە ناوەراستی ساڵی نۆهەتەکان گرانی بوو خەلکی وشیان دەکرد بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان .

</td>
<td></td>
</tr>
</table>

| شلۆڤە کردنی | چەند وێنەیەکی تری کەلە پووری |
|---|---|
| **کۆرتانێ یان چالە میرانێ:**<br>ئەو يارييە كوردەوارييە چەند ناوێکی تری هەیە ،لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر ناوەکەی دەگۆڕێت .کۆرتانێ ،دەڤەری بەردەرەش چالە میران ، بۆتان چالان ،. بناری بەمۆ ، چالێن. کەڵار. مروانێ. ، پشدەر مارەزیجانێ. هەولێر زنجانێ ، دەشتی ناوکوڕ بەزە ، ناوچەی کاکەییان سەدەقانێ ،دەستی ناوکوڕ بە عەرەبی پێی دەڵێن :<br>حەلوسە یان مەنقەلە |  |
| **تیتك قژ :**<br>لە هەر ناوچەیەك ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە لەوانە :<br>قژبژ ، قژ گڤ ، گژو وژ ، قژ گرژ ، قژ ژیژك ، قژ پژبوو، قژ پە پۆ ، بژبژبووە ، پرچ قژ ، پرچ تێکئالا .<br>پرچ تێکئالا . |  |

| | |
|---|---|
| **شەیتانۆکە :** لە هەر ناوچە و دەڤەرێك ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە لەوانە : کرمە لیقە (هەولێر، بانە )، رون دز ، قاقلەجنۆکە، حەلەزون،قاوغە مارانە (گەرمیان )، هێلکە شەیتانۆکە( سلێمانی ، کەرکوك )، شەیتانە گلە ، قەلە شەیتان (خۆشناوەتی) ، گۆبەلە( دەڤەری گۆرانەتی بەردەرەش ) ، نانوخە شەیتان (مەریوان ) ، گلیزۆك (دهۆك )، هێلە مارانە و کیسەلی تەڕ (جافایەتی) ، سەڕگەمار( ناوچوی ئیلام ) ، ژێرسەرمار ( گەلهوری ) |  |
| **قازمە :** بۆ هەڵکەندنی ئاخی زەوی بەکاردێت ، چەند ناوێکی هەیە قولنگە (شاریاژێر) ، پاچ (موکریان)، دوودەو (هەولێر) ، هەروەها زەنگن ، کۆلینگ ، دوودەمی پێدەگۆترێت |  |

## سۆتکە :

ڕوەکێکی بەهاریە لە شوێنێکی زیخمەلان شێدار لە سەر بنجی خۆی دەروێت ، ڕەگەکەی لە ناو خۆلە بە زنجیرە سۆتکە پێوە دێت ، لە کوردەواری دەیانکردە ناە چایە تامی خۆشدەکرد ، یان دەرماوان بەکاردەهات . لەناوچەی پشدەر و موکریان پێیدەڵێن :ڕەبنالك یان ڕەبناوك ، سملۆ یان سۆمل لە ( قەلادزێ ، هەورامان ) ،بەعەرەبی تاوی ( سعد ) ە



## دەبدەبە

چەند ناوێکی هەیە


پڕبادانە( دەڤەری گۆرانەتی/بەردەرەش ) ،

فودانە ( بانە ) ، فدگۆڵ ( پشدەر ) ،بۆربەر ،میزڵدان ( سلێمانی و مەریوان ) ، مفاقە ، تیزانگ و تیزان ( سنە ) ، شیشلدان ( کەرکوك ) ، پزدان ( موکریان ) ، بفدانك ( بادینان ) ،



**کۆتك و ملاکی دار :**

لە کوردەواری دۆ یان ماستاویان لە ناو کۆتکی دار دەکرد ملاکێکی داری نەخشراویان لە کۆتکی هەلدەهێنا فرِیان دەکرد ، یان لە پێش مێوانیان دادەنا نۆشیان دەکرد .



**مێخەك بەند :**

بووکی بەریَ مێخەك بەندی لە ملّدەکرد لە جیاتی زێرو خشلی ئێستا ، کەسێکی دەسترِەنگین دروستی دەکرد ناوە ناوە مۆری شینی تێهەلّدەکێشا لە گەل هەندیَ گۆشە گەرو ، بۆنێکی زۆرخۆشی لێدەهات ، ئافرەتی ئێستا زۆر بەکەمی بەکاریدەهێنن .



**گولینگ :**

**ئەو زێدەگۆشتەی لە بن ملی هەندێ حەیوان دەهات پێیان دەگرت گولینگ پێناسەی بزن پێدەکرا دەیانگۆت بزنێ ملێ بە گولینگ .**



**گیتەڵە ،**

**یان گڵێنە... گڵینەیەکی بچوکی لەقوڕ دروستکراوە ، ماستیان تێدا هەوێن دەکرد .**

**یان پڕیان دەکرد لەماست ،**

**لەناو کانی دایان دەنا تامی زۆر حۆش بو،**

**هەروەها هەنگڤین تێدەکرا ...**



| | |
|---|---|
| **مقەس :**<br>**ناوێکی عەرەبیە ، لە هەر ناوچەیەك بەکوردی پێیدەلێن : قاچی ، قەیچی ، قانچی. نموونە (بە مقەسێ توکی سەری هەڵقاچی ).**<br>**بە هەورامی پێی دەلێن( دواردی ،دوێردۆ ، ) دوێرد = دوو +کارد** |  |
| **شفتی تالْك ، کوژالك :**<br>**ڕوەکێکی خۆرسکە ، لە شێوەی شفتیە بەلا م بچووکترە ، ناهێتە خواردن زۆر تالْە دەنکەکەی پزیشکی گژوگیا وەکو دەرمان بەکاری دەهێنن .** |  |
| **شەمامە :**<br>**لە شێوەی گوندۆرەیە بچووکترە ، بۆنێکی خۆشی هەیە ، لە ناو بیستانی دیمی دەچێنن ، وشەی شەمام لە ( شەم ) هاتووە واتە بۆن ، لە هەندێ ناوچە ناوی بە ( دەستبۆ ، کالەکەمارانە ) ناودەبرێت** |  |

# بەشی دووەم :

# پەیڤ و ڕامان

## پیتی (ا)

| پەیڤ | ڕامان |
|---|---|
| ئا پۆرە | قەلەبالغ . |
| ئاجاغ | ئاچووغ، ڕوون، ڕۆشن، |
| ئاخوڕ | شوێنێکی تایبەتی بۆ ئالیکی ولاغ و مەڕو مالات . |
| ئادان | زەوی بە پیت و بەرەکەت . |
| ئارد مالك | ئارد کێش ئاشەوان بە کاری دەهێنا . |
| ئاسن دڕك | تێل دڕی . |
| ئاشگێر | ئاوێکی زۆر ئاش بگێرێت . |
| ئاچۆخ | ڕەنگی کرایەوە . |
| ئاگرۆکە | جورە نەخۆشیەکە تووشی پێست دەبێت . |
| ئاگری بن کا | سەری فتنەو ئاژاوەگێری . |
| ئاگوردی | سوتەمەنی . |
| یاغر یاغر | هێدی هێدی ، لە سەر خۆ . |
| ئالەنتەریك | لایتی ڕۆناهی ، لایت بە دووپاتری‌و چار پاتری هەبوو. |
| ئالو وال | ڕەنگی کرایەوە ، زەرق و بەرەق . |
| ئالو وال | کوڵێلکی ڕەنگاو ڕەنگ . |

| | |
|---|---|
| ئالیك | ئالف ، خۆراكی ئاژەلەكان. |
| ئالین | دامێنی چیا ، بناری چیا . |
| ئاو مالك | ئەو دارو بەردەی لێمشت( لافاو ) لە گەل خۆی دەهێنا. |
| ئاوپانێ | قسەنەكردن ، كەڕەموویانێ ، بێدەنگی ، قوڕقاپ. |
| ئاوخۆر | كەسێك لە گوندی دابنیشت زەوی كشتوكالی ومولكی نەبێت تەنها ئاو لە گوندی دەخواتەوە . |
| ئاوگەلە | تێكەل بووە ، حەیوانێك تێكەلی مێگەلێكی تربێت. |
| ئاوی تێگەڕایە | بالق بووە ،خۆی دەناسێت . |
| ئاوێلكە | سەرەمەرگ ، هاوزنگدان . |
| ئایەخ | خراپ ، ناتەواو . |
| ئایەغ | گزوور، نابووت، لێكەوتە . |
| یەتیم | باوك مردی . |
| ئەزو پەز | لەگەل مالاتی بژیت ، پەند ( زستانان ئاگرو ئەز ، بوهاران ئەزو پەز ، هاوینان ئەزو رەز ، پایزان ئەزومەرەز) هەر چار پەسندن . |
| ئەستێر | رۆندك ، فرمێسك . ئەسرین . |
| ئەستێڕك | لە ناو ژوور دروستدەكرا هەمبانەكانی داماشیان لە سەر دادەنا . |
| ئەسپایی | هەلسوكەوتی ئارام و لەسەر خۆ ، دەنگی نزم . |
| ئەسسەح | راست و دروست . |
| ئەسكو | بۆ تێكدانی خواردنی ناو مە نجەل بەكاردێت. |
| ئەسكۆن | ئەشكەوتی بچووك . |

| | |
|---|---|
| ئەشقی | له یاسا دەرچوون ، سەربە خۆیە . |
| ئەشك | فرمێسك ، ئەستێر. |
| ئەفتوین | ئەو ئاردەی گوندکی پێ خۆشدەکەن بۆ نانکردن . |
| یەقە | یەخە ، بەرۆك ، بەرچێل . |
| ئەلحانەکە | نووکە ، ئێستا ، هەنگا . |
| یەڵدا | درێژترین شەوی زستان . |
| یەمەنی | ناوی جۆرە پێلاوێك بوو . |
| ئەنگاوتن | پێکان . |
| ئەنگوستە چاو | زۆر تاریك ، واتە چاو ئەنگوستی خۆی نابینی . |
| ئەنی | ناوچەوان ، تەوێل . |
| ئەهوەن | هێواش بوونەوە ، دامرکا ، ئاسان. |
| ئەو ماتە | ئەوجارە ، ئەو کەڕەتە . |
| ئەو مەحلانە | ئەو وەختانە ، ئەو کاتە. |
| ئۆردی | سەربازگە ، بارەگای لەشکر . |
| ئورقم | قسەنەکردن ، بێ دەنگی . |
| ئۆغر | سەفەر . |
| ئۆقرە | ئارام ، سەبر . |
| ئۆین | جامباز . |
| ئیتالی | جۆرە گە نمێکە بۆ داناش بە کاردێت . |
| ئیجاغ | هۆز،بنەماڵە، بەمانای وەجاغیش دێت . |
| ئێسك و پروسك | پاشماوەی جەنازە ، بە عەرەبی ( روفات ) . |
| ئیلان ( ئیلاخ ) | هاوینەهەواری کوێستانان . |

| | |
|---|---|
| | **پیتی ( ب )** |
| **باخۆشتره** | **گەورەتره .** |
| **باراش** | **ئەو بارە گەنمەی ئامادە كرایە بۆ ئاش تابكرێتە ئارد.** |
| **باران بڕان** | **لە كۆتایی مانگی گوڵان باران بڕانە ،نیوەی بەهارە.** |
| **بارگین** | **ولاغی یەك سمی باربەر .** |
| **بارۆبوو** | **كۆكردنەوەی یارمەتی بۆ كەسی هەژارونەدار .** |
| **بازبەند** | **بەنێكی درێژە ، هەردوو سەری قوفلانەیە لەكاتی شوان بەشەو لە هەوێزێ لەناو مێگەڵی مەڕی دەنوست سەرێكی بەنەكەی لە دەستێ خۆی دەئالێنیت ، سەری دیكە لە ملی نێری یان بەرانی گرێدەدات هەركاتێ حەیوان لە هەوێزێ بڕوات ، یەكسەر شوان هەشیاردەبێتەوە .** |
| **بازی بەند** | **حەمایل ، نوشتە ، گوللە بەند .** |
| **باسترغە** | **برنج نەواندن تاكو لە كاتی چاندن زوو بڕوێت و قیسكە بدات .** |
| **باگەر ( باگێر )** | **گێژەلۆكە ، با تێدا گێنگلەی دەخوات .** |
| **باغەل** | **كراسی درێژ ناوقەدی دەبەستنەوە باغەل دروست دەبێت .** |
| **بالاكۆل** | **كورتە بالا .** |
| **بالاو** | **كول و قەسار ، كول و كانی ، خۆشوشتن .** |
| **باڵتە** | **پارچە ئاسنێكە بە تۆپی جە نجەر وەیە هەرتۆپێك ٢١ باڵتە بە پێچەوانەی یەكدی قایمكرایە .** |
| **بالۆلە** | **پارو.** |
| **بانگێران** | **كەسێك بە باگوردان سەر خانی بگێرێت .** |
| **باهۆز** | **باو بارانی بەهێز تەزرەی لە گەڵدایە .** |

| | |
|---|---|
| باوە خۆندی | یەکەم جار بووک بچێتەوە ماڵی باوکی . |
| ببڕوبڕ | هەرگیز . |
| بە تالوکە | بلەز ، بە پەلە . |
| بە تیزەوە | بە گاڵتەوە ، بە تانەوە . |
| بە فیتی | بە قسەی دەکات ، هانی دەدات . |
| بە فیڕۆچوو | جێگای نەگرت ، بێ مەفا رۆیشت . |
| بە کاوە خۆ | پەلە مەکە ، لە سەرەخۆ ، بە هێواشی . |
| بە لەزو بەز | تالوکە ، بە پەلەپەل ، خێراو تەنگەتاو . |
| بە نمەك | بەوەفا . |
| بە هەوای شان | لە سەر خۆ . |
| بەبا | کاتی جووت بوونی دێلە سەو پشیلەی مێوەلە . |
| بەبایدا | تەفرو تونای کرد ، وێرانی کرد ، پووچی کرد . |
| بەتەلەب | کاتی جووتبوونی ماین و کەرو...... |
| بەد بەسەرە | دوو بەرامبەر بۆی هاتەوە .<br>پەند : ( بەد بەسەرە بۆی هاتەوە ) . |
| بەدبەخت | نەگبەت . |
| بەدەو | جوان ، قشت . |
| بەدگۆ | گوێرایەل نیە ، بەدکار ، ملعند . |
| بەدفەڕ | بەدکار ، کاری نا بەجێ بکات . |
| بەرەواژی | بە پێچەوانە ، ئەو دیو ئەو دیو . |
| بەردەبێر | دوو قلۆتکە بەرد دادەنێن شوێنی دانیشتنی بێریوان. |
| بەردەسێل | لە ناوەندی هۆدە سێکوچکەیەك دروستدەکرا پارچە ئاسنێك<br>یان تەنەکەویەك لەسەر دادەنرا ئاگری لەبن دەکرا بۆ خۆ |

| | |
|---|---|
| | گەرمکردنەوە وەکو سۆپەی ئەمرۆ لە ناو ماڵ بەکاردەهات. |
| بەردیل | بەرخا مێ تەمەنی سێ ساڵ بێت . |
| بەرچیخ | داری بن رەشماڵ زۆر جار بۆ شەڕ بەکاردەهات . |
| بەرچێل | بەرۆك ، پەند: خۆ ماست نیە بە بەرچێلت دیاربێت . |
| بەرگە | خۆراگرتن ، دانبەخۆدان ، |
| بەرغەل | لە ( بەرخ+گەل ) هاتووە واتەگەلەییەرخ . |
| بەرکول | خواردنی پێش جەمێ . |
| بەرکێو | بەرکاو ، دامێنی چیا . |
| بەرماغ | پەڕك، پەڕە، جۆرێکلە کاغەزی جغارە بوو . |
| بەرماڵ | ١ـ دووگرد بەرەو مالیخودا رادێخن<br>٢ـ پێش ماڵ |
| بەرمەشکە | کەرە ، روونی کوردەواری . |
| بەرهەڵستی | بەرگری ، پەند : ( بەرهەلستی لە رێی ڕاستی ) . |
| بەری هاویشت | لەبەری چوو ، لە بار چوو . |
| بەریك | بەیرە ، گیرفان ، بەرك . |
| بەزگی دا | لە خەموخەفەتان مرد . لە هەژمەتان مرد . |
| بەستر پێرێ | بەری سێرۆژە. پێرێ :بەری دوو رۆژە |
| بەش | ١ــ پشك ٢ــ کرایەوە ، فرە ، والا ، پەند: ( پێکەنین لە دڵێ گەش، باران لە هەورێ ڕەش، تڕ لە قونێ بەش ). |
| بەلەك | دوو ڕەنگی . |
| بەن قادە | دوو گوریس مەترێك درێژە قادەی بە پێچکەی شەغرەی دەبەستەوە قرشەی لێباردەکەن . |
| بەندە | گا لە تەمەنی ٤ ساڵی پێی دەگۆترێت بەندە |

| | |
|---|---|
| بەندەق | دارلاستیق ، چەتاڵ ، کوژەك ، داردوولك ، قایشۆك ، دارقۆسکە، لەهەورامان پێی دەلێن : قەلماسك . |
| بەهرا پتر | بەشی زۆرتر . |
| بەهرە | پشك ، بەش ، بەشە وانە . |
| بەیار | ئەو زەویەی نەهاتبێتە کێلان .<br>پەند : ( ئەگەر قەرداری هەرو زگ بەیاری ) . |
| بەیداغ | ئالاّ . |
| بژ ، باڵ | پرچی سەر ملی ئەسپ و ماین . |
| بڕ | دەراو ، شوێنی پەرینەوە لە رووبار . |
| براندۆغ | کەللەڕەق . |
| برك | ١ــ ئازارێکە توشی کەلەکەو ناو پشت و ماسولکەکان دێت<br>٢ــ گۆمە ئاوێکی راوەستاییە .<br>٣ ــ عەرد لە گەرمان برك دەدات . |
| بڕك | بنە سەوزە وەکو بڕکە شفتی تەماتە گندۆرە . |
| بڕۆنیٚ | تەماشاکە ، سەحکە . |
| بریسقە | بریقە ، درەوشاوە . |
| برینگ | حیشك ، هیشك. |
| بزبزۆك | مندالی عجوول و نەعەندرای . |
| بزنیٚ کۆل | بزنی بیٚ شاخ ، قۆچ ، پەند ( حەقیٚ بزنیٚ کۆل لە سەر بزنیٚ بە شاخ نامینێت ) . |
| بستی | ملە شاخ . |
| بڤە | وریا کردنەوەی منداڵ لە مەترسی . |
| بلق | خێرو بەرەکەت ، ماڵیان بلق دەدات . |

| | |
|---|---|
| بلق دەدات | ئەو کانیە ئاوی زۆرە بلق دەدات . |
| بلقە بلق | خواردنەکە لەسەر ئاگری بلقەبلق دەدات . |
| بن جل | جلێکە لە سەر ملی دەوارەکان نیری دادەنێنە سەر. |
| بن چاوگرتن | دەستەسەرکردن . |
| بناغە | بنچینە، ئەساس . |
| بنە | ١ـ گای بنەوەی گێرە . ٢ـ بنەو بارگە ٣ـ شوێنی تایبەتی راوە سویسکە و کەو . |
| بنە بان | پاش خانی ، دوواوەی خانی . |
| بنەبان | پاش خانی . |
| بنەگە | بنەگەی بارکرد ، نیوەماڵ ، بنەوبارگە . |
| بنەوان | سەرچاوەی ئاوی جۆگە . |
| بنج | بن ، گیا لەسەر بنجی خۆی دەروێت . |
| بنچکە فس | کەسی هورد و نەهاتیلە ، قوتیلە. |
| بنگر | ١ـ بنی مەنجەل ٢ـ بنگرە : هووردە بەفر |
| بنکراس | ئەتەك . |
| بوژابوومەوە | زیندە خەو ، چاوم چووبوو خەو . |
| بوژان | سوکەخەو ، سەرەخەو . |
| بۆرە | ١ـ (بیرە) زەویەك یەك دوو ساڵ نەهێتە کێڵاُن ٢ـ ناوی باڵندەیەکی کۆچبەرە وەرزی زستان دێت . |
| بۆسە | سەنگەرگرتن . |
| بۆسە | دارێکی چەماوەیە بە هیرتە لە ناوەراستی نیر قایم دەکرێت سەری مژانە دەکرێتە تێدا دەوار رادەکێشێت |
| بۆش | ١ـ بەتال ، خالی ٢ـ زۆر ، |

| | |
|---|---|
| | پەند : ( بەهاریٚ خۆش ، ئاویٚ بۆش ) . |
| بۆگە | ئەو گیایەی لە سەر زبلّدان دەڕویٚت بۆنیٚکی تایبەتی هەیە زۆربەی ئاژەلەکان بۆندەکەن و نا یخۆن . |
| بۆگە خۆر | شتی پیس دەخوات . |
| بۆغمە | ملەخڕەبۆغمە، وەك وشەکانی سندان و قوزەڵقورت بەکاردیٚ |
| بوغوش | ناوی سەگە. |
| بۆلە بۆل | گۆتە گۆت ، دەربڕینی نارەزایی . |
| بووره | بەیار . |
| بووغە | مووغە،قەڵەو، چاغ . |
| بیٚ بەرە | ١ــ بیٚ بەرهەمە ، ٢ــ بیٚ روە نە پشتی هەیە نە پیٚش ، پەند : ( بنیادەم نیسکیٚ بیٚ بەرە ) . |
| بیٚ تۆتکە | ناسرەویٚت ، بیٚ ئۆقرە . |
| بیٚ زاخ | ترسنۆك ،قەلەزراو ، بیٚ زراو. |
| بیٚ سەر | بیٚ گەورەو سەرۆك ، پەند( نەداریٚ بیٚ بەر ، نە گوندیٚ بیٚ سەر) هەردووك پەسند نیە . |
| بیٚجەر | سەرو بەر . ئەو شتانە بیٚجەر بکە . |
| بیرەخەو | تازە چاوی بۆ خەو چووبیٚت . |
| بیزار | تیژکردنەوەی بەرداشی ئاش . |
| بیٚزار | ئیزعاج . |
| بیٚزی لیٚدەکات | لەبەر دڵی کەوتیە ، دڵی بۆی ناچیٚت . |
| بیٚڵ کوژ | بە خاکەناس گیانلەبەریٚك بکوژیت . |
| بیٚلی دار | بۆ بیٚلە بای جیٚز بەکاردەهات . |

| | |
|---|---|
| بێمۆك | جۆرە قەزوانێکی هوورد و نەرمە ، یان لە ناوچەکانی کوردستان پێی دەڵێن : بەرچیچك . بنەڤش ،نەمەشك ، نەرمەوەن ، بە نمێشە ، بنەوشە ،بنەوشیلە ، بەنیشۆك ،وەنەتەق ،بنوێش |
| | **پیتی ( تـــ )** |
| تا | تایە باراش ببە ئاشی ، واتە جوالە گەنم . |
| تاتایانیٚ | لا لا یانیٚ . |
| تاپۆن | دوو کەس خۆ لە یەکتر بدەن . دەعم کردن . |
| تارمایی | رەشایی لە دوورەوە ، تارمایی جەنگی داهاتوو ، تارمایی ئاپۆرای خەلك ، روحی کەسی مردوو بە خەیال . بە زمانی عەرەبی ( شبح ). |
| تاسا | واقی ورما . سەری سورما . |
| تاق | ١ـ دیوار ٢ــ بە تەنیٚ ، بە تاقی تەنیا ٣ــ لە سەر تاقی پشت ، ٤ــ تاقی کرد خلاسی کرد . |
| تاقانە | یەك منداڵی هەبێت ، بە تەنیا ، بەتەنیٚ ، |
| تاکێشان | بە پشتی دەواری گەنمی جۆخینیٚ دەهیننەوە ماڵ . |
| تاڵ | ژەقن . |
| تالاٚن | بردنی مالیٚ خەلکی بە زۆرداری . |
| تاڵە | مەرێك سەرو چاوی رەش و قاواییە . |
| تالوکە | بە پەلە ،بە خێرایی . زووبگاتیٚ . |
| تامەزرۆ | حەزی لێیە ، زۆر حەزی لە خواردنێك بێت . |
| تانۆك | وەکو چە پەرە یە، لەمپەرێکە یان لە هۆدەیەك وەکو ناوبرە لە نێوان گۆلك و چێل بە دار دروستدەکرێت یان لە نێوان چێل |

| | |
|---|---|
| | و کا ، پەرژین .ناوبڕەی دار. |
| تانۆك | پەرژین . |
| تاوەك | کەمێك ، پیچەك ، تاوەکی بارانێ. پەند: تاوەکی بارانی لە مانگێ نیسانێ ، باشترە لە مولکێ خوراسانێ |
| تاوێر | بەرد،ساغوور . |
| تایسا | ١ــ لە هەوالی خۆشی و نەخۆشی بێدەنگ دەبێت .<br>٢ــ ئاگرەکە تایسا واتە گڕی گرت . |
| تەبارە | گەنم و جۆ پێش درونەوە . |
| تەبەش | مەڕێك دەموچاوی ڕەش و سپی بێت. |
| تەبسی کرد | قسەکەی شاردەوە ، بێ دەنگی نواند . |
| تەتلە | ١ــ زمانی تەتلە دەکات بە گرێ دەئاخڤیت .<br>٢ــ دانەوێلە لە ناو سێنی تەتلەی پێدەکەن بۆ مەبەستی خاوێنکردنەوەی لە دانەوێلەی نامۆ . |
| تەتلە | ١ ــ پاککردنەوەی شتی نامۆ لە دەغلودان .<br>٢ــ تێکچوونی شێوازی دەربڕین . |
| تە پان | بن جل لەسەر ملی وولاغ دادەنێن بۆ جۆت کردن . |
| تە پە | خرابە ، چغا،گرد. |
| تە پەسەر | سەرکوت ، زولم لێکراو ، لە هێز کەوتووە . |
| تە پس | بیشارەوە ، ئەو بابەتەی تە پس بکە . |
| تە پلەی سەر | تۆقە سەر ، راستایی سەری مرۆڤـــــــ . |
| تە پلۆخ | تەمبەل ، قەلب گران . |
| تە پۆلکە | بۆتە ، بڵندایی . |
| تەحس و نەحس | بێجەری کرد ، رێك و پێك ، تەرتیب کردن |

| | |
|---|---|
| تەختە قوڕ | تەختەی قوڕکێشان ، لە پێش و لە پاش دوو دەستکی هەبوو دوو کەس هەڵیان دەگرت . |
| تەخچکە | دووسنگان دەکوتن تەختە دارێك لەسە قایم دەکەن کەل و پەل و وردەوالەی ناو ماڵ لە سەر دادەنێن . |
| تەڕادانێ | قۆشمە کردن ، غارغاردانێ ، سوارسوارانێ . |
| تەڕادە | دەندەڵ ، لاکێشی مرۆڤ ، لا تەنیشت . |
| تەراز | تۆزو خۆل ، تۆزو تەراز . |
| تەڕەزای | تازە حەیوان زابێت هێشتا شیری فرۆیە . |
| تەرەس | نامەرد ، خۆڕی ، شەلاتی . |
| تەڕەکاڵ | لە دووای بارانی پەلە تۆ بکرێت . |
| تەڕەوز | لە دوای باران یان پەلەی زەوی تۆ بکرێت بۆ چاندن . |
| تەرت | کەستەك ، پارچە خۆلی گت گت . |
| تەڕراح | پاڵدانەوە ، وەرکەفتن . |
| تەڕراد | سوار سوارانێ ، غاردانێ بە هەسپ . |
| تەرس | پاشەرۆی ئاژەلی یەك سمە . |
| تەرگ | تەزرە . |
| تەرکی زین | بەشی دواوەی زین . |
| تەرلان | شۆڕەسوار ی دەستحەل . |
| تەڕوهیشك | ١ــ برینێك بە تەواوی سارێژ نەکرابێت ، ٢ــ لە یاری مندالان بەردێکی پانیان لایەکیان تفدەدا دەیانگوت کام لات دەوێ تەڕ یان هیشك . |
| تەریك | خوار، لاتەریك : لاخوار ، پێچەوانەی راست . |
| تەزاندن | ئێشاندن ، ئازاردان ، |

| | |
|---|---|
| تەستەقویلە | پارچە شکاوەکانی گۆزە و جەڕك ، تاسولقە . |
| تەشقی ئاسمان | پەڕپەڕاکەی عاسمان ، بەرزایی ئاسمان . |
| تەگە | سەیس ، کار سێ ساڵی تەواوکردبێت . |
| تەغار | ٢٠ عەلبەیە . |
| تەغار | یەکەی پیوانەیە = ٢٠ عەلبە ، ٤٠ ربەی سۆرانە . |
| تەغژ | جۆرێکەلەترێ ڕەشکە . |
| تەلان | هەورازی ،بەرزایی . |
| تەلخە | شتێك چەند قاتێك لە سەر یەکەوە بێت . |
| تەمبەلی | لبن بە بەرینی دیواری پێبکرێت . |
| تەناهی | ئێمناهی . |
| تەنگە | قایشێکی پانە یان بە کەژی زین یان کورتانی سەر پشتی ولاغان ناو تەنگی توند دەشدێنن . |
| تەنگەی گرت | رقی هەستا ، توڕەبوو ، تەنیشتی گرت . |
| تەنکێش | لا تەنیشت . |
| تەنی | ئەو دوکەلە ڕەشەی ڕوی ناوەوەی سێل ،بەری سێلێ . |
| تەورداس | ئەو ئامێرە بۆ دار بڕین بەکاردێت . |
| تەوز | توانج . |
| تەوق | ١ـــ تەوق و بەلا ، دەردو بەلا ٢ـــ تەوق ئەلقەیەکی ئاسنە بە دەوری بەرداشی ئاش قایمکرایە . |
| تەوقە مل | هەندێ کۆتر نیشانەیەکی بازنەیی بە ملی وەیە . |
| تەول | دەوار بە زنجیر یان گوریس تەولدەدرێت . |
| تەونەجنۆکە | دا پیرۆشکە . جالجالۆکە . |
| تپل | تلی ، قامك ، پەنجە ، ئەنگوست . |

| | |
|---|---|
| تدارك | پێداویستی هەرکارێك ئەنجامبدات . |
| ترِ برِین | هیچی لەدەست نەما . |
| تراوێلکە | سەراب = سەر + ئاو . |
| ترپات | پشك برِ ، بیرەکە ترپاتی ئاوی تێنەمایە . |
| ترخێنە | برِوش و کوت کوتی شێلم ، یان نیسك و چەوەندەر نۆك و گۆشت دیانکولاند و دەکرا سەرك سەرك . |
| ترگار | قاپی ئاوخواردنەوە ، جام ، کاسە ، بادی . |
| ترِکەن | سوك و چوننە ، پەند: (باب ترِکەن چا دەبی ، دایك ترِکەن چا نابی ) . |
| تروکایە | دێلە سە زایە گوجیلەی بووە . |
| ترِوهات | بێ کەلك ، بێ خێر . |
| تریقە | تریقە تریقی پێکەنین . |
| تریقە تریق | دەنگی پێلاوی ئافرەتان . |
| تفایە | ئاگردانە ، لە قورِ دروستدەکرا بۆ برژاندنی نانی ساج. هەروەها کولاّندنی خواردن . |
| تلخ | رەنگ زەرد ، هەلبزرکایە . |
| تلیك | قامك ، کلك ، پەنجە . |
| تنگە تنگە | دەماری جۆت بیە ، قەهر دلّی داگرتیە . |
| تۆ و برا تۆ | واتە هەندی بنە تۆیەکەی بەرهەمی هینایە . |
| تۆت | بە مندالان دەلێن تۆتی بکە واتە دابنیشە . |
| تۆتکە | قوین تۆتکە ناگریت ، لە شوێنێك جیگیر نابیت . |
| تۆتکە بگرە | ئارام بگرە ، ئۆقرە بگرە . |
| تۆپ | ١ــ تۆپی ئاش یان تۆپی جەنجەرِ، ٢ــ تۆپی یاری کردن |

| | |
|---|---|
| | ٣ــ جۆری چەکی گەورە ( مدفع ) ، ٤ــ تۆپی قوماشی ، ٥ــ تۆپی زەمانە بە واتای چەرخی گەردون ، ٦ــ تۆپ لێدان : خۆهەلکێشان یان دەڵێن تڕ تۆپ قەوی ٧ــ تۆپە کلیل کۆمەلە کلیل . |
| توخنی نەکەوە | نزیکی نەبە ، نەچو بۆلای . |
| تۆڕی | حاشالێکراو ، خۆڕی . |
| تۆغیان | هەڕەتی جاحێلی . |
| تۆلاز | خورت ، لاو ، جاحێل، گەنج . |
| تونەنە | چوننە ،تڕۆ ، کەسی سوك . |
| تی | ١ــگۆشە نیگایەکی کچکە ، کەلەنێکی بچووك، دەڵێن : لە تییێ دەرگای چاودێری خەلکی دەکات ، ٢ــ تی و تی وەرە بە لاخواری وەرە. ٣ـ شوبرا . |
| تیراقە | بڕبڕەی پشت . |
| تیراوە | لاڕەشە . |
| تیرە | بەکرە ، غەرغەرە ، خلخلۆك ( خلۆکە ) . |
| تیرو پشك | دیاری کردنی یەکەمی یاریەکان لە پێشبڕکێ . |
| تیزمال | پارچە قوماشێکی باریك ، تیلمە . |
| تیزمالك | تیراز ، پارچە قوماشێکی باریك و درێژ . |
| تیسکن | توکن . |
| تیغە | چیغە، تانۆك ،دیوارێك دووبەشی لێك جیاکردبێتەوە. |
| تێف | کات ، وەخت .<br>پەند: ( هەموو تشتەك لە تێفێ خۆی خۆشە ) |
| تێکچڕزان | تێکئالان ، شەڕی دەستەوە یەخە . |

| | |
|---|---|
| تێکقژقژان | کەس بە کەس نیە ، تێکەل و پێکەل بوون . |
| تێکهەڵقژان | تێکهەڵقژان ، پێکداهەڵپژان، بەگژیەکدی چوون . |
| تیلاکە خوار | چەفیەی لە لایەکی سەریْ گرێیدات . پەند :<br>( نەساڵیْ دوو بوهار، نە کچیْ گویْ بە گوار ، نە ژنی تیلاکە خوار ) هەرسێك لە کوردەواری پەسند نینە . |
| تێلەگە | کۆلی سەر پشتی ژنان . |
| تیلم | پارچەیەکی کەم لە بەشێکی زۆر .<br>پارچە دارێکی بچوك . |
| تیلمە | پارچە پێستی باریك ، یان قوماشی باریك . |
| تیم | تیرماسکێك ، تیلماغە ، پارچە قوماشێکی باریك و درێژ . |
| تێهینانەوە | قەرەبووکردنەوە . |
| پارەکردن | پارچەکردن ، دابەشکردن . |
| پارزنین | پاڵاوتنی شیر . |
| پاش خاپەرۆك | بەرماوە ، ئەو ماوەی دوای هەلبژاردن . |
| پاشەزین | هەگبە ، خورجین . |
| پاشدڕ | سەیەك نەحەپیت و لە پاشەوە پەلاماری کەسان بدات<br>لە هەندیْ ناوچە پێی دەلێن ( نیانگیر ). |
| پاشۆل | چارۆك ، پاشۆلە گەنم بینەوە ماڵ . |
| | **پیتی ( پ )** |
| پاچ | ئامێری هەلپاچین ، تەور . |
| پاقوڵاغ | سمی پەز، حەیوانی یەك سم . |
| پاڵ | نك ، کن ، رۆخ ، تەنیشت . |
| پاڵە | بەو کەسە دەلێن رۆژانە کاری کشتوکالی دەکات . |

| | |
|---|---|
| پایدۆز | دەستلەکار هەلگرتن . |
| پە پکە | مار لە شێوەی بازنەی خۆی لیك بئالێنی . |
| پەڕاگەندە | وێل و سەرگەردان . |
| پەرامبێز | بەروانك ، ئافرەت لە کاتی ئیشکردن لەبەری خۆی دەکرد . |
| پەڕپەڕاگە | زۆر بەرز واتە بچیە بەر هەر هەفت تەبەقەی ئاسمان ، زێدە دوور و بەرز . |
| پەڕپووت | خەیال بەلاو . |
| پەرژین | لەمبەری دڕك و ستری یان تانۆك لە دەوری بیستان دروستدەکرێت . |
| پەرچەم | تیتکی سەر ناوچەوان ، قاقول . |
| پەرچدانەوە | ولامدانەوە . |
| پەرێز | دوای درونە کردنی زەوی و مانەوەی قرشەوقاڵ . |
| پەست | دڵگیراو ، خەفەتبار . |
| پەستان | داگرتن . |
| پەستەك | کەرك یان زوخمەی بێ قۆل . پۆشاکێکەزۆرتر لە مەرەز یان کورك دروستدەکرێت ، بۆ جوانی پیاو لە بەر دەکات .لە هەورامان پێی دەلێن : کولە باڵ ، فەرەنجی . |
| پەچە دۆش | پایزان مەڕو مالات شیری کەم دەبێت بەیانیان زوو دەچن چەند مەڕو بزنی ساوا زایی دەیاندۆشن . |
| پەلار | تەوز ، پلیقانە،توانج . |
| پەڵەخ | پەڵاشدەغەزار، لاغر. |
| پەلۆس | پیس ، پۆخل . |

| | |
|---|---|
| پەنگاو | بەری ئاو بگیرێتەوە پەنگدەداتەوە . |
| پرتە پرت | کەسێکی زۆر بلێ یی ئاخافتنی ناشیاو . |
| پرتەخۆل | لە ناو خۆلێیان وەردا ، گەوزاندن . |
| پرزۆلە | ئارد دەڕشێنن تێك وەردەدەن بۆ خواردنی جوجکە . |
| پرسك | لە ترسان ڕەنگ و روخساری هەلپرسکا |
| پرش | بەڵاو ، پرشو بەلاویکرد . |
| پرێسکە | بوخچە ، پارچە پەرۆیەك شتی تێبکرێت . |
| پزدان | ئەو کیسەی ئاو خویزاوی تێدایە بەچکە لە ناو زگی دایکی ژیان تێدەکات تاکو بزێت پارچە پێستە تەنکەکە دەتەقێت لە دوای بێچوە لە دایك بووەکە دێتە دەرێ ٤ تا ٨کاتژمێری پێدەچیت . هەندێ چێل هەیە پزدانی خۆی دەخواتەوە خاوەن مال دەبێ ئاگاداری ئەو جۆرە چێلانە بێت . |
| پشت بێن | پشت بەند ، پشدێن ، شویتك . |
| پشتەك | کاتی لوای بەرخ دەبڕنەوە سەرپشتی دەهێلنەوە پێی دەلێن پشتەك . |
| پشك | بەش . |
| پشکێن | پشکاندنەوە ، خاوکردنەوە |
| پلتە پلت | ئاخافتنی نابەجێ . |
| پلك | خوشکی باب( مەت )، خوشکی دایك ( خالەت ). |
| پلۆخ | پیس و پۆخل ، پنجل . |
| پۆخلەمە | گە نمی برژاو لە گەل شەکری دەهاڕن . |
| پۆر | پرچ ، تیتك ، قژ. |
| پۆرکوڕ | پرچ بڕای ، قاقول بڕای ، چغ بڕای |

| | |
|---|---|
| پۆرو پەرچەم | قژ و پرچی ناوچەوان ، پەند ( پۆرو پەرچەمی چا دەکا ، جەرکیٚ لاوان کەرت دەکا ) . |
| پوش کێل | جۆت کردن لە زەوی پڕ پوش ، پەند( نە قوڕکێل بە ، نە پوش کێل بە )هەردووك پەسند نینە . |
| پۆشتە | ڕێك و پێك ، جلوبەرگی ڕێك و خاوێنە . |
| پویتە | ژاکاو ، سیس ، ناتەندرووست . |
| پویش بەسەر | کارێکی بە نیوەچەلی یان بە خێرایی ئە نجام بدریٚ، |
| پێپەچانیٚ | پێلاّوی مندالی بچوك . |
| پێپلکە | قادرمە ، دەرەچکە . |
| پیخە | لاواز ، ناتەواو . |
| پیرخەنی | سمایلۆك ، هوردکی ساواری . |
| پێڕك | هەرزالە ، هەمبانەی دانەوێلەیان لە سەر دادەنا |
| پێڕۆ | دەواری بار هەلگر . |
| پیرو خەرو | تەمەن درێژی ، لە ژیان بەردەوام بیت . |
| پێریٚ | دوێنیٚ نا پێریٚ ، بەری دوو ڕۆژە |
| پیسکە | بیٚ نرخ ،هیچ و پوچ . |
| پێشقەرەوەل | سەرقەلەور ، پێشەنکی لەشکر . |
| پێگۆڕکیٚ | گۆڕینەوە ، ژن بە ژن . |
| پێگوینە | پێچونە . پێپلکە . |
| پێغەمبەر | پەیامبەر، هەلگری پەیام . |
| پیك | پیك و دوزەلە . پیك پارچە قامیشێکی بچکۆلەیە زمانەی بۆ دروستدەکەن دەنگ لێوەدێت دەیخەنە سەری زورنا یان لە دەوی سەرەوەی دوزەلە وەکو نێرو میٚ قایم دەکرێت لە نزمی |

| | |
|---|---|
| | گۆرانیەکان دەژەنن . |
| پیك برە | نەخۆشیەکە کاتی دەغل خشتە کوڵ دەبێت جۆرە کرمێکەقاسکی لە بنی دەبڕیت . |
| پیك و چەغماغ | دەمو دەست . یان ئەو کارە هێندە ئاسان نیە . |
| پێکۆڵ | هەوڵدان ، کۆلنەدان . |
| پێکۆڵ | ١ـ چینە دەکات ، بنبڕکە ، پێبڕکە .<br>٢ــ خەبات و تێکۆشان . |
| | **پیتی ( ج )** |
| جاڕس | وازنەهێنان ، کۆلنەدان لە کارێك . |
| جاغ | تورەگەیەکە ماست یان دۆی تێدەکەن تاکو تیردەبێت پاشان دەکرێتە کەشك یان داندۆك ، جۆڕك . |
| جەغلەمە | کاری نارێك و ناتەواو . |
| جەلەودار | سەرقافلە . |
| جەلەوگر | چەتەو ڕێگر . |
| جەلەوکێش | هەوساری سەری دەواری بکێشی ، لەبەریٚ کەسی جوولەکەیان دەکردە جەلەوکێشی ماینیٚ بووکیٚ . |
| جەم | ١ــ لە پالٚ ، نێزیك ، ٢ــ ژەمی خواردن . |
| جەنە | ڕك . دەڵێن : فام دەکاو جەنە دەگری . |
| جە نجەلوت | لە شوێنی خۆی ئارام ناگریت، ناسەکنی، بە بزاڤـــــ . |
| جدەو | مالی قەلپ ، لاملٚ . |
| جرت و فرت | دێت و دەچیت ، ئۆقرە ناگریت . |
| جرتی لێدا | تڕانەی پێکرد ،گالتەی پێکرد. |
| جغز | بازنەی یاری کەلایانیٚ ، یاری نانە تۆپ تێدادەکرا . |

| | |
|---|---|
| جقە | نقە ، ورتە. |
| جلیتان | خۆتێهەڵدان. |
| جمك | دووانە . |
| جمکانە | دووانە ، بە یەك زگ دووانان بینیت . |
| جنس | توخم . |
| جوانەگا | گۆلك لە ناو تەمەنی سێ ساڵی بێت . |
| جۆتکە | لەقە ، هێستر جۆتکەی هاویشت ، پێنی هاویشت . |
| جۆش | ١ــ گر ، لە کرو لە جۆش . ٢ـ ئاگرەکەی جۆشبدە واتە خۆشکە . |
| جێز | ڕەوسەی گەنم و جۆ دووای شەنەبا . |
| جێشتان | دوای هەلاتنی ڕۆژ |
| جیفرقانە | بە زالمانە بێ بزەیی گیانەوەرێك بکوژێت . |
| جینجڕ | نینۆك. |
| جینگز | شەمبۆز . |
| | **پیتی ( ح )** |
| حالۆری | تەگە یان بەران بچێتە ناو مێگەلە حەیوانێکی تر بۆ پەڕین ( کاری سێکسی ) دەگەڕێتەوە گۆی لەق . |
| حالی حازر | نووکە ، ئێستا ، ئەو دەمەی . |
| حاویە | خاکێکی تەخت و بە پیت و بەرەکەت شوێنەکەی لەدەو روبار بێت بەراوی بکات . |
| حە پسا | ترس کەسێك دابگری . |
| حە پیسکە | هەرچی خرا پە بەسەری هاتبێت . |
| حەسحوس | هەیتە ، شورتە ، پۆلیس . |

| | |
|---|---|
| حەچە | وشەیەکە بۆ لێخوڕینی کەر بەکاردێت . |
| حەڤدال | شەیدا ، تامەزرۆ. |
| حەڤدەك | دستکەك ، قافکەك . |
| حەلان | حەلانی خورما ، قەفەزێکە لە پەلکی دارخۆرمایە قەد قەد خورمای تێدەکرا . |
| حەلۆشی کرد | هەمووی خوارد، خواردنی مالی حەرام . |
| حەم بکە | خواردن بدەیتە منداڵ . |
| حەنگرا | غەزرا ، لە شوێنی خۆی نابزوی یان نالڤیت . |
| حەوسەلە | گەشە کردن و گەورە بوون . |
| حەوسەلەت ببڕێ | لە هێزو تاقەت بکەویت . |
| حەیابەر | ئابرۆبەر ، بێ شەرم . |
| حەیام | حەیام هات حەیام چوو ، کات و وەخت . |
| حەیفە | مخابنە . |
| حەینۆش | هەراو هەنەق و هەلپەڕین . |
| حسێبگر | شارەزا لە حسێباتی سەقاو کەشناسی . |
| حنگێن | لێدان و کوتان . |
| حوسحوس | کەسێکی نەوەستاو فتنەگێر . |
| حوقە | ناوی تەندارێکە بۆکێش بەکار دێت ٢کیلۆ دەبێت . |
| حیتە حیت | دەنگی پێکەنین . |
| حیشکا وس | لە پێش باران بارین تۆ بە زەوی دابکرێ بۆ چاندن. |
| حیشکە | جۆرە لە نەخۆشیەکی مەڕومالاتە . |
| حیشکە ساڵ | ساڵی کەم باران ، سالەور . |
| حیشکەبیرۆ | زیپکەی وشك . |

| | |
|---|---|
| حیێچ | چۆلبڕ . |
| حیلە حیل | دەنگی هەسپ ومایین . |
| | **پیتی ( خ )** |
| خاپەڕۆك | پاش بەرە ، پاش ماوە . |
| خافل | بیٚ ئاگا ، بی خافلیٚنە : های لیٚنیە . |
| خان | کاروان سەرا ، بە شەوان شویٚنی مانەوەی کاروانچیان بوو ، لە موسل خانیٚ روحۆی هەبوو . |
| خاو | ١ - شلە پەتە ، سست و بیٚهیٚز .<br>٢ - خواردنیٚکی نەکولای ٣ ـ خواردنیٚکی کەم خویٚ. |
| خاوە پەتە | ترغەلٚ ، کەسیٚکی سست و شلە پەتە . |
| خە پاندن | خەلەتاندن . |
| خەرەند | کەندالٚ ، کەندەلاٚن . |
| خەرتە | زەوی دووجار بیٚتە کیٚلان . |
| خەفتن | ١ ــ خەوتن ، نوستن ٢ ــ لە خۆ خەفتن خۆ جوانکردن. |
| خەمیس | خواردنیٚکە لە دەڤەری خۆشناوەتی هەیە تووی حیشك و گویٚز بە هاون دەکوتن . |
| خەناوکە | ملوانکە ، گەردانە . |
| خە نجەری دشنە | خە نجەری دەو راست ، قەمە . |
| خەو کوتکە | دلٚی بۆ خەو دەچیٚت ، ویٚژینگ . |
| ختم | ١ ــ ختمی قورئانی ٢ ــ ختم : نوقوم بوون ٣ ــ مۆر |
| خدی | خوی پیٚوە گرتیە . |
| خرتــــ | بەرخی نیٚر تەمەنی سیٚ سالٚ تیٚپەر بیٚت . |
| خرپن | مرۆڤی پڕ گۆشت ، گولفن . |

| | |
|---|---|
| خڕینگە | دەنگی لێدانی خشل و زێر . |
| خشتە گوڵ | دەغل بە تەواوی گوڵبدات . |
| خشی | ڕۆیشت ، چوون ، خشیە ناو مێگەلێ . |
| خلتانە | جۆرە ڕوەکێکە گولەکەی بۆ پاککردنەوەی ددان بە کاردێ. |
| خلۆر | ناوبەتال ، ناو بۆش . |
| خم | ڕەنگ کردن ، خمچی ئەو کەسەی کاری خم دەکات . |
| خنس | ١ـــ ڕەزیل ، قرچۆك، چرۆك . ٢ـــ تەسك و تەنگ . |
| خواستی | لە کەسیك وەرگیرابی بە ئەمانەت ، پەند :<br>( بادیەکی شکەستی ، باشترە لە هێ خواستی ). |
| خوان | تلیانە ، پەند: ( ئەو نان نانە ، ئێستا لە خوانە ). |
| خوترە | داردەستێکی مام ناوەند ، بۆ شەڕبەکاردەهات . |
| خۆڕەوشت | خسلەت ، دابونەریت . |
| خورت | قەرت ، بەرخە نێر لە سێ سالی سەرەوە ( بەران ) ە. |
| خورچە | وەك هەگبە کەلوپەلی تێدەکرێت ، جانتك . |
| خۆرك | ژەنگ ئاسنی خواردبێت . |
| خورمەچیچانە | گیایەکی بەهاریە بنەکەی دەخورێت . |
| خۆرنەگەز | ئەو شوێنەی تیشکی خۆری پێناکەویت . |
| خوچێ | بچوککراوی خوشك . |
| خۆڵ بەسەرە | ژیانی وێرانە . |
| خۆلە مۆك | کۆکردنەوەی دەغلودانی بن جۆخینێ . |
| خۆلەبان | ئاخێ دەکەنە سەر ئاخەبانێ . |
| خۆلیسەر | ماڵ وێران . |
| خۆی تێك نەدا | خۆی لە گویرە نەبرد ، جێی خۆی لەقنەکرد . |

| | |
|---|---|
| خوێڕی | بەخۆیداری ، بێئەمەکی ، دەخواو دەڕی . |
| خویز | تف و لیکاو . |
| | **پیتی ( د )** |
| داخ | خەموپەژارە . خەموخەفەت . |
| داخ لە دڵ | ڤین و بوغز و حقد لە دڵ . |
| داد و بێداد | هاوار لە دەست ناحەقی . |
| داد و فیغان | هات و هاوار ، هەراو هۆریا . |
| دار خەزنە | دوو داری بچوکە لە ناوەراستی نیر قایمکرایە . |
| دارە بێر | دوو دار بە پێچەوانەی یەك قایمکرایە بۆ دانیشتنی شوان لە کاتی بێریکردندا . |
| دارەوان | کەسێك بە بنەدار هەلبچێت . |
| دارپشکێو | بایەکە لە کاتی دارپشکێو هەلدەکات . |
| دارجۆخین | داری ناوەندی جۆخین . |
| دارکاری | بە دار تێریان لێدا . لێدان و کوتان بە داری . |
| دارماڵ | دەفرێك شتی تێبکرێت بە دارێك سەر راست بکەن . |
| دارڕوجان | ڕوەکێکی زیانبەخشە لە ناو برنج شین دەبیت لە شێوەی برنجە و زیانی پێدەگەیەنێت . |
| داسوکە | مانگ لە تەواو بوون بێت لە شێوەی داسوکەیە . |
| داشە بەرد | بەردی یاری دامانێ . |
| داغ داغ | خەت خەت ، هێل هێل . |
| داغ سۆر | گونی( فەردە ) هەبوو خەتێکی سۆر لە ناوەراستی هەبوو . |
| داغدار | داخ لە دڵ . |
| داقسان | لاواز و بێ هێزی . |

| | |
|---|---|
| داکەسێ | دانیشە . راوەستە ، بسەکنە ، سوکنە بگرە |
| دالیە | بۆ پیوان بەکاردێت ، تەغار بیست عەلبەیە ، بیست تەواو بێت دەلێن دالیە واتە تەغارێك تەواو بوو ، |
| داماو | وێل و سەرگەردان ، دالغەلێدان . |
| دامرکا | هێول بۆوە ، ئاسایی بۆوە . |
| دامێن | کراسوکەوێ شۆڕبێت دەلێن دامێنی لە عەردێ دەخشی. |
| دامێن پیس | مرۆڤی بەدڕەوشت و زیناکەر . |
| دان و ماش | ردێنی سپی و ڕەش تێکەل بووە . |
| دانەبێر | دوو سەر بێری دادەنیشن بۆ مەڕومالات دۆشین . |
| دانەدۆز | ١ـــ شارەزا لە ڕاوکردن . ٢ـــ بە دوای ڕادەکات بۆ گرتنی . |
| دانەوێلە | ١ـــ جۆرە ڕوەکێکە لە شێوەی فاسۆلیا بەلام هوردترە . ٢ـــ ئەو دانەی دەدرێتە پەلەوەر . |
| داندۆك | دۆ و ساوار تێکەڵدەکەن دەنەوێت دەکەنە داندۆك . |
| دانگە | چەراندنی مالات لە بەشێکی پاوان |
| دانگە دانگە | هەر ڕۆژ لە شوێنێکی دیکەی پاوان مالات دەچەرێنن . |
| دانووسا | لەبە راوەستایە ، خۆی حەشاردایە . |
| دانی | لە دانی راگیرایە ، حەیوانی دابەستی . |
| داوبسکە | لیزیەکی باریك . لیزی لیزی . |
| داوە دۆز | بە ئاسانی ناکەوتە ناو داوەکە . |
| داوەراوە | ئارام بوو ، ئۆقرەی گرت ، نیشتەوە. |
| داوڵ | لە ناو دەغل دارێك دەچەقێنن کەونە جلوبەگی کەون لێدەئالێنن لە شێوەی مرۆڤـــ دەچێت . |

| | |
|---|---|
| دایچۆڕاند | هیچی تێنەهێشت ، چۆلفسی کرد . |
| دەدەوسێ | زۆر دەگەرێ ، لەو شوێن بۆ ئەو شوێن . |
| دەر | ماڵ ، بێ دەر : بێ ماڵ . |
| دەڕەخسێ | دەلوێ ، دەگونجێ . |
| دەڕەوێ | دەحەپێ ، حەپەی سە . |
| دەرخوارد | خواردنێکی خراپی پێدا . |
| دەرهەم | جۆرە دراوێکە ٥٠ فلس بوو . |
| دەست قوچاو | قرس و رەزیل . |
| دەستەبەر | گرتنە ئەستۆ ، کەفیل . |
| دەستەوا | دوو لا هاوکاری یەکتر بکەن . |
| دەچوێنی | لە ناوی دەبات، پەند ( ئاش دەینی ، ئاشەوان دەچوێنی ) . |
| دەغەزار | حەیوانی لەڕ و نەخۆش و بێ هێز . |
| دەغەڵ | پاتاڵ وتەوەزل . |
| دەغدەغە | خوتخوتە . |
| دەغڵ | خەلە . |
| دەلان | ناوێکە لە ناوەکانی سەگ . |
| دەلاندن | ئاوی لێدەتکێتەوە . |
| دەلەچە | زۆر بلێ ، ماستاوچی . |
| دەلەمە | هێلکەی نیوە کولای ، شیر بە تەواوی نەبیتە ماست . |
| دەلوێ | دەگونجێ. |
| دەمچەفت | کۆرفام، ناتوانیت کارێك جێبەجێ بکات ، ناشارەزا . |
| دەندەل | پەراسو . |
| دەهری | تورە . |

| | |
|---|---|
| دەو | قەراغ ، نزیك . لە دەو روباری . |
| دەوار | ڕەشە ولاغ . |
| دەورەی جۆخین | پێی جە نجەر لە دۆر جۆخین دەسورێتەوە . |
| دەوریاندا | ئابلۆقەدرا ، گەمارۆدرا ، دۆرپێچکرا . |
| دەولاسکە | لاسایی کردنەوە . |
| دەو نخون | وەڵگێران ، ئەو مە نجەڵەی دەو نخون بکە |
| دژون | پێچەوانەی خاوین ، پیس و بە قرێژ خۆی نەشوات . |
| دراو | پارە ، پوول . |
| دڕندە | ئاژەلی هێرشبەر ، پڕنەو . |
| درێژ دادڕ | زۆربلێ ، چەقاوەسو . |
| درێغی | کەمتەرخەمی . |
| دمۆر | بەد ، خراپ . |
| دوابەرە | کۆتا منداڵ . |
| دۆبڕ | مەڕو مالاتی خۆی خڕ فرۆشت . |
| دۆخین | بەنەدۆخین دەکرێتە ناو نیفۆی شەروالی پیاوان . دێخون( ناوچەی قەلادزە )، گونجەنە( هەورامان ) ، |
| دۆدان | مەشکێکی بچکۆلەیە دۆی تێدەکەن بۆ پالان . |
| دۆدان | داری مەشکە ژاندن . |
| دۆر ما دۆر | دەوروبەر . |
| دوڕە | لە نێوان دوو پێکهاتەیە ، بە بزنێك دەلێن نەمەڕەزە نە ئاسایە واتا زڕ مەڕەز. |
| دۆرپێچ | گەمارۆدان ( حصار ) |
| دورێشە | پارچە ئاسنێکی تیژە بە دەستکە دارێك وەیە . |

| | |
|---|---|
| دۆسە | تەختەدارێکی ئەستورو درێژە . |
| دۆغە | حەیوانێك بدرێت بەکەسێك بۆت بەخێوبکات ،سپیاییەکەی بۆئەوبێت وبەچەکەی بۆتۆبێت. |
| دۆغری | راستگۆ ، بێ پێچ و پەنا . |
| دوند | بەرزترین شوێن ، لوتکەی چیا . |
| دوو ڕوو | دوو فاقی ، راستی نالێت لایەنی خراپ دەلێت.<br>پەند : ( بەرد بشکێنە پیاوی دوو ڕوو مەدوێنە ) . |
| دووبێر | ڕۆژی دووجار دەچوونە بێریٚ بۆ دۆشینی مەڕومالاٚت. |
| دوورەگا | سەر مژانەیان لە کۆتا کونی مژانە دەکرد . |
| دووڕیان | دوو ریٚگا خۆلیٚکبدەن . |
| دووشاخ | گاسنی جۆتی یەك شاخ و دووشاخی هەبوو ، دوو شا پەڕی گەورەی هەیە ، گاسنی دووشاخ بۆ جۆتی گاو هێستر بەکاردەهات ، یەك شاخ بۆ جۆتی کەر. |
| دووفلیچقانە | دوو لقە داری لێك نزیك . |
| دۆین | جۆرە خواردنێکی کوردەواریە . |
| دییلە | جۆرە خواردنێکی کوردەواریە ، نانی تەنك بە کوریشکە دەینن لە ناو ڕوون سۆردەکرێتەوە . |
| دێزە | کەری ڕەنگ خۆلەمێشی . |
| دیقانیٚ | سەرکێشکانیٚ . |
| دیقەت | وورد بوونەوە ، لێڕامان . |
| دیقدیقانە | قدیلانە. |
| دێلە | سەگی مێوەلە ، دێلە سە . |
| دێلە سەگ | دەلە سەگ ، سەگی میٚ . |

| | |
|---|---|
| دێم | ١ــ دێم بکێشی لە سەر خۆ بکولێت . ٢ــ دێمی زەوی دێمی بێ ئاودان . ٣ــ دێمکە لە چادر دروستدەکرا شوان ئاوی لێدەخواردەوە ٤ــ دێمی سۆرگولی روخسار. |
| دێنکێ | بەرێ خۆبدێ ، برۆنێ ، تەماشا بکە . |
| دیواربڕ | ئاسنی دەستی دز بۆ دیوار بڕین بە کار دەهات، نشکن. |
| دێی ریسی | بە هاران گیا دەدورنەوە لە دەوری دارێك دەئاڵێنن و کۆمدەکەن هەندێ جار بە نایلون سەرپۆشی دەکەن و درکەستری لەدۆری دەئالێنن یان پەرژین دەکەن تا پارێزراو بێت لە زستاندا بە ئاژەلەکانیان دەدەن . |
| | **پیتی ( ژ )** |
| ژاندن | لەقاندنی مەشکە ، مەشکە ژاندن . |
| ژەك | پێش لە دایك بوونی کۆرپەلە شلەیەك لە مەمکی دایك دروست دەبێت پێی دەڵێن ژەك . |
| ژوار | ژانو ئازاری زۆر . |
| ژۆردا | بەرەوخوار ، شۆڕبەوە . |
| ژێرهەل | بەرەو سەرەوە . |
| | **پیتی ( ر )** |
| راستی کونێی کرد | بە زەبر بە دڵی خۆی دامەزراندیە ، لە ترسان بە گۆی دەکات ، لە فەرمانەکانی دەرناچێت . |
| راشکاو | رۆن و ئاشکرا ، بێ پێچوپەنا . |
| راچەنی | راچلەکا . لە ترسان بزافت . |
| ڕام | ڕاهاتن ، دەستەمۆ ، مەریح . |
| ڕاوکە | هێلکەیەك دیاری دەکرێت بۆ ئەوەی مریشك لەو شوێنی |

| | |
|---|---|
| | بنیشێت تاوەکو هێلکەی لەو شوێن بکات . |
| راویە | چادرێکە لە سەر پشتی دەوار دادەنێن بۆ ئاوکێشان. |
| ڕبە | ئامێرێکی پیوانەی سۆرانە ٩ نۆ کیلۆ دەگرێت . |
| رەباس | زەوی تێر ئاو ، نشای هەیە . |
| رەبەق | تەواو ، بیٚ کەموکوڕی ، کاتژمێر ١٢ ی رەبەقە . |
| رەبەق | تەواو و بیٚ زیاد و کەم ، دەڵێن/ کاتژمێر دووازدەی رەبەقە . |
| رەزا | سیماو روخسار ، رەزای قورسە . |
| رەزا گران | کەسێك لەبەر دڵان خۆشەویست نەبێت . |
| ڕەشە گون | زللەی رۆژگار ، پەند( هێشتا ڕەشە گونی نەدیتیە ) . |
| ڕەشۆکی | ١ــ خەلکی ڕەشوڕووتی نەخوێندەوار ٢ـ ناوی جۆرە بزنێکە ٣ــ جۆرە تڤەنگێکی کۆنە ٤ــ جۆرێك توتنە. |
| رەچەلەك | بنەچە ، نەژاد ، وجاغ . |
| رەفیسك | نەرمە گۆشتی نێوان چۆك و پیٚی . |
| ڕەند | ١ــ نەترس و ئازا قسە خۆش و روح سوك .<br>٢ــ رۆخی دەرەوەی نەکوتراوی بەر پیٚی جە نجەڕ . |
| ڕەهێلە | بارانی بە خوڕ بە لێزمە . |
| رەوە | کۆمەلە ، چینەك . |
| ڕست | لە گوریس باریکترە دەکرێتە ملی تا نجو( تاژی ) . |
| رستە | ١ــ لە حەوشە رستە هەیە جلوبەرکی شورای لە سەر رستە رادێخن بۆ هیشك کردنەوەی<br>٢ــ رستەی هیشك کردنەوەی توتن . ٣ــ رستەی ملی تاژی . |
| ڕستەم | زەوی بەردەلان و ڕەق . |
| ڕچە | رێچکە ، شوێن پیٚی گیانلەبەر لە ناو پوش و پەلەخ. |

| | |
|---|---|
| ڕکە | پشت بەستی دیوار لە ترسی کەوتن . |
| ڕکێ ڕکان | لە ڕکێ دراوسێی ڕکەیەك لە قانچێ ماڵێ خۆی دروستدەکات . |
| رکێف | ئاسنێکە بە زین شۆڕدەبێتەوە سوار پێی خۆی تێدەکات ، دەڵێن دایە بەر ڕکێفان. |
| رمبازی | هەلپەڕین خۆتێهەڵدان و دابەزینی سەرپشتی ماین. |
| رۆژگەزتی | تیشکی رۆژ کاری لێکردیە . |
| رۆنی | ئەستێر ، رۆندك ، فرمێسك . |
| رییۆق | قەوزە ، تەلخێکی کەسکە لە ناو ئاوی مەند هەیە . |
| رێژنە | رەهێلە ، تاوە بارانێکی توند . |
| رێسمە | چارچێوەی دەرگا داخستن . |
| ریسی | بەهاران گیای دەدرونەوە دەکەنە ریسی وەکو گلۆلە بۆ زستانێ وەك ئالف بە ئاژەلان دەدەن . |
| رێشمە | رێزە گولینگە بەبەرسینگی ماین وهەسپ وەدەکرێت. |
| رێگای کاکێشان | رێچکەی ئەو گەلە ئەستێرەیە بە شەوان دیارە. |
| زاخیر | زەوی زیخ و لماوی . |
| زبارە | کاری هەرەوەزی . |
| زەبر | هێز . |
| زەبوون | زەلیل ، زەبوونی خوارد. |
| زەرگال | ناوی جۆرە پێلاوێکی کوردەوارییە . |
| زەفت | بێ جولەی کرد . بە سەری زاڵبوو . |
| زەقنەبووت | ژەهری تاڵ ، مەرگەمۆش. |
| زەنەك | ساڵی بە باران بەهاران ئاو لە زەویەکان هەلدەقولێت. |

| | |
|---|---|
| زەندەق | ترسا ، حەپەسا . |
| زەندەقی چوو | زۆرترسا . زراوی ڕژیا . |
| زەندۆل | شەقێکی قۆرە کاتێ ئاوی زستانان زەوی هەڵدەدڕی . |
| زەین | هۆش و بیر . |
| زڕاندن | دڕاندن . |
| زڕاندی | دەنگی کەر . |
| زراو | ١ــ زاخ ٢ــ باریك ، ناوقەد زراو . |
| زراوی ڕژا | ترسێکی گەورە . |
| زگپڕ | ئاوس ، دووگیان . |
| زمان پیس | جوێن فرۆش ، جویندەر . |
| زمزمە | مەتەرەی ئاو خواردنەوە . |
| زنجانێ | کۆرت کۆرتانێ ، جۆرە یاریەکی کوردەوارییە هەر لایەك هەفت بوو هەفت بەردی بچوکی تێدەکرا . |
| زۆرانە | گەوزاندن ، لە بنە خۆنان . |
| زۆری | هەزارپێ ، خشخشۆکە . هەزارپا . |
| زوقم | هوردە شەختەیە دەکەوتە سەر پەلکی شینایی . |
| زولف | بسك ، ئەگریجە . |
| زی روح | گیانلەبەر . |
| زیتکە | دارێکی بچوکە بە قاقێ وەیە دەنکە کە نمی پێوەدەکەن. |
| زێد | شوێنی لە دایك بوون . |
| زیڕاندن | زیرە گریانی بە هێز و تیژی منداڵان . |
| زێڕی ڕەشادی | زێڕی سەردەمی ڕەشاد پاشای عوسمانی . |
| زێڕی مەجیدی | زێڕی سەردەمی عبدولمەجیدی پاشای عوسمانی . |

| | |
|---|---|
| زین | دەخرێتە سەرپشتی ماین و ئەسپ لە دارو پیست وئاسن پێکهاتیە سوار لە سەر دادەنیشێت . |
| زیندە خەو | لە نێوان خەو و ئاگایی . |
| | **پیتی ( س )** |
| ساتۆر | سیکاردی گەورە . |
| ساپ | پارچە بەردێکی تەنك و لوس . |
| ساغ | ساز، ساخ، خۆش . |
| ساقە چەرمە | داماڵینی پێستی پشتەمڵ. لێدانێکی خراپ . |
| سام | ترسی زۆری لێ نیشتییە ، لە ترسان دڵ پەست بووە . |
| ساموتە | ڕێچکە گولینگی ڕەنگاو ڕەنگە بۆ ڕازاندنەوە بە زینی ئەسپ وەدەکەن . |
| ساوێلکە | سادە . |
| سەبەتە | دەفرێکە لە شووی باریك دروست دەکرێت . |
| سە تمە | پێ هەڵقرچینەوە ، دەو و دەو بۆ عەردێ دەچیت . |
| سە پان | کارکەرێ خەڵکی ، ڕێنجبەر . |
| سەخلەت | بێزار ، دڵتەنگ . |
| سەر بە سەر | ١ ــ گۆڕینەی شت بە یەکسانی لە کێش . ٢ ــ ڕێك و پێك . |
| سەراوە | لاواندنەوەی مردی دەکەن، بە مردیدا هەڵگۆتن . |
| سەربار | هەڵگرتنی زیادە لەسەر بار . |
| سەربە کلاوە | بارانی پشك گەورە . |
| سەرە | ١ ــ سەرە مریشك ٢ ــ ئەو دەوارەی لای دەرەوە دێتە بەستن لە کاتی جە نجەڕکردن ، |

| | |
|---|---|
| سەرە سم | بە لموزی پێلاوی دەڵێن : دایە بەر سەرە سمان . |
| سەرەخەو | خەوێکی کورت ، سەرە خەوێکی شکاند . |
| سەرەدەری | لە کارێك تێبگات ، لێزان. |
| سەرەوان | چەغەکەتوولە ، وەرەی یان حە پەی بەکۆمەڵ. |
| سەرپەڕ | گای کۆتایی گێرە . |
| سەرپەلە | بارانی دەسپێکی وەرزی پایز . |
| سەرحەد | توخیب ، سنور . |
| سەرخێل | سەرۆکی خێل . |
| سەردەلینگ | نیو مەتر قوماشی بە سیم و ئالوال لە دەلینگ دەرپێی ژنان دەدرێت . |
| سەردولکە | گۆرانییە بەسەر مردی دەڵێن . |
| سەرسەدە | خالی دەست پێکردنی جۆت کردنە |
| سەرشۆرك | شوێنی خۆشووشتن ، گەرماو . |
| سەرچەقە | کوێشکەی مالان ، سواندیلکە ، کوێشکە . |
| سەرچۆپی | کەسێ سەرێ داوەتێ ، داوەتگێر . |
| سەرچیغ | سەر پێست ،برینێك تەنها پێستی گرتبێت . |
| سەرگین | ئاگوردی ، سۆتەمەنی، وشککردەنەوەی پاشەڕۆی ئاژەڵ . |
| سەرگیندان | شوێنی سۆتەمەنی هەلگرتنی پاشەڕۆکی ئاژەلەکانە . |
| سەرقاڵ | مۆژیل ، خەریك ، خەجل. |
| سەرکەلە | ریشمە ، هەوسار بۆ راکێشانی ولاغ بە کاردێت . |
| سەرکوبنك | دایکێك کۆمەلە مندالی هوردی هەبێت ، |
| سەرمژانە | دارێکە ٢٠ تا ٣٠سم درێژە سەری گرێیە دەکرێتە ناو کونی مژانە بۆ راکێشانی جە نجەر و هە نجار . |

| | |
|---|---|
| سەرمۆر | بەکار نەهاتبێت ، نوێ نەکرابێتەوە. |
| سەرناس | شارەزا لە ناسینەوەی کەسان یان هەرشتێك . |
| سەروەشێن | لێشێواندن ، لەبەری بزربووە ، لێی تێکدرایە . |
| سەروسۆراغ | هەوالپرسین ، دەنگ و باس . |
| سەریان تێنا | دەسپێکی کارێك ، دەستیان پێکرد . |
| سەریخ | شوێنی فرێدانی پاشەڕۆی ئاژەلەکان . |
| سەگمان | نیشان شکێن ، نیشانچی . |
| سەفتە | کومەلێك شتی هاوشێوە لە سەر یەك دابنرێت ، |
| سەقەت | پەککەفتی ، ناتەواو . |
| سەکتۆ | سکەت ، مرد . |
| سەکسار | مێوەلەی مە یمون . |
| سەلەف | کۆمەلە سوارێك ، سەلەفی سواران . |
| سەڵتە | بە تەنیا ، سەڵتە زەلام . |
| سەلتەڕێ | ڕێگایەکی باریك تەنها کەسێکی پیادە بە دەستبەتالی پێیدابڕوات . |
| سەڵتەڕێ | ڕێگایەکی باریك و تەنگ تەنها مرۆڤ تێدا رێدەکات ، دەوار نەشێت پێدا بڕوات . |
| سەلم بەلم | لە کڕین و فرۆتن پارەی خۆت کاش وەربگرە . |
| سەنگرا | راوەستا ، هەلوەستە . |
| سەین و بەین | کەین وبەین ، تێکەو لێکە . |
| ستل | لە مز دروستدەکرا دەفرێکی قولپەدارە بۆ ئیشوکاری ناومال . |
| سڕ | ١ــ پاشە رۆی ئاژەلەکان لەبن پێیان بە ناومالی ژوورەکە تەلخە دەگریت هاوینان وشك دەبێتەوە هەلدەقێنن باشترین |

| | |
|---|---|
| | سۆتەمەنیە بۆ ناو ئاگردان .<br>٢ـــ بەنج کردن ، ٣ـــ ساردی، قاچم لە سەرما سڕ بییە. |
| سرتغ | کەللەڕەق، گۆهنەدار . |
| سڕگوم | بێ خەبەر ، شوێن بزر ، نادیار . |
| سرک | دەرەوتەوە ، دەستەمۆنییە . |
| سفار | کەسێکە قاپ و قاچاغی سفر سپی دەکاتەوە . |
| سفتیك | دەشتی نێوان چیا . |
| سکەت بوو | تۆپی ، مرد . |
| سکورد | ملێ ، گەردەن . |
| سلۆك | سەلەمە ، ئاژەلێك زۆر بترسێ . سرك ، ڕەوینەوە |
| سم | پارچە رەقەی پێی ئاژەل ، هەیە یەك سمە وەکو:<br>ماین ،کەر، هێستر ..دووسمە وەکو :چێل ، مەڕ ، بزن |
| سمایلۆك | هوردکی ساواری . |
| سمبێل قیتکە | زەردەخەنە ، پێکەنین بە لێوان . |
| سنجاق | قولابە . |
| سندان | ١ـــ جۆرە نەخۆشییەکە وەکو ( شێرپەنجە )<br>٢ـــ ئامێرێکی ئاسنە پنیدۆزکاری لە سەر دەکات . |
| سندم | لە هەردوو پێی پێشەوە ولاغ دەبەستنەوە ، ناتوانیت<br>غاربدات ، تاوەکو لە ماڵان بە دوور نەکەوێتەوە . |
| سوا | پێکهەلخڕان ، سۆربوونەوەی ناو ران . |
| سواندە | زێدەیی سەربانی یان خانی دیوارلە باران دەپارێزێت |
| سۆتەك | سۆتوو یان مشکی جغارە . |
| سۆتکە | گیایەکە لە شوێنی زیخەلانی لمی شێدار شین دەبێت |

| | |
|---|---|
| | رەگەکەی دەنکێکی رەشی پێوەدێت ، بۆن و تامێکی خۆشی هەیە دەیانکردە ناو چایە یان دەکرا خەناوکە. |
| سوڕان | بادان ، چەرخاندن . |
| سۆرەقاتە | تازە لە دایك بوو ، چاوی بە دونیا هەڵێنا . |
| سۆرەقاتە | گیانلەبەری ساوا تازە لە دایك بوو . |
| سۆرك | ١ـــ سۆرەبان خاكێكی رەنگ سۆر ٢ـــ نۆكی بیژۆك . |
| سۆری ساقە | منداڵێكی سۆر و سپی. |
| سوچ | خەتا . |
| سوغرە | كارپێكردنی بە زۆری . كاری بە كوتەك . |
| سۆل | ناوی جۆرە پێلاوێكە ، پەند : ( پانیێ سۆلێم تیك تیكە، حەمە نا یەكیدیكە ) . |
| سۆل | پێلاو ، كەفش . پەند ( پێلاوێ سۆلێم تیك تیكە ، حەمە نا یەكیدیكە ) . |
| سونگی | دەغل بە تەواوی سەری هەڵهێنابێت . |
| سویك | بازار . |
| سێبەرۆ | ناوی نەخۆشیەكە ٣ رۆژان لەسەریەك توشی لەرز و تا دەبێت |
| سیپان | كێوێك بەردەوام بەفری هەبێت ، |
| سیرەی دەهات | ئاوەدان و قەلەبالغە . |
| سیس | مووی زەرد . |
| سێوی | دایك مردی . |
| سێویخانە | خانەی مندالانی بێ سەرپەرشت . |
| | **پیتی ( ش )** |
| شاپڕێن | دەركراو ، تێهەڵدراو . دەستهەلاتیان لێساند . |

| | |
|---|---|
| شاخ مات | شەترەنج . |
| شاگەشکە بوو | زۆر کەیف خۆش بوو . |
| شافڕ | ١ـ ناوی جۆرە ڕوەکێکی بەهاری خۆرسکە لە سەر بنجی خۆی شیندەبێتەوە .<br>٢ـ وشکای بیابان . |
| شامی شەریفە | بێگیروگرفت ، بێ کێشەیە . |
| شان و شەوکەت | بە کەسێکی گەورەو پایە بەرز دەگۆترێت . |
| شەبەق | رۆناهی سوبەینان ، گەزەنگی رۆژ . |
| شە پرێو | بارودۆخی کەسێك تێکچووبێت . |
| شە پڕێو | هەندام نارێك . |
| شە پلە | شەلەل . |
| شەداو | دەغا، ساختەچی . |
| شەربك | گلێنەیەکی قورینەی تەنکی سۆرکراوەیە ، بۆ ئاو خواردنەوە بەکاردێت . |
| شەشخانە | ١ــ دەمانچە ، وەڕوەڕ . ٢ـ یاریەکی کوردەواریە ، |
| شەگ | بەرخی نێر تەمەن سێ سالی . |
| شەگرە | مەڕی هەردوو لاگوێی سۆرە و خەتێکی سپی لەنەوچەوانی هەیە. |
| شەق و دۆق | شەڕو هەی لاو . |
| شەقار | دەرزی زەوی ، قلیش ، تیك. |
| شەقەنیر | گای جۆت کردن . |
| شەقل | دارێکە لە مالی براگەورەی گوندە جێزی گەنم پێ ختم دەکرا بۆ ئەوەی نەبرێتەوە مال تاکو شانەی گوند ئامادەبیت و |

| | |
|---|---|
| | ،تا پۆی وەربگریت . |
| شەقڵە | لەسەر پشتی کاریتە دادەنرێت بۆخانی دروستکردن. |
| شەکرە بەدار | شەکرە مەساسەی منداڵان . |
| شەلاتی | سەرسەری ،بەرپرسی خەرج وخەراج کۆکردنەوە . |
| شەلتە | ١ــ جلوبەرگ لە بەر کەسێك گەورە بێت<br>٢ــ کۆمەکی گەورە ( شەلتە گوی کرد ) . |
| شەمال | بایەکی نەرم و فێنك ، لە خۆرئاوا بەرەو رۆژهەلات . |
| شەمامە | کالەك مارانە ،کورکە ، گونە زەوی . |
| شەمبۆز | دەواری لوچگە یان جۆتکە هاوێژ . هاروهاجن ،<br>زوو دەڕەوتەوە . لەق هاوێژ . لوشکە هاوێژ. |
| شەمسی | ١ـ چەتر ، سەیوان . ٢ـ رۆژگەستی |
| شەمڵە | بەرماڵ ، دووگرد . |
| شەنەبا | رەخیسی جۆخین بە شەنەی دار دەدرێتە با . |
| شەنەی دار | شەنە لە دار دروستکرایە نۆ و هەفت گۆی هەیە . |
| شەنەی ئاسن | لە ئاسن دروستکرایە ٤ چار نوکی تیژ ودرێژی هەیە. |
| شەنگەشڕ | شتی کەون و بیٚ کەلك . |
| شەواشینك | ڕوەکێکە لە شاخ دەڕوێت دەکرێتە گێسك . |
| شەوتا | ١ــ سوتا ٢ــ تای شەوان . |
| شەودێر | بە شەو ئاودێری بکات . |
| شەوچەرە | ئەو خواردنەی بە شەوی زستان دەخون. |
| شەوکۆر | چاوەکانی بە شەو نابینێت . |
| شەو نخوونی | شەو نەخەوتن لە دیارکارێك تاکو سوبانیٚ . |
| شەوین | بەشەو حەیوان چەراندن . |

| | |
|---|---|
| شپلاغ | پەرت و بەلاو . |
| شداندن | توندکردن ، قایمکردن . |
| شڕ | ١ــ شەپڕێو و نارێك ٢ــ زۆرنەمایە تەواو بێت . |
| شڕوشێت | باری دەرونی نائارامە . |
| شڤرك | شوارکە دار بی ، کەمێك لە شووی ئەستورترە . |
| شفتی تالك | کوژالك ، کالکە مارانە ، |
| شکار | راو ، گەڕان بە دوای نێچیر . |
| شکارتە | پارچە زەویەك بۆ کەسێك ( شوان، رێنجبەر )بچێنن |
| شکەلك | دادڕای ، بێکەلك . |
| شکێلکە<br>و<br>شلکێنە | هەویرێکی شل درستدەکەن بە ئەسکو دەخرێتە سەر پشتی سێل تاکو ببرژێت پارچە پارچە دەکرێت لە ناو رون و هێلکە دەکرێتە تێچێنە دەخورێت .<br>شلکێنە بە هەمان شێوە دەبرژێنن هورد دەکرێتە ناو دۆشاو یان هەنگڤین وەکو تێچینە دەخورێت . |
| شل کەفت | شکەت ، زۆر ماندی . |
| شلەژا | هەژیا . لە دەقی خۆی تێکچوە |
| شڵتاغ | گۆبەند،گۆڵمەز،گەڕ . |
| شلم کۆرانێ | منداڵێك دارێکی بەدەستە هەرکەسێ لێی نزیك ببێتەوە لێیدەدات . |
| شلوکول | ماندی و بێتاقەت |
| شلیف | شەلتە ، چەند جوالێك لێك دەدەن بۆ کێشانی کا . |
| شنەبا | بایەکی فێنکە هێواران دێت رەخیس دەدرێتە با. |
| شنگ | هێزو توانا ،لە سەر شنگێ خۆمە . |

| | |
|---|---|
| شوقلانێ | خواردن گۆڕینەوە ، جۆرە یاریەکی مندالانە . |
| شوو | ١ـــ چیلکە دارێکی درێژ و باریکە ،وەستای شارەزا زەمبیل و چێنکەو قەرتالەی لێدروست دەکەن<br>٢ـــ شوو مێردکردن . |
| شوین دیاری | پەند : بردی قەسپەك شوین دیاری هەسپەك |
| شیرە خۆرە | شیرە مژە . |
| شیرەتێنە | پلەی گەرمی وەکو شیری ئاساییە . |
| شیرەژنێ | شفتەژێ ، شیرژۆ ، ژن هێشتا مندالّی شیرە خۆرەیە مندالیّکی تری دەبیت . |
| شیرتێن | نەسارد بیت نە گەرم وەکو گەرمای شیری دۆشرای . |
| شیلە | شلەیەکە لە مێوە دێتە خوارێ . |
| شینکە | ١ـــ شوێنێك گژو کیای لێهەبێت .<br>٢ـــ رەنگی شینی کۆترییە. |
| شیوەخوار | چەراندنی مەڕومالات لە دووای خواردنی شیو . |
| شێور | بەری بەیانێ ، لە گەل شێورێ بەیانێ . |
| | پیتی ( چ ) |
| چا پەست | چادان ، قۆری چایە . |
| چارشانە | قەلەو خرپن ، تێکسمرا . |
| چارنکار | هەرچار لا ،چارکنار . |
| چارهەنگل | زۆری تێکردیە . بە تەواوی پڕبووە . |
| چارۆگ | پارچە قوماشێکی چارگۆشەیە ژەن لەبەردەکات ، لە سۆران پیی دەلّێن :بەرەمبێل ،<br>دوو جۆری هەیە یەکەم لە کاتی کارکردن لەبەردەکات |

| | |
|---|---|
| | دووەم بە سامتون نەخش وگولینگ کرابوو بۆ سەفەر. |
| چاڵ | عەردیان دەکۆلا لە شێوەی بیر گە نمیان تێدەکرد . |
| چاو تێر | سەخی ، دەستدرێژ . |
| چاوە | چاوەی خانی ، هۆدە ، ژوور ، |
| چاونز | چاوی لە سەر حاڵ و ماڵی خەلکیە .<br>پەند : ( نە پیاوێ خنس ، نە ژنێ چاونز ) . |
| چەتالی سیارە | ١ــ دوو وایەری ساردو گەرم بۆ شەحن کردنی پاتری سیارە.<br>٢ــ گوریس یان شریت بۆ راکێشانی سیارە ، |
| چەپەر | ١ــ لە شێوەی جیغە لە دار دروستدەکرێت .<br>٢ــ سپێر ، تابی ، سەنگەر . |
| چەپەل | بەدکار . |
| چەپەلۆك | ناودەست یان ناو لەپ ، دایە بەر چەپەلۆکان . |
| چەپدە | بە لای چەپ بسوڕێوە . |
| چەخش | مەیل . |
| چەخماخە | چریسکەی ئاگر . |
| چەشمە | ئاودەست ، دەستاو ، تەوالێت. W، C |
| چەغرەسەما | سەماوهەڵبەزینەوەی گیانداران وەك سەگ وکارو بەرخ<br>سەگەکان لەدەور یمێگەلەکە چەغرەسەمایە |
| چەغماغ | ئامێرێکی ئاگر کردنەوەیە . |
| چەقە چەق | ١ــ لە سەرمان چەقە چەقی ددانی دێت .<br>٢ــ دەنگە دەنگ . |
| چەقەباز | زۆر بلێ . |
| چەلەنگ | گورج و گۆل . چالاك و چوست . |

| | |
|---|---|
| چەماقە | بێ ئابرووی ، دانە پۆشراو . بێ حەیا . |
| چەموش | دەواری شەمبۆز . |
| چەنگ | ناولە پی دەست ، چەنگە گەنم مستە گەنم . |
| چەنگل | دەست و باسك . |
| چرا | قۆدیەك بوو لە ناوەراستی فتیلی نەفتیان تێدەکرد بۆ رۆناهی ناو ماڵ بە کاردەهات . |
| چرپایە | قەروێلە ، چارپایەی هەیە . |
| چرپە | ١ــ قورِ لە دیوار بدرێت ، سواقدان .<br>٢ــ دەنگی پێ لە کاتی رۆیشتن . |
| چرِدۆ | چێلێك بە زەحمەت شیر بدات . |
| چروك | نەتەقیەوە ، دەرنەچوو . |
| چرِۆك | رەزیل ، خنس ، دەستگرتی . |
| چزك | دونگی سۆرکراوە . |
| چغ برِای | هەر ئافرەتێك پەرچەمی پێشەوەی کورت بێت پێی دەلێن چخ برِای . |
| چغە | لێخورِین لە سەگ ،وشەی دەنگدان لە سەگە. |
| چکۆ | شوان حەیوانی چەند مالی تر لە گەل خۆیدەبات . |
| چلپە چلپ | دەنگی زمانی سەگ لە کاتی ئاو خواردنەوە . |
| چلمۆقە | ناوی رِوەکە ، چوزرەکە ، گیا مێش هەنگڤین . |
| چلێس | تێر خواردن نابێت ، گەرِان بە دووای خواردن . |
| چمووش | کەسێك بە تەواوی چاوی نەبینێ . |
| چنجك | دانیشتن لە سەر هەردوو پاش پانی . |
| چنگال | چەتاڵ . |

| | |
|---|---|
| چۆخینە | لە مانگە شەو کاتی هەور لە عاسمانە هەندێ جار بازنەیەکی رۆناهی بە دەوری مانگ دیارە . |
| چورەی لێهات | بنی هات ، کۆتایی پێهات، قۆرێ بنی هات . |
| چورچ | رەنگ سیس و بە لۆچ . |
| چۆلفس | مایە پووچ ، پا پووش ، هیچی پێنەما . |
| چیرە | زۆربلێ ، وازناهێنی . |
| چیغ | کۆمەلە قامیشێك بە یەك ئەندازە بە داوە موو بە شێوەیەکی هەنەری دەهوننەوە . |
| چیودار | جەلەبکر ، قەساب ، حەیوانکر. |
| چیور | لە رۆیشتن هەردوو قاچیان پێکهەلدەخشێت . |
| | **پیتی ( گـ )** |
| گا | گۆلك تەمەنی سێ ساڵی تەواوکردبێت |
| گا گرواندن | کاتی گا دەگروێنن ، دەلێن : گا گروایە کلکی مایە . |
| گا نەکێل | زەوییەکی رەق و بەردەلان . |
| گابەرد | بەردی مەزن . |
| گاز | ١ــ گازی شلە( مازۆت ) ٢ــ کەلبەتان( پلایز )<br>٣ــ گازی پشت واتە لە سەر پشت ٤ــ قەپار .<br>٥ــ دیاری کردنی بەری دورنە . |
| گاسن | ئاسنێکە بەزمانەی هە نجار وەدەکەن بۆ زەوی کێلان. |
| گاشە بەرد | خرکە بەرد ، کوچك . |
| گاگۆز | رووەکێکە لە شێوەی پاقلەیە هوردترە . |
| گاگۆلە | رۆیشتنی مندالْ لە سەر دەست و پێ . |
| گاقۆران | کاتی ئاو کەمبوون دەکەوێتە ناوەراستی مانگی ئاب . |

| | |
|---|---|
| گال گال | گفتوگۆکردن ، ئاخافتن. |
| گەڕەك | ١ــ کۆمەلە مالێك ٢ــ جارەك ، هەلەك . |
| گەڕەلاوژە | لاوك گوتن ، چەند لاوك بێژێك بەنۆرە لاوك بلێن. |
| گەردەچۆلە | گەڕە پێچ ، گێژەلۆکە ، گەردەلوول . |
| گەرمخا | تێکچوو ، خواردنێك لە گەرمان تام بۆنی گۆرابێت |
| گەریٚ دیلانیٚ | پێچی شای و داوەت ، ناوەندیٚ دیلانیٚ . |
| گەز | ١- یەکەی پێوانەیە لە مترێك کەمترە ( ٩٠ )سم دەبوو<br>٢- جۆرە ڕوەکێکە دەکرێتە گێسك .<br>٣- قە پار گەزی لێدا . |
| گەزو بەز | چەورییناولەش . |
| گەشکە | لە خۆچوون ، بیٚ ئاگابوون . |
| گەشکەلان | پەڕپەڕاکەی ئاسمان ،دوورترین خالٚ لە ئاسمان بە مەودای بینینی چاوی مرۆڤ . |
| گەڵاس | بەغەل،گەزالٚ . |
| گەلەکۆ | کۆمەلە کەسێك لە یەکێك بدەن ، گاگەلانە . |
| گەمالٚ | گۆلە سەگ ، سەگی نێر . |
| گەمبۆل | سەی نێر ، پەند: ( ئەگەر دێلە بەبایە ، گەمبۆل دیٚ لە بەغدایە ) . |
| گەندە پەلە | بارانی تەواو نەباریوە وەکو ئاستی پێویست . |
| گەوە | رێگای بە پێچ پێچ . |
| گت | پارچە گریٚ . |
| گت گت | پارچە پارچە . |
| گڤ | ١ــ بە گڤ داچوون ٢ــ گڤ وگیا ٣ــ هاتوچۆ : گڤە گڤ |

| | |
|---|---|
| | ٤ــ دایکم لە گژ منداڵانە : خەریکی منداڵانە<br>٥ــ وەختی هاتیە . وەختیەتی . |
| گڕ | دەندوك کرایەوە ، پەند ( جوچکەی دەم گڕ ، ماڵێ خۆت خراپ کر ، ماڵێ منیشت کرد قڕ ). دەو والا |
| گڕدان | گەنمی دوو سێ جار لە سەر یەك لە دەستاڕی دەکەن لە جیاتی ئاشی بۆ ئەوەی بکەنە نان . |
| گردە بڕ | لە ناوەندی شکایە . |
| گڕگڕە | کەتیرە . خریلە . |
| گرك | بەرداشی برنج ( پەلکی برنج لێدەکاتەوە ) |
| گروازە | بەلولی گرێ گرێ . |
| گروان | داماڵینی پیستی کوشتە . |
| گروفڕ | بە هەلە پەلی . |
| گرینۆك | ئەو کەسەی زوو بگرییێت . |
| گزیر و وەزیر | فەقیرە دەولەمەند . |
| گشتك | گوندکی هەویر . |
| گچلا | تێك ئالا . ئالۆزا . |
| گڤەگڤ | دەنگی هەنگ دەلێن : گڤەگڤی نەخۆشترە لە پێوەدانێ |
| گفارە | لاندك ، بێشکە . |
| گلپە | بلیسە یان شەماڵەی ئاگر . |
| گلوەڕ | پارچە قوماشێکی بچوکی سێگۆشەیی . |
| گلوفل | منداڵی خرپن و بێ بزاڤـــــ . |
| گواندە | ١ــ سواندە ٢ــ کەندەلان . |
| گۆترە | کڕینی شتێك بێ کێشان و بێ پیوان . |

| | |
|---|---|
| گوپ | روومەت ، گوپی پڕ هەوا کرد . |
| گۆدیٚ گۆدیٚ | سەربادان بۆلای راست و چەپ . |
| گوڕ | خێرا ڕژا بە سەری ، بە لەزوبەز ، پەند: ( نەدەولەتیٚ بە گوڕ ، نە زەلامیٚ بە تڕ ، نەکچیٚ مەمك خڕ ) . |
| گۆڕ | ١ــ قەبر ٢ــ بە گۆڕێی وەکرد بە عەردێی وەکرد . |
| گۆرادێر | گوێرایەل ، پەند : ( مندال بلا ئیش نەکەر بی ، بەس گۆرادێر بی ) . |
| گورج | چوست و چالاك . |
| گوردوبرد | چا پوك و چەلەنگ ، دەست هەل ،دەست و برد. |
| گورژە | گرمۆلە ، لە سەرمان خۆی بە گرژۆلە هینایە . |
| گورزە | قافك ، دەستەك . قامکەك |
| گورگە لۆقە | جۆرە رۆیشتنێکە ، لە رۆیشتنی ئاسایی خێراترە . |
| گوڕکردن | ڕێشتن ، رژاندن . |
| گوڕی | ١ــ بلیسەی ئاگر ٢ـــ نەخۆشیەکە توشی پیست دێت . |
| گوزگی | ئاوێنە ، قۆدی رۆناهی ، خۆدیك . |
| گۆزوگومبەت | دەستوبرد .، بە نشکاوەکی ، |
| گۆزوگومبەت | لە پڕ ، لە هیکەوە ، لە نشکاوەکی . |
| گوشمە | کاکلە گوێزو قەزوان و مێوژ خورما بە هاون یان جۆنی دەکوترا دەبوو شیرینیەکی بەتام خۆش . |
| گۆقولاغ | وریاو ئاگادار . گویٚ قولاغ . هەست راگرتن . |
| گۆلٚ | پیرە سەگی نێر ، گەمبۆل . |
| گول بە سەر | نایاب ، لە هەموو کەسی بردیتەوە . |
| گۆلەسار | پەتکی ملی گۆلك . |

| | |
|---|---|
| گولتە | ناوی پارچە داریکە لە سەر ئەستوونەی دادەنێن کاریتەی لە سەر رادەوەستێ . |
| گوڵە | روخسار ، گوڵەی سۆرە ، رومەت . |
| گۆڵە | ١ـــ پێش دۆشینی چێڵ دەوی گۆلکی دەگەینە گوانی دایکی تاکو شیری گوانی بێتە خوارێ .<br>٢ـــ هەردوو ناو لە پی خۆی پڕ بکات لە هەر شتێك |
| گونە سە | جۆرە رووەکێکە بەرەکەی وەکو گونی سەگە . |
| گویدار | ناشینی چلو بە سەر یەکەوە بۆ ئالیکی زستانێ . |
| گویزان | تیخی مووتراشین ، موس . |
| گیتەلە | قا پی قورینەی سۆرکراوە ، لە کوردەواری ماستیان تێداهێوین دەکرد . لە ناو کانیان دادەنا تا سارد بێت . |
| گێژ | هۆڕ، پەند : گۆشتی مەڕی گێژ ، جۆتکردن لە عەردێ لێژ ، ...... ژنی درێژ . |
| گێزبەلۆك | جۆرە رووەکێکە مەڕومالات حەزیان لێیە . |
| گیسك | کار یەك ساڵی تەواوکردبێت . |
| گێچەل | شەڕفرۆش . |
| گیفۆك | زبڵدان . |
| گێلمە گێلم | چەند و چوون . |
| | پیتی ( ع ) |
| عانە | پارەی مەلەکی بوو دەکاتە ٤ چار فلس |
| عەتەبەی دەرگا | کۆسپەی دەرگا دەلێن : هەر ئەوەندە زەحمەتە هەتا زەلام لە عەتەبەی دەرکەی دەربچیت ، |
| عە پسە | مەڕی پێشەوەی دەم و چاوی هەندی ناو لە پێك رەنگی رەشە . |

| | |
|---|---|
| عەجاج | خۆڵ و تۆزی چڕی بیابان . |
| عەرەپیسکە | قەبیح و بێزەوەر . |
| عەزیا | ئەژدیها . |
| عەلبە | یەك ربە ، عەلبەی سۆران ١٦ تەنەکەیە |
| عەلعۆلی | سەر شێت ، کەمێك ناتەواو . |
| عەمبارتە | پارچە زەویەك بە خۆڵ پڕبکرێتەوە . |
| عەمبارسۆتی | بە جلوبەرگێك دەگوترێ زوو بدرێت . |
| عروس | دەولەتی روسیای کەون . |
| عوربان | حێل عوربان ، پەند لە سەر ژن دەگوترێت :( ئەگەر یەکە کاروانە ، ئەگەر دووە عێل وعوربانە ئەکەر بوونە سێ ئاخر زەمانە ) لەبەرقسان کەس ئاگای لە کەس نیە ،هەمویان دەڵێن دەرفەت بە یەکدی نادەن. |
| | **پیتی ( غ )** |
| غەبابە | گۆشتی بن کەناچەی شۆر دەبێتەوە . |
| غەدەنگ | ١ـ راستو رێك ، ٢ـ بە سەری تیر دەلێن غەدەمگ |
| غەزری | عەنگرایە ، دەلێن ( ئەگەر بەرازغەزری، نەچوو سەری ) . |
| غەور | خۆرەك،ژەنگی تەنکوتەمی سەرشت . |
| غل | گل،گلۆر. |
| غلۆلکردن | وەگرۆدان . |
| | **پیتی ( فـ )** |
| فاق | تەلە . |
| فال | ١ـــ کاتی جۆت بوونی مشك ٢ـــ فال گرتنەوە جادو سیحرکردن . |

| | |
|---|---|
| فەڕاشە | لە منداڵی گەورەترە هێشتا باڵق نەبیە . |
| فەڕەنگی | فەرەنسی . |
| فەرمەسۆن | کافری زۆر زان ، گاور ، بێ دین ، کەسێکی بێ ئۆڵە ناوی فەرمەسون بوە . |
| فەریك | تەواو پێنەگەیشتی ، فەریکە نۆك . |
| فەلاقە | جۆرە سزادانێکە کەسێك سەر بەرەخوار بەدار وەبکەن . |
| فراقە | مێرد منداڵ ، لە خەم چویتەدەرێ . |
| فرچك | گەیاندنی پێچوی تازە لە دایك بوو بە گوانی دایکی بۆ خواردنی جەمێك هەژمار دەکرێت لە مادە دژەتەنەکان ، پەند : ( فرچکی بە حەرام گیرایتەوە )بەکەسێکی شیرحەرام دەگۆترێت . |
| فرۆ | لە دوای لە دایك بوونی شیردەرەکان ، سێ ڕۆژان شیرەکەی نابێتە ماست پێی دەڵێن فرۆ . |
| فس بۆوە | بێ دنگ بوو ، ورەی دابەزی . |
| فلتە فلت | لە قسەکانی تێنەگەیت . |
| فلتەفلت | کەسێك ددانی پێشەوەی کەوتبێ ئاخافتنی جوان نیە . |
| فلس | پارەی سەردەمی مەلەکی بوو لە عیراق . |
| فلقێر | چش ،قێرسیای. |
| فێرس | سوارچاك ، عەگید . |
| | **پیتی ( ق )** |
| قاتی | گرانی ، قات و قڕی . |
| قاپوقاچاغ | کاسەو کەلەپەلی ناندین . |
| قادە | دارێکی چەماوەیە بە پێچکەی شەغرەی بەسترایتەوە |

| | |
|---|---|
| قاڕە | کەسی کۆتای پێچی داوەت ، گاوانی . |
| قازبە نووشتە | لە شێوەی نووشتەیی . داندۆکی سێگۆشەیی . |
| قازی باری | ڕەنگاو ڕنگ . |
| قاشۆ | داردەستێکی سەرخوار ، یاریەکی کۆنی کوردەواریە |
| قاچی | پرچی هەلقاچی ، مقەس ، |
| قاف | کات ، قافی قسان بیٚ . |
| قافەر قافەر | گریٚ گریٚ ، کرێچن ، پەند : ( پشدێنیٚ پشتی قافەر قافەرە ، مێزەریٚ سەری عالەم شێت کەرە ) . |
| قافك | دەستك ، دەستکە نێرگز |
| قافکەك | باقەیەك ، حەڤدەك |
| قاقول | پرچی زێدە لە سەر ناوچەوانی مندالٚ . |
| قال | شەڕ ، قالەکی گران : شەڕەکی گران |
| قالەمەندی | ماوە ، باقی . |
| قالك | تەرۆزی لە بڕك نەکرابێتەوە بۆ تۆ هەلگرتن |
| قامك | قامکی دەست پە نجەکانی دەست |
| قان | پارچە . |
| قانچە | دیوار ، بن قانچە : بن دیوار . |
| قانگدان | دووکەل لەبەر کونی گیانلەبەرێك بکرێتەوە بۆ ئەوەی ناچار بێت بێتە دەرەوە . |
| قاو | کۆکردنەوەی بە خێرا .کۆمەکیٚ خردکردەوە |
| قاو | دەریکرد ، قاوبدا . قاودان : دەرکردن . |
| قاو | ڕوەکێکی تایبەتە وشکدەکرێتەوە دەخرێتە نێوان بەرد و ئەستیٚ بۆ ئاگرکردمەوە . |

| | |
|---|---|
| قاوەچی | ئەو کەسەی لە دیوەخانان قاوەی دەگێڕی |
| قەباغ | قاوغ ، قە پێلك، سەرپۆش . |
| قەبال | بە بەژن و بالا . |
| قەبە | گەورە . |
| قەبرەغە | پەراسوو، هەروەهامانای کەلەکەش دەدات . |
| قەبێلك | پەلك ، پەند( بەڕو لە قەبێلکی خۆی دەرناچێت ) . |
| قەتار | کاروان ، قافلە . |
| قەتاندی | ١ــ بردیە سەر ٢ــ بڕاندی ، پساندی . |
| قە پان | ئامێری کێش و پیوان . |
| قە پێلك | تویکل ، توفل . |
| قەد | بەژن و بالا . |
| قەراغ | رۆخ ، لێوار ، کەنار . |
| قەرەول | پێش کاروان ، لە گەل وانە |
| قەڕسا یە | لە سەرمان ڕەق بووتەوە . |
| قەرساندن | دیارکردنی نرخ ، تەخمین کردن. |
| قەسەل | قرشەو قالی دوای دورنە کردن . |
| قەسناغ | یەکسانە بە ٢٠کیلو، ٢باتمان ، ٢٠هوقە، دوو ڕبەیە |
| قەلاش | بێ سەرمایە ، سەرمایەی خۆی دۆڕاندبێت . |
| قەلافات | بە بالاو جەستە ، بە هەیکەل . |
| قەلاقۆچکە | تەقلەلێدان . |
| قەلاندن | قەلاچۆ کردن ، تۆیانی بڕی . |
| قەلانگە | تەبارەی جۆ زێدە هیشك بێت گولەکانی ملیان بەرەو زەوی خوار دەبێتەوە لە شێوەی قەلانگ. |

| | |
|---|---|
| قەلە خەرمان | خواردنێکی کوردەواری بە ناوبانگە ، فەریکە گەنم دەسوتێنن و پاکدەکەنەوەو دەهێڕن دەکرێتە شیو . |
| قەلعە | پشك ، پشقان ، پیشەقان . |
| قەلوون | سەبیل ، پڕ توتن دەکرا بە پەلە ئاکرێك هەلدەگیرسا |
| قەمە | لە شێوەی خە نجەرە بەلام دەوی راستە . |
| قەمچی | دەستە دارێکە قایش یان لاستیکی لیَ ئالایە . |
| قەمیشەلان | ناوچەیەك قامیشی بە چڕی تێدا ڕواوە . |
| قەنتەرە | هەیوانی ناو دەرگای حەوشە . |
| قەند | کەللەی شەکر بۆ چای دیشلەمە بەکاردەهات . |
| قەنداری | جۆرە گە نمێکە بۆ داناش بە کاردێت . |
| قەنسۆر | کەنتۆر ، سندوق . |
| قەوان | ١ــ قەوانی فیشەك ٢ــ قوانی گۆرانی گۆتن . |
| قەوچە | قە پۆز ، لە قەوچەی دا . |
| قەوچە قووچ | ئاخافتنی بیَ سوود ، |
| قەوغایی | قەلەبالْغی ، جە نجالْی . |
| قەول | سۆز و پە یمان . |
| قەوم و قیل | خزموکەس . |
| قەوی | بەشکو ، دەشقەم . |
| قەید | تەگە یان نێری تەمەنی ٤ سالْی تەواوکردبێت . |
| قەیرە | کوڕ و کچی گەورە هاوسەرگیریان نەکردبیَ . |
| قرت و فرت | نیگەران ، دلْە راوکیَ . |
| قرشە شکێن | قرشەی جۆخین بلْند بێت گێرەدەکرا ، قرشە کوت . |
| قرچا | پیازەکە قرچا واتە سۆر بۆوە . |

| | |
|---|---|
| قرغ | نابووت،گولەکە، بودەڵە . |
| قرماغە | چینوتوێژی سەرزام ، برینی وشك بووەوە. |
| قڕنان | ڕەزیل ، چاوچنۆك . |
| قرنگە | زۆر تینی ئاوخواردنەوەیە . |
| قرۆمە | قسەی گەورە ، قرۆمە قەوی . |
| قسر | ئەستێویر ،ساڵێك حەیوان نەزێت دەڵێن قسرە . |
| قلیلقانە | منداڵی لە سەر هەردوو پیلی خۆی دابنی پێیەکانی بەرەو سینگی کەسەکە شۆڕبکاتەوە . |
| قنارە | سێدارە ،گوریسی خنکاندن . |
| قنجیلە | جۆرە گیایەکی بەهاریە . |
| قنیاتی لێبڕی | کوشتی ، ڕۆحی لەبەر نەما . |
| قوتار بوو | رزگار بوو . دەربازبوو . |
| قۆجاغ | چوست،گوستاخ . |
| قۆڕ | پوچ و خراب . |
| قوڕاو | خواردنێکی کوردەواریە لە گۆشت و دۆ و گژوگیا درۆستدەکرێت |
| قوڕپەست | ئاخەبان قرشە بکرێت یاشان قوڕپەستی دەکەن . |
| قورخ | قەدەغەکردن ، داگیرکردن . |
| قۆرچنە | قوژبنە ، گۆشە ، سیلە، **قۆرچە** زاویە .. |
| قوڕقا پانێ | یاریەکی مندالانە بە قوڕ ئە نجامی دەدەن . پەند( قوڕ قا پینە ، لەبۆم بینە ، پڕ بە قوینە ) |
| قوڕقوراگە | خنخنۆك . |
| قوڕکێل | جۆت کردن لە زەوی قوڕاوی پەسند نیە ، پەند( نە قوڕکێل ، نە پوش کێل ) . |

| | |
|---|---|
| قورمساغ | گەوواد، وابزانم وشەیەکی تورکیە . |
| قورمساغ | مرۆڤی درۆزن و هیچ و پووچ . |
| قوڕوقە پۆز | لموز ، لێو و دەو ددان . |
| قوزەلقۆرت | وشەیەکی تورکیە مانای گورگی سۆر بتخوات . |
| قۆشمە | کێبڕکی بە سواری ولاغ . |
| قوچ | بڵند ، پەند ( ئیشی پوچ ، کلاوی قوچ ) . |
| قۆچ | شاخی بزن . |
| قۆچانی ڕەش | تاپۆی ڕەش ، بەلگەنامەی تاپۆیە لەسەر کاغەزی ڕەش نووسرایتەوە .سەنەدی تاپۆی عوسمانی . |
| قۆغە | کووپە ،ساغەر . |
| قۆقز | دومبەلە . نیمچە کەوانەیی بەرز . |
| قول | پێ ، قاچ و قول . |
| قوڵاغکردن | گوێراگرتن. |
| قولە | شوێنی چاودێری ناحەزان . |
| قولەتێن | کانی ئاو . |
| قولپاندیەوە | گەراندیەوە . |
| قوڵغ | جوان، جوانکەل ، |
| قوللەی قاف | شوێنێکی عاسی و بەرز . |
| قومەرباز | شارزاو زۆرزان لە فڕوفێل ، زۆرزان و فێلباز. |
| قۆناغ | شوێنی مەبەست بۆ حەسانەوە ، کورد دەلێت : کوتك دەزانی قۆناغ لە کێندەرە . |
| قۆنداغە | ١ـــ مەلۆتك مندالی تازە لە دایك بوو پارچە پەرۆیەکی لێدەئالێنن ٢ـــ قۆنداغە پاشنەی تڤەنگ . |

| | |
|---|---|
| قۆنگرە | ١ـــ دامەزراوەی بەرز .<br>٢ـــ هەرەتی جاحێلی ، تەواو پێگەیشتی . |
| قوین بدەوە | دانیشە ، تۆتکە بگرە . |
| قوین پانی | پاش پانی ، لە ژنان ژنێ پاش ( قوین )پانی خڕ . |
| قوێناورگ | ئاگردانە ، بۆ کولاندن و برژاندنی خواردنەکان . |
| قوینە بان | پشتی بان |
| قێروسیایی | واتە هیچ . |
| قیز | کچ ، دۆت ، کیژ ، کەنیشك ، کنە . |
| قێزبوونەوە | هەلێنج . |
| قیسکە | روەکێك تازە سەرهەڵبدات . |
| قیسکن | پشی کورت . زووتورەبوون ،کەم حەوسەلە بێتەبیعەت ،<br>تورەو بێ تەحەمول |
| قیمەکێش | ئەو دارەیە قەساب گۆشتی لە سەر ورد دەکات . |
| | **پیتی ( ك )** |
| کابان | ژنێك گەورەی ماڵ بێت . |
| کاتە | روەکێك یان دارێك سەر لە نوێ نەشونمابکاتەوە . |
| کاپان | نەغمە،کون ورێگای ژێردیواری خانوو،یان قەڵای ژێرزەویی . |
| کادین | خانی تایبەت بە کا . |
| کاردی | گیایەکی بەهارییە خواردنێکی بەسودە ، پەند :<br>سێ شت بەساری ( فرۆ و ماست و کاردی ) . |
| کاریتە | دارێکی ئەستورە بە ئەندازەی ٤ تا ٥ مەتر درێژە . |
| کاکێشان | بە رەشکەی کای بۆ کادینێ دەکێشن . |
| کالك | لەچەرمی رەشە ولاغ دروستدەکرا ،چەرمەکەیان بە ئەندازەی |

| | |
|---|---|
| | پێ وێکدەهینا بە سامتون دەیاندوریەوە . |
| کالۆخ | پەیکەری هێستکە سەر . |
| کامێرە قەوی | سەرگەورە ، کەللە مەزن . |
| کاوڕ | بەرخ تەمەنی ببیتە دوو ساڵ |
| کاولە ئاش | شوێنەواری ئاش . |
| کاوێژ | گیانداری دووسم خواردنی ناو گەدەی دەگەڕێنتەوە جارێکی تر دەیهاڕێتەوە ، |
| کە پەك | سەر هێلەگ . |
| کەژ | ١ــ ڕەنگی سپی ٢ـــمەڕی سەرو چاوی سۆر بێت . |
| کەژاوە | دەزگای گواستنەوەی بوك لە سەر پشتی ولاغ . |
| کەژی | جۆرە گوریسێکە بەلام شێوەی پانە . |
| کەڕ | ١ــ گوێ گران لە بیستن ، نابیستن .<br>٢ـــمەڕ گوێ بچوك کەمێك پێوەدیارە . |
| کەڕە موو | ئاو پانێ ، بێدەنگانێ<br>پەند : ( ئەگەر بوو بوو ، ئەگەر نەبوو کەڕەموو ) |
| کەڕەتەکی دی | جارەکی دیکە |
| کەرخ | ڕێچکە ڕێگای مەڕ . |
| کەڕك | ١ــ نەگەیشتی کەڕکە تەماتە ،<br>٢ــ کەڕك قوماشێکە لۆکەی تێدەکەن لە شێوەی . پەستەك دەدورن هاوینان لە بەردەکرێت . |
| کەری بۆز | ڕەنگی رەشی تێکەل بە سپی ( ماش و برنجی ) . |
| کەری دێزە | ڕەنگی خۆلەمێشی ، سیفەتێکی نالەباری کەر . |
| کەری ڕەش | ڕەنگی ڕەشی سادەی قەترانی . |

| | |
|---|---|
| کەزی | پرچی هۆندرایەوە . |
| کەس لەکەس | هەر کەس لۆخۆی ،لێك پاك بینەوە . |
| کەس نەکێل | زەویەکی بەردەلان و بێخێروبەرەکەت . |
| کەساس | بێ مال و دەر ، هەژار . |
| کەسەر | خەم و خەفەت . |
| کەسم | ١ــ شێوە ، کەسمی جوانە ٢ــ خزم و ناسیار . |
| کەشەنگ | شکەت ، ماندوو . |
| کەشك | دۆی هیشك کراوە . |
| کەچە | بێکەلك . |
| کەچکەدۆ | کەوگیر ، دۆخۆر . |
| کەڤال | تابلۆی هونەری . |
| کەڤنار | کەونار، دێرین . |
| کەلب | ١ــ ددان . ٢ــ ڕق و کین . |
| کەلە گورگ | ڕەوە گورگ . کۆمەلە گورگێك |
| کەڵە مێرد | پیاوی ئازاو زیرەك ، مێرخاس. |
| کەلەخ | مقەسی بڕینەوەی خوری و موی ئاژەلەکان .<br>هەورینگ ، جەو . قاچی |
| کەلەگەت | بە کەسێکی زل و گەورە دەگۆترێت ، زەلام باش. |
| کەلەکە | تەنیشت . کەلەکەم دێشی . |
| کەلەکە خوار | پیل خوار ، لامل . |
| کەلەمێر | مێرخاس ، جوامێر ، پیاوی ئازا . |
| کەلپۆخ | ١ــ ددانی وەریابێ ، ٢ــ شتی کەونە و بێ کەلەك ، |
| کەللە رەق | لامل ، عیناد . |

| | |
|---|---|
| کەلۆز | دانەیەك لە ریز نەمینێت ، ددانێکی بکەوێت. |
| کەلوکرۆم | بێ سەروبەر . |
| کەلی خوارد | چێل جوانەگای چویتە سەر لە گەلی جۆت بووە . |
| کەلی گرتیە | ئاوسە . |
| کەندۆ | گۆلکە مێوەلەی تەمەن دوو ساڵی . |
| کەندولەند | دۆل و باسك ، بەرزی و نزمی . |
| کەوتە | کەوتە مەڕ: مێگەلە مەڕ ، کۆمەل ، رانە مەڕ . |
| کەوش | ١ــ سۆل . پێلاو ، ٢ــ چۆلی . |
| کەویسار | مەڕی دەوو چاوی سپییەو قنجی رەشی تێدایە. |
| کەین و بەین | فڕوفێل . |
| کەیی | رام ، دەستەمۆ . |
| کت و مت | دەقاو دەق ، وەکو یەکن . |
| کتوکۆر | بینینی چاوی لاواز بێت |
| کخە | بۆ تفاندنەوەی منداڵ شتێکی نامۆ لە ناو دەوی بێت . |
| کڕو مات | بێدەنگ ومەلول ، سەرگەردان. |
| کرێت | ناشرین . |
| کز | ١ــ بێ گێول ٢ــ هێدی دەنگی نزم بکە ٣ــ مشتاق : جەرگی کزەی دێت بۆ دیتنی . |
| کزبکە | نزویل بکە . |
| کزە با | بای فێنك ، هەوای هوین . |
| کزك | دونگ لە سەر ئاگری دەقرچێنەوە رونەکەی هەڵدەکرن ئەوەی دەمینێتەوە پێی دەلێن کزك . |
| کزۆلە | سیس و بێ جەو . |

| | |
|---|---|
| کزومەلویل | داماو ، |
| کش | ئەو دەنگە بۆ دەرکردنی مریشك بەکار دێت ، پەند : خانوخۆ بە مێوان دەڵێت : کشە مریشکە ڕەشە مێوانی شەوەك خۆشە . مێوان ولامیدەداتەوە دەڵێت : کشە پۆپەخواریٚ پێکەوەینە هەتا بوهاریٚ . |
| کلاو بەسەرانە | ملك و ئەملاك مالیٚ کەس نیە ، دەڵێن دونیا کلاوبەسەرانەیە |
| کلاٚوقۆری | کلاٚو بە لبادی دروستدەکرا هاوینان لە سەردەکرا. |
| کلاوی تاس | هەوریەکی ڕنگاو ڕنگیان بە دەوری کلاوێك دەئالاند تاسی زێڕ یان زیو بەقولابەلەسەر کلاوەکە قایم دەکرد ، بوك یان ژنی خانەدان لە سەریان دەکرد . |
| کلدانە | ١ ــ کونێکە لە جە نجەر کلچیو دەچیتە تێدا ، ٢ ــ تورەگەیەکی بچووکە کلی چاوانی تێدەکرا . |
| کلچیو | ١ ــ زمانەیەکی ئاسنینە دەچیتە ناو کلدانەی جە نجەر، ٢ ــ دارێکە لە شێوەی قەلەمی دارچاویان پیٚ کل دەدا |
| کلکە مەقلی | ناوی زەردەوالەیەکی بچوکە ، پووش بە قوینە . |
| کلکە نەفتینە | بە کەسێکی فتنەگێر دەگۆترێت . فەتلە گێر . |
| کلێتە | جۆرە کلاوێکی کوردەوارییە لە بەن دروستدەکرا ، گولینگ پێوەبوو جاحێل لە سەری خۆیان دەکرد . |
| کلیوم | کەلا ، مات ، تەبەل . |
| کن | لای ، نك . |
| کناچك | دەنگی پۆڕ . |
| کوار | کەندوو ، پەند( هیشکەتیا ئاداریٚ ، کەنمیٚ لە کواریٚ ). |

| | |
|---|---|
| کۆتك | وەکو ترگارە لە دار دروستدەکریێت بۆ ئاوخواردنەوە . |
| کوپە | دەنە ، گۆزەی گەورە . |
| کۆدان | ئەو خانیەی مەڕی تێدەکەن . |
| کودی | ١ـ سەرکەچەل ، سەر تاق . ٢ـ کودی واتا مندالٚ ، کورد دەلێت : ژنیٚ بە کودی نێتە گوندی . |
| کوڕ | ١ـ زارۆکی نێرینە ٢ـ مەڕی گوێی مام ناوەند بێت |
| کۆرەڕیٚ | ڕێگایەك چەند وەختە هاتوچۆی لێنەکرابیٚ . |
| کۆرەمشك | بە کەسێکی چاو بچووگ و بینینی لاوازبێت . |
| کورکە کورك | گریانی لە سەرخۆ . |
| کۆز | خانووی تایبەت بە بەرخ . پەند ( بەرخیٚ یەك کۆزن ، مندالیٚ یەك هۆزن ) . پەند ( برۆنە کۆزیٚ بەرخان و پارووی لە ماستی بدە ) . |
| کۆزو شەش | کارێکی لواوە ، لە جێگای خۆیەتی . |
| کۆسە بەبە | سەرۆکی تیمی باران بارانیٚ ، بوکە بە بارانیٚ . |
| کوچك | خڕکە بەرد . |
| کۆچك | جۆرە چەفیەکە دەکرێتە سەری مندالٚ . |
| کۆك | جوان و قۆز . |
| کۆل | ١ـ ئەستوون ٢ـ ئاو تێدەکریێت بۆ ئاودانی ئاژەلەکان ٣ـ ئەو سیکاردە کۆلە پێچەوانەی تیژ ، ٤ـ بزنی کۆل واتە بزنی بیٚ شاخ ، ٥ـ پشت ، مندالەکەی لە کۆل کرد . |
| کول و کانی | جلو بەرگ و خۆشوشتن لە سەر کانی ، قەسار . |
| کولافە | زۆر باسی کەسێك بکرێت حەز لە دیتنی دەکات . |
| کولەکەی خانی | کونێکە لەسەربانی بۆ هەوا گۆرکیٚ ڕۆناهی ، پەند : |

| | |
|---|---|
| | ( دز و خاوەن ماڵ یەك بن جوانەگای لە کولەکەی خانی دەردەکەن ) |
| کۆلوکانی | کولکردن لە سەر کانی ، خۆشوشتن ، قەسار . |
| کۆلیت | خانوی تایبەت بە مریشك . |
| کۆلین | کۆلانە ، پەند ( بەردێ هاوینێ باوێ کۆلینێ ) . |
| کویر | کار دوو ساڵی تەواوکردبێت. |
| کوێرەمۆشە | بە تەواوی پێشەخۆی نابینێ . |
| کوێریشکە | کاتێ کەنم شین دەبوو هەلستی بکردبایە کەروێشك تێدا بزربایە دەیانگۆت دەغلەکە کوێریشکەی کردیە . |
| کیرمز | نێرینە . |
| کێشمەکێشم | لەسەر شتێك دەموقال و شەڕیانە ،مشتومڕ، بگروبکێش . |
| کێم سز | بێ هێز و بێ تاقەت . |
| کیهان | کامەیان . |
| | **پیتی ( ل )** |
| لابار | لاخوار ، پەند ( بار بە لاباران ، ناگاتە هەواران ) . |
| لات | دیاری کردنی پارچە زەویەك ١٠ دە شەقاو لەسەر سەدە بۆ کۆتایی سەدە بۆ تۆدان و کێلان دیاردەکەن. پەند : رۆژ لاتـــــ دەبتە ولات . |
| لاتەریك | لاخوار ، لاچەپ . |
| لاترفیچۆ | لاخوار ، نارێك . |
| لاسار | بەدلغاو،بێگوێ . |
| لاك | ١ــ ماندی . ٢ــ برسی لاکەی دێت لە برسان . |
| لالە | خالۆ . |

| | |
|---|---|
| لامژ | ئەو بەچکەی جگە لە دایکی حەیواتی تر دەمژێت. |
| لایدە | بێگانە ، غەوارە . |
| لە تامی دەرکرد | لە سنور دەرچوو ، تێی پەڕاند ، سنوری بەزاند. |
| لە دارا | لە کارکردنە ، پەند ( بوکا سالا شەو و رۆژ لە دارا ) . |
| لە دەودەکەوێت | کۆل دەبێت ، پەند ( ئەگەر داس نەسوێ ، لە دەو دەکەوێت ) |
| لە دوی دایە | دەرفەتی پێداوە ، بواری پێدایە . |
| لە زەواقیاننا | وەڕسیانکرد ، بێزاریان کرد |
| لە سەر لێوان | مشت ومالێ ، پڕ بووە. |
| لە قەوچەیدا | قسەی بڕی ، بەرپەرچی دایەوە . |
| لە ناکاو | لە هێکڕا ، کتوپڕ ،لە نشکاو . |
| لە ناکاو | لە هیکرا . |
| لە هەژمەتان | لە خەفەتان ، لە حیدەتان . |
| لەب لەبان | قسەزان ولامی هەموو پرسیارێك دەداتەوە . |
| لەتکە | ١ــ لەتکە هە نجیری هیشککراوە ٢ــ دوو کەردك. |
| لەتوپەتکردن | پارچە پارچە کردن . |
| لە پکە شینە | مۆری چاوزار بە دیواری خانوو وەدەکرێت . |
| لەژین | قەدکردن و ناشتنی دار لە دووای بڕینی ، گزرە . |
| لەڕ | لاواز، مەڕی لەڕ . |
| لەزگە | خەریکە، بەواتای لسقەی عەرەبیش دێت. |
| لەزێ بکە | پەلە بکە ، زوو بە ، گورجبە ، بە دەستوبردبە . |
| لەسەری بانی | بێچی یەکی دیکەی قەبوولە بیمژێت . |
| لەگەن | سێنیەکی گەورەی ناو قۆر . |
| لەغەر | لەڕولاواز . |

| | |
|---|---|
| لەغەم | توون، ڕێڕەوی ژێرزەوی . |
| لەلە | بەخێوکەر ، حزمەتکار . |
| لەودە | هەلگرتنی کای زێدە لە جۆخین ، دیوارێك لە شێوەی لاکێشەیی هەندێك دروست دەکەن ،کای دەکەنە تێدا سەری کایەکە بە قرشە دادە پۆشن قوڕ دەدەن واتە سواق دەدەن . |
| لەوچە | زۆربلێ ، چەقەچناوە . |
| لغاو | پارچە ئاسنێکە دەکرێتە ناو دەوی ولاغ . |
| لموز | قوڕو قە پۆز .دەلێن لموزی لێمان خوارکردیە . |
| لموزی خوارە | لێمان تورەیە ، لەگەلمان ئاشت نییە . |
| لوا | یەکەم جار بەرخ دێتە بڕینەوە خوریەکە ناوی لوایە خوری بەرخی یەك سالە ، پەرگن . |
| لورەلور | دەنگی گورگ و چەقەڵ . |
| لۆغان | شایی وگۆبەند . |
| لۆقنتە | جێشتخانە ، خارنگە ،ریستۆرانت . |
| لۆلەپ | دەستکی مەشکە ئافرەت دەسپێوەدەگریت بۆ ژاندنیٚ . |
| لۆلك | گۆلە ئارد لە گەل هەندە ئاو لە سەر ئاگری گەرمدەکەنەوە کەمێك رون تێدەکرێت و دەخۆن . |
| لۆمە | گلەیی ، سەرزەنشت . |
| لێخەفتان | بە دوای گەریا ، خەمی لیٚ خوارد . |
| لیس | شوێنی نووستنی باڵندە . |
| لێسانەوە | زمان بە شت داهینان . |
| لیکاو | کریز ، ئاوی ناو دەو بێتە خواریٚ . |
| لێمشت | لافاو . |

| | |
|---|---|
| | **پیتی (م)** |
| **مابەین** | **نێوان . مەعبێن** |
| **مارانگەستی** | **کەسێك مار پێوەیدابی هەر لە ترسدایە<br>پەند : ماران گەستی لە گوریسێ ڕەش دەترسی .** |
| **مارهنج** | **مارکوشت ، هە نجن هە نجن کرا .** |
| **ماشە** | **پەنگرکێش ، ئاسنێکی دوولای هەیە .** |
| **ماچە** | **هێستری مێینە .** |
| **ماقە** | **دیقەت .** |
| **ماقۆر** | **بەرازی نێر ، مالۆس بەرازی مێینە .** |
| **ماك** | **١ ــ دایك ٢ــ عەرزو ناموس** |
| **ماڵانگەر** | **گەرۆك ، سەر لە بە مالان دەکوتی ، پەند( نەنوستنێ سەر بەڕ ، نە ئاگری دارێ تەڕ ، نە ژنی ماڵانگەڕ) هەرسێك پەسند نییە .** |
| **مالك** | **لە هووردە کوت بە دوای جە نجەر وەدەکەن .** |
| **مالك** | **١ ـ لە نزیك کاتیاوی گوند یان لە ماڵێ شوێنێکیان بە خول (گل) سواق دەدا ساواری کۆلایان لە سەر رادەهێخست تاکو ساوارەکە حیشك ببێتەوە .<br>٢ـ لە کاتی هووردە کوتی جۆخین دەهات مالکیان بەدووای جە نجەر وەدەکرد.** |
| **مالۆس** | **بەرازی مێ .** |
| **مایە پوچ** | **مایە پووش ، دەستخەرۆ ، چۆلفس .** |
| **مەراق** | **ئامەزرۆ.** |
| **مەرام** | **ئامانج ، مەبەست .** |

| | |
|---|---|
| مەرگەمۆش | ژەهر . زەقنەبووت . |
| مەرکانە | دەفرێکە لە قوڕی سۆرکراوە دروستدەکەن ، ڕەنگی دەکەن و گولی تێدا دەڕوێنن . لە هەندێ ناوچە بە دەنە یان کوپە دەڵێن مەرکانە . |
| مەڕی ڕەسەر | سەرو چاوی سپی یە و پنك پنکی ڕەش لە سەرچاو و گۆی هەیە . |
| مەڕی قاژ | سەرو چاوی سپی و پنك پنکی رەشی تێدایە. |
| مەریخ | لچبوون ، دەستەمۆ . |
| مەساسە | دارێکی درێژە لە دەستی جۆتیارە سەرێکی لا پیتە پێوەیە بۆ خاوێن کردنەوەی سەرکی هە نجاری ، سەری دووەم بزمارێك پێوەیە بۆ نقیزە بەکاردێت لە لاقۆنی دەواری تەمبەل دەدەن تاکو بڕواتن . |
| مەشکانی | بە درێژی لبن دیواری پێ بکرێت ، |
| مەعلان | کارزان و شارەزا . |
| مەغارە | ئەشکەوت . |
| مەفرەق | ١ــ تەزویر ، زێرو زیوی ساختە . ٢ــ دووڕیان. |
| مەکروفی | وشەیەکی عەرەبیە( مەکروە فیە ) . |
| مەلا بەزێنە | راستی ناسەلمێنێت . دان بە حەقی نادات . |
| مەلکە زەن | فریشتە ، پەند:( ٤ ٢ئاداری ، ملکەزەن دێنە خواری). |
| مەلۆتکە | قومات ، قۆنداغە ، مندالی تازە لە دایك بوو لە پارچە قوماشێکی سپی دەئالێنن . |
| مەلۆکێش | گیشەکەر ، تێلەکێش . |
| مەند | ١ــ ئارام ٢ ــ ئاوێك لە سەر خۆ بڕوات ٣ــ مەندە مێر ئەو |

| | |
|---|---|
| | پیاوەی زوو هەڵناچێت هێمن و لە سەر خۆیە . دەڵێن ( لە پیاوی مەند بترسێ ) کورد دەڵێت : لە ئاوی مەند و پیاوی مەند بترسە . سیامەند واتا سێبەری ئارام . مامەند مامی ئارام . |
| مەندەهۆش | سەرگەردان ، سەرسوڕما . |
| مەیدان | گۆڕەپان ،شوێنێك كارو چالاكی وبازرگانی و...تێبكرێت |
| مخەنەت | دڵ ڕەش ، ڕق لە دڵ . |
| مرخێش | بگرو بكێش ، بینەو بەردە . |
| مردۆخ | دەست سپی ، بێدەستهەلات . |
| مرچن | قایم و قرچۆك ، رەزیل . |
| مڕمۆز | رووگرژ ،لالمویز ، مۆچ ، دڕدونگ. |
| مز | ١ــ ناوی كانزایەكە ( رەساس ) . ٢ــ مزە : ئەو ئاردەی ئاشەوان لە جیاتی كرێی هێڕانی باراش وەردەگریت ٣ــ مزە : خواردنی سەوزەو چەرەزات . |
| مزاش | ١ــ گەنم و جۆ تێكەڵ بكرێن بكرێتە ئارد ، ٢ــ مزەی ئاش ، ئاردی كرێی لێكردنی باراش . |
| مزەورە | خواردنێكی كوردەوارییە . |
| مشەمما | نایلۆنە بۆ شت دا پۆشین یان شت لەسەر راهێخستن . |
| مشتوماڵ | تیژكردنەوەی خەنجەر . |
| مشتومڕ | شەڕوهەرا . |
| ملبەند | ئامرازێكە بە ملی ئەو چێلەی وەدەكەن خۆی بمژێت |
| ملەك | كاتی بەران دەبڕنەوە خوری ملی سەرپیلی نابڕنەوە پێی دەڵێن ملەك ،هەروەها پشتەك هەیە . |

| | |
|---|---|
| ملهوڕ | گەوج بە عەرەبی ( احمق ) . |
| مڵهوڕ | سەرشێت ، ئامۆژکاری وەرناگرێت . |
| ملی تەوق دەکرێ | عەزابی رۆژی قیامەتی بۆ کەسی خرا پەکار بازنەی ئاگرین دەکرێتە تەوقی ملی . |
| منجڕ | ملەچڕە ، لامڵ : ملّنەدان ،بە کەسێکی عیناد و کەللەڕەق دەگۆترێ : |
| منداڵترێن | زەفەر بە منداڵان ببات ، دەرحەقیان دێت . |
| منگە منگ | لە پێش خۆی دەئاخڤیت ، بە هێدی گۆرانی دەلێ . |
| منۆخ | تەمبەل . |
| منێ بکە | سوپاسگوزاربە ، پێت خۆش بیت . |
| مۆرە | دیواری بە قوڕپەست . |
| مۆرەی پشت | تیراقەی پشت ، گازی پشت،مۆرەغە . |
| مۆغەل | شوێنی خڕ بوونەوەی چیَل . |
| موغلاجی | جەردە ، رێگر ، چەتە ، نەژدەوان . |
| موکوڕ | نەگۆڕ ، هەلوێستی خۆی ناگۆڕێت . |
| مۆن | چاوی لە سەر شتێك بێت ، پشیلەی چاو مۆن . |
| مۆنجە | شتی زۆر ، مۆنجەی دێت : سیڕەی دێت قەلەبالغە. |
| مووچرك | ١ـــ توند و قایم ، خۆراگر ٢ـــ تەزوو لە گیانی هەستا، |
| مێتی | مژی ، شیری گوانی دایکی خوارد . |
| مێردە زمە | ١ـــ جن و شەیتان ، دێوە زمە ٢ـــ مرخەیە ئەو دارەی دەخرێتە پشت دەرگا لە دەرەوە بەکەس نەکرێتەوە |
| میری گەورە | پاشای گەورە ، خوا جەللە جەلالەهو ، پەند : ( ئەمن بە تۆ ، ئەتۆ بەمن ، هەردووکمان بە میری گەورە ) . |

| | |
|---|---|
| **میسری گۆشت** | **لاوازو لەڕ ، کەمگۆشت .** |
| **مێشە کەرانە** | **مێشی گەورە .** |
| **میمی** | **خالەت ، خوشکی دایك ، پلك : خوشکی باوك .** |
| **مینا** | **وەکو .** |
| **میناشکێن** | **هەستی بریندار بکەیت ، شکاندنەوەی کەسێك .** |
| **مێنگوین** | **مێگوان ، گۆلکی مێینەی سێ ساڵی .** |
| **نان و دۆبڕ** | **بەرهەمی ئاژەلداری نەما .** |
| **ناوبڕە** | **حەوشەك یان خانیەك بکرێتە دوو پارچە .** |
| **ناوە نجی** | **ناوەندە .** |
| **ناودۆك** | **ناو داری مەشکە ، دارێکە لە نێوان هەردوو لەولەپ .** |
| **نەبان** | **دایك بێچووەکەی خۆی نەوێت ، بەزەیی بۆی نییە .** |
| **نەحس** | **١ــ ماڵێ قەلب ٢ــ لە ناوبردن .** |
| **نەدی و بدی** | **بە کەسێکی خەشیم و دونیانەدیتە دەگۆترێت .** |
| **نەدیتکە** | **شتێکی نە دیتبێ ، کورد دەلێت : ( نەدیتکە ئەگەر دیت ، کیرو گونی دەبرێت ) .** |
| **نەردێن** | **تاولە .** |
| **نەرمە کول** | **نیوە کول .** |
| **نەشتەر** | **گویزان ، شفرەی سەرتراشین .** |
| **نەگریس** | **کەسێکی بەد شەڕانگێز .** |
| **نەقۆلا** | **ناودار ، بەرچاو ، بەرنیاس .** |
| **نەهاتە رایێ** | **رەزامەندی نەدا ، سەری نەهینا بەرێ .** |
| **نەورایی** | **زەویەکی نزم .** |
| **نەییزێوە** | **نە یجولێنەوە ، پەند :( باری سێوە ، نەییزێوە ) .** |

| | |
|---|---|
| نز | کەسێکی چاو نزە . |
| نزگرە | بەرچیپچکە . |
| نغرۆ | نوقم . |
| نقار | ١ــ نەشیا ، ناتوانی ٢ــ بەرد نقار کردن،نقاری ئاش . |
| نقیزە | ١ــ دارێکی درێژە سەرێکی لا پیتە پێوەیە سەری دیکە بزمارێك وەکو زختە بەکار دێت بۆ لێخورینی ولاخی لە جۆتکردن و جە نجەڕ ٢ــ کارێك لە نێوان دووکەسان تێکبدات ٣ــ زوقورمە لێدان . |
| نکارم | نەشێم ، پێمناکرێت . |
| نۆبەدار | پاسەوان ، ئێشك گر . |
| نۆبەرە | یەکەم منداڵ . |
| نۆردی | ٤ــ٥ نان لەسەر یەك دەقدەدەن . |
| نوزانەوە | پاڕانەوە ، ناورانەوە . |
| نیقەك | پیچەك ، بڕەك ، تۆزەك ، کەمێك . |
| نیوەچەل | ناتەواو . |
| | **پیتی ( هـ )** |
| هاتە ناو | بەرهەمی هەبوو ، دەسکەوت . |
| هانی | بگرە . |
| هاودانەوە | بادانەوەی جۆتیار لە سەرە سەدە . |
| هاوزنگ | هەناسەی سەرە مەرگ ، هەناسەی کۆتایی ژیان . |
| هاوکوف | هاوتەمەن ، هەندی یەکن . |
| هەترەش | زەندەق ، زراو . |
| هەترەکی چوو | زەندەقی چوو . |

| | |
|---|---|
| هەپڕو | شكان ، هەپڕون بە هەپرون : ورد و خاش . |
| هەژمەت | خەموخەفەت . |
| هەراش | قۆناغی ساوایەتی تێپەراندییە،لە مندالی ساوا گەورەترە. |
| هەرزەكار | كۆلە بژە ، موراهیق ، هەرزەی نەفام . |
| هەرمیشك | نانی نەرمە خاوی گەرم لەناو شەكراو یان دۆشاو یان هەنگڤین لە گەل كەمێك رونی خۆمانی تێكدەچێنن ، خواردنێكی كوردەواری خۆش و بە تامە . |
| هەرمیشك | خواردنێكی كوردەواریە لە دۆشاو رون و نانی ڕەق دروستدەكرێت . |
| هەروگیف | خۆهەلكێشان ، تەهدید . |
| هەسان | بەردێكی كوێستانیە بۆ تیژكردنی داس بەكاردەهات. |
| هەشت قەزناغ | دەكاتە یەك عەلبە گەنم بە پێوانەی سۆران هەولێر. |
| هەقار | زەوی و زار ، كەوش . |
| هەكن | ئەو جارە ، ئەو كەڕەتە . |
| هەلا هەلا | هەلا هەلای كرد پارچە پارچەی كرد . |
| هەلاج | ئامێری خاوكردنەوەی لۆكەو خوری . |
| هەلاش | ئەو قرشەو شاز و شتانەی لە سەر شەقلە دادەنێن. |
| هەلاوێركردن | لێكجودا كردنەوەی بێچووەكان لە مەڕو بزن . |
| هەلبڕكا | تێكچوو ، شێوەی گۆڕا ، تێكچونی شیر. |
| هەڵبزركا | تێكچوونی شیر بەلام تام بۆنی نەگۆڕایە . |
| هەڵترۆقا | زۆر ترسا ، زراوی رژا . |
| هەلپشاوتن | هەلگفۆلاندن . |
| هەلگفۆلە | قەلپوقوین بكە .سیمای تێكدا . |

| | |
|---|---|
| **هەلقەتیزانێ** | **هەلپەڕین و دا پەڕینی بێچووە ساوا .** |
| **هەلقرچا** | **سووتا ، برژا .** |
| **هەناسە سوار** | **هەناسە بڕکێ ، بێن کورتە .** |
| **هەنەق** | **یاری ، وازی ، گەمە .** |
| **هە نجن هە نجن** | **هورد هوردی کرد . پارچە پارچەی کرد .** |
| **هەنگوچك** | **لیفکە ، فەقیانە ، لەوەندی .** |
| **هەنوکە** | **بلەز ، ئێستا ،زوو ، نها ، بە پەلە .** |
| **هەوەلکراس** | **شەروالی ئافرەت .** |
| **هەوەنتە** | **فۆرتە چی ، قسەی گەورەی بێ کەلك .** |
| **هەوسار** | **دەکرێتە سەری دەوارەکان بۆ راکێشان ، سەرکەلە .** |
| **هەوێز** | **ئەو شوێنەی بە شەوان مێگەلی حەیوانی لێ ڕادەگیرێ**<br>**پەند: ( حەیوانم نەدیبی لە پەرێزێ ، قشپلم دیتییە لە هەوێزێ ) .** |
| **هەیدێ** | **تەرەقاندی ، حەیوانەکەی بەرەلاکرد، ئازادی کرد .** |
| **هەیوان** | **بێلایی ، پێش هۆدە .** |
| **هەیوە شەو** | **مانگە شەو .** |
| **هرمێن** | **١ــــدەنگێکی بە هێز ٢ــ بازاری گەرمە ، بەسەری دەرژێ .** |
| **هنداو** | **لەسەرەوەی .** |
| **هنگافتی** | **پێکاندی .** |
| **هوپە** | **قەلەو ،**<br>**لە شێوەی دەنە .** |
| **هۆدە** | **ژوور ، چاوگە .** |
| **هوڕ** | **گێژ .** |

| | |
|---|---|
| هورە | بایەکی گەرمە لە ڕۆژهەلات بەرەو خۆرئاوا . |
| هورگن | کەرش گەورە ، پەند : سێ شت لە کوردەواری پەسندە ( منداڵی چلمن ، جاشکی توکن ، گۆلکی هورگن ) . |
| هورێنە | کەسێك هۆشی لە خۆنەبێت قسەی لابەلا بکات . لەناو خەو قسان دەکات . |
| هۆل | گۆیە دارێکی خرە وەکو تۆپ بۆ یاری قاشۆیانە بوو . پەند : ( هۆلت بەبەر قاشۆم هەر دەکەویت ) . |
| هوندڕ | ناوەوە ، لە هەندڕ ژۆری . |
| هۆندن | هۆندنەوەی بەن ، کشتەك، کەزی هۆندنەوە ، |
| هویردەواله | کەلە پەلی هوردەی ناوماڵ . |
| هیزە ژن | ئافرەتی بەسۆز ، پەند( هیزە ژن نابێت بە جەلاد ) . |
| هێسك و پروسك | ١ ــ روفات ، پاشماوەی مردوو ٢ ــ بە کەسێکی لاواز دەگۆترێت . |
| هێچك | ١ ــ دارێکی دوولقە لە گوریس دەبەستنەوە بۆ قایم کردنی باری سەر پشتی دەوار . ٢ ــ پەتکە بەنێك پێوە لە دیواری دەکوتن شتی پێوە دەکەن . |
| | **پیتی ( و )** |
| واش | پێچەوانە ، شەروالەکەی بەرەواش لە پێ کردیە . |
| وامی | واق ورما . |
| وەجاغ | کەسێك شوێن باوکی بگرتەوەوجێی خالی نەبێت. |
| وەحە | لێخورینی ڕەشە ولاغە . |
| وەردانەوە | کێلانی زەوی شۆ لە بەهاردا . |

| | |
|---|---|
| **وەرس بووە** | **بێزار بووە .** |
| **وەرشێلە** | **تێکەلو پێکەلی بکە .** |
| **وەزنە** | **دوو عەلبەیە ، دەکاتە یەك قەزناغ لە سۆران .** |
| **وەغز** | **برینی کوشندەی ناو هەناو .** |
| **وجاغ کۆر** | **بێ منداڵ ، بێ وجاغ .** |
| **وڕماق** | **سەری سوڕمایە .** |
| **وشی** | **کۆکردنەوەی گولە گە نمی ناو پەرێز .** |
| **وڵداش** | **هەڤاڵ ، برادەر ، دۆست ، هاورێ ، هاوتەمەن.** |
| **وڵسات** | **ڕەشە ولاغ .** |

# بەشی سێیەم :

## زاراوە و وشە دروستکراوەکان.

### فەرهەنگۆکی دەنگ لە کوردەواریدا

ئاخ و داخ : هاوار و حسرەت لە خەفەتان .

ئحم ئحم : نەرمە کۆکە بۆئاگادار کردنەوە .

یخە یەخ : بۆ دەرکردن و دورخستنەوەی بزن .

بارە بار: بارەی مەرو بزن .

باعە باع : باعەی کارو بەرخ .

بڵقەبڵق: بڵقەی شتی کولاو.

بۆرە بۆر : قۆرەی گا و مانگا .

بۆڵە بۆڵ: دەنگی زۆرگۆتن بۆ دەربڕینی نارەزایی .

تە پە تەپ : تە پەی دەنگی پێ . توێ توێ : بانگکردنی مانگا، .

پەکو پۆ: دەربڕینی بێزاری . تر پە ترپ: تر پەی لێدانی دڵ .

پرتە پرت: زۆر گۆتن بێ کەلك .

پرخە پرخ : دەنکی خەوتن.

پرمە پرم: پرمەی ئەسپ .

پشیپشی : بانگکردنی پسك ، کتك ، پشیلە .

پفە پف : خۆشکردنی ئاگر .

چەە چەهە : جریوەی بولبول .

جریوە جریو : جریوەی دەنگی کوێشکە چۆلەکە .

جلقە جلق: دەنگی پێ لە ناو پێڵاوی تەڕ .

حەپە حەپ :حەپەی سەگ ، دەنگی سەگ .

حمکەحەم : بە منداڵی ساوا دەگۆترێت حەمکە بخۆ .

حیلە حیل : حیلەی ئەسپ .

ختە خت : دەرکردنی پشیلە .

خڕە خڕ : خڕەی گوێز و مازی .

خرتەخرت : خرتەی مشك .

خرمە خرم : خرمەی دەنگی خەیارو تقر خواردن .

خرینگەخرینگ : دەنگی بازن لە قۆل و باسکی ژنان .

خشە خش : دەنگی قرشە و گەڵا .

خشە و فیشکە : دەنگی مار .

خشەخش : خشەی ڕۆیشتنی مار .

خلەخل : ڕۆیشتنی لەسەر خۆ ( خاو وخلیچك ) .

خوڕە خوڕ : خوڕەی ئاو .

خوڕە خوڕ : دەنگی چەم و جۆگە .

خورپە خرپ : خورپەی دڵ کاتی راچڵەکین و ترسان .

خیزەخیز : دەنگی ناو سینگی مرۆڤـــــــ .

ژاوەژاو : دەنگی قەرەباڵغی و جە نجاڵی .

زڕە زڕ : دەنگی زەڕەی کەر .

زرمە زرم : ، زرمەی تفەنگ یان زرمەی پێی وڵاخ .

زرمە زرم : دەنگی لێدانی کەسێك .

زیکە زیك : زیکەی مشك .

سیڕە سیڕ : سیڕەی پێڵاوی بن قاڵتاغ .

شەقەشەق : دەنگی لێدانی سەرچەقی باڵی باڵندەکان .

**شریخە شریخ : هەورەبرسك .**

**شنەشن : کەیف خۆشی منداڵ .**

**شوڵقە شولق : شڵقەی مەشکە .**

**شیڕە شیڕ : دڕانی قوماش ، یان شیڕەی پیرێژن ، شیڕەی نێرەکەر .**

**چرپە چرپ : دەنگی دلۆپەو باران بارین .**

**چرپە چرپ یان خشەخش : بۆ دەنگی تەپەی پێ دێت .**

**چرکەچرك:چرکەی سەعات .**

**چزە چز : چزەی سووتان ، یان چزەی پێوەدانی هەنگ و زاردەواڵە .**

**چیڕە چیڕ : جیڕەی دەنگی دەرگا .**

**گارە گار : دەنگی مریشك .**

**گدی گدی : بۆ بانگکردنی کار.**

**گڕە گڕ : دەنگی سەیارە .**

**گرمە گرم : گرمەی دەنگی تەقاندنی تۆپ .**

**گرمە و ناڵە و شریخە : دەنگی هەورە بروسکە .**

**گڤەگڤ : دەنگی ڕەشە با .**

**گمەگم : گمەی دەنگی کۆتر .**

**گورمە گورم : دەنگی تۆپ .**

**گیزە گیز : دەنگی مێش .**

**گیزەگیز :دەنگی مێشولە ، گیزەی سەماوەر ، گیزەی گوللە .**

**عەلۆ عەلۆ : دەنگی عەلی شیش یان قەل .**

**غەرغەرە : ئاو یان شلەمەنی لە دەو وەردان .**

**فڕە فڕ : دۆ خواردنەوە .**

**فڕە فڕ : فڕە فڕی باڵندە .**

**فشەفش : خۆفشکردنەوە و خۆ بەزل زانین .**

**فڵچەفڵچ : فڵچەی دەو کاتی شت خواردن بەتایبەتی کاتێك کەسێك ددانی لەدەودا نەمابێت .**

**فیشقەفیشق : دەنگی ئاوی بەلوعە .**

**قاسپە قاسپ : قاسپەی کەو .**

**قرتە قرت: دەنگی شکانی شت .**

**قر پەقرپ: دەنگی قریشك هاتنەوە .**

**قروسکە قرۆسك : دەنگی کەفتیار .**

**قۆڕە قۆڕ: دەنگی قۆڕەی زگ لە پرسان .**

**قوقە قوق : قوقەی گەڵەشێر .**

**قوڵتەقوڵت : کوڵاندنی چێشت .**

**قوڵپەقولپ : قوڵپەی گریان .**

**قیژە قیژ : دەنگی قیژەی منداڵ یان هەڵۆ .**

**قیڕە قیڕ : قیڕەی قاز یان دەنگی بۆق .**

**قیقە قیق: دەنگی کەلەباب .**

**کڕەکڕ : کڕەی بەرداشی ئاش .**

**کشەکش:دەرکردنی مریشك .**

**کڵپە کڵپ: دەنگی ئاگر .**

**کۆخەکۆخ: کۆخەی پەسیو و سەرمابوون .**

**کورکە کورك : کورکەی دەنگی مریشکی کورك .**

**کوسکەکوسك:چاوە چاوەیتی .**

**کیفە کیف: کیفەی مار ، لەرەلەر : لەرەی لەرزانە .**

**لرخە لرخ: لرخەی قوڕگ .**

**قورخە قورخ : کاتی خنکان لە ناو ئاو .**

**لرفە لرف یان نرکە نرك : دەنگی ئاگر .**

**لورە لور:دەنگی گورگ و دەعبا .**

**مڕە مر : دەنگی مڕاندنی سەگ .**

**مرچ ومۆچ : دەنگی ماچکردن .**

**میاوە میاو : دەنگی پسك ، کتك ، پشیلە .**

**ناڵە ناڵ : دەنگی ناو ناخی کەسی نەخۆش .**

**ناڵە ناڵ : دەنگی هاواری ئازار .**

**ناڵە و بۆڵە : دەنگی ورچ .**

**نەڕەنڕ : نەڕەی شێر ، نرکەنرك : هاواری نەخۆش .**

**نسکەنسك : هەنسکی گریان .**

**نویزە نویز : دەنگی گریانی منداڵی ساوا .**

**هاتە هات : دەنگ و هاوارکردن .**

**هاڕە هاڕ: رفانی شاخ و بەرد . هاژە هاژ : دەنگی شەت و روبار .**

**هاشەهاش : دەنگی چەم و روبارە لەدوای بارانی بەخوڕ .**

**هەچە هەچ : بۆ لێخوڕینی کەر و هێستر و ئەسپ و ماین .**

**هۆش هۆش : بۆ وەستاندنی کەر و هێستر .**

**واقە واق : دەنگی چەقەل و رێوی .**

**وەحە وەح : بۆ دەرکردنی گا و مانگا .**

**ویزە ویز : دەنگی هەنگ و زەردەواڵە ، ویزەی گوللە .**

**یخە یەخ : بۆ دەرکردن و دورخستنەوەی بزن وکار .**

# ناوەکانی دەنگی هەندێك لە رەگەزی نێرینەو مێینە و فەرخەکانیان

| ناو | نێر | مێ | فەرخە | دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| مرۆڤـــــ<br>بنیادەم | کوڕ<br>پیاو | کچ<br>ژن | زارۆك<br>منداڵ | ئاخافتن<br>قسەکردن |
| هەسپ | ئەسپ | ماین | جوانی | حیلًاندن |
| کەر | نێرە کەر | ماکەر | جاشك | زڕاندن |
| سە | گەمبۆل | دێلە | گوجیلە | حە پاندن |
| پشیلە | کۆرپە | پشیلە | بەچکە پشیلە | میاواندن |
| مانگا | کەلەگا | چێل | گۆلك | قۆڕاندن |
| گامیش | کەڵ | گامێش | پالاغ | حوقاندن |
| مەڕ | بەران | مەڕ، پەز | بەرخ | کاراندن |
| بزن | نێری | بزن | کار | باعاندن |
| بەراز | یەکانە ، ماقۆر | مالۆس | کودیلە | فیشقاندن |
| مریشك | کەلەبان، دیکل | مامر | جوجکە | گارەگار |
| سۆنە | سۆنە | بۆرە | جوجکە | قاڕاندن |
| کەو | نێرە کەو | ماکەو | کەوبار | قاسپە |
| هورچ | گۆلە | دێلە | بێوەلە | بۆلاندن |
| کەروێشك | نێرە کەروێشك | مێینە | خەرنەق | زیقاندن |
| قەڵ | نێرە قەڵ | مێینە | جوجکە | قاژاندن |
| | | | | |

# کەرەستەکانی مەشکە ژاندن




**سیٰ پیٰ : سیٚداری هەندی یەك دەچەقیٚنن سەریان دەبەستنەوە .**

**کاریتە : هەندیٚ مالٚ مەشکە لە کاریتەی بەرهەیوانی خانی قایم دەکەن.**

**مەشکە : پیٚستی حەیوانی خۆشدەکریٚت دەکریٚتە مەشکە .**

**لۆلەپ :دوو لۆلە پی هەیە ئافرەت دەست پیٚدەگریت بۆ ژاندنی مەشکە .**

**ئاودۆك : داریٚکی دریٚژە هەردوو سەری دەچیٚتە ناو کونی لۆلەپ .**

**گوریس : هەردوو لۆلەپ گوریس پیٚوە بەسترایتەوە لەسیٰ پیٰ قایمکرایە.**

**سیٚتا : تاوە بەنیٚکە گردۆکی هوندرایتەوە دەوی مەشکە پیٚدەبەستریٚت .**

**گۆرانی : ـــ هەر ئاوچەیەك گۆرانی تایبەتی مەشکە ژاندنی خۆی هەیە**

**چەندم کرد مەشکە ژەنیٰ خەسوم عەمری نەمینیٰ**

**ئاویٰ مەشکەم پی دەیٚنیٰ لە هەیوانیٚم دەنویٚنیٰ**

**سوبانیٰ زوو هەلٚمدەستیٚنیٰ**

**یان دەلٚین : مەشکە مەشکیٰ کیسەلٚیٰ دەیژیٚنم لە چەقەلیٰ**

**کەشك و دۆ بۆ کەچەلیٰ**

# ئاشی ئاو، ئاسیاوWater Mill



**بەمەبەستی سودی گشتی و خزمەتی زمان و فەرهەنگی کوردی لە سەر ئاش و کەرەستەکانی ئاش دەپەیڤین : ـــ**

**مرۆڤــــ بەردەوام لە هەل وتێکۆشان بووە بۆ داهێنان و دروستکردنی ئامێری نویٚ بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەیان و خۆشگوزەرانی و سوود وەرگرتنی زیاتر لە ئاو ، روبار، دارودرەخت ، بەرد ، پێرۆیەکان و بەرهەمی گشتوکاڵی.**

**ئاشی ئاویٚ دەزگایەکی سادەیە و تارِەدەیەکیش ئاڵۆزە داهێنانی مرۆڤی کوردە ، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان بۆ یەکەمجار کاری کشتوکاڵی لە دەشتەکانی کوردستان دۆزرایتەوە ، زۆر لەکۆنەوە ئاش لە کوردستان دروستکرایە ، مێژووی ئاشی ئاو کەونە، هەندیٚ لەسەرچاوەکان دەڵێن کەسێك بەناوی ئاسیاو پێش**

**٢٥٠٠ساڵ یەکەمجار ئاشی دروستکردییە ، لە بەر هەندێ بە ئاسیاو ناوی دەبەن ، هەندێ سەرچاوەش مێژووی ئاش دەگەرێننەوە بۆ ١٥٠٠ ساڵ پێش زایین. ئاشی ئاوێ تاکو ساڵانی هەفتاکانی سەدەی بیستەم لە گوندەکانی کوردستان دەهاتە گێڕان و کاریان دەکرد .**

**زۆربەی ئاشەکان هی کاسانی دەوڵەمەند و ئاغا و دەرەبەگەکان بوون ، ئەگەر کەسێکیش جیا لەوانە ئاشی هەبووایە دەبوو ساڵانە بڕێك ئارد یان گەنم یان پارەی بدایە بە ئاغا ،بەو سەرانەیەش دەوترا ئاشانە .**

**جۆرەکانی هاڕین و لێکردنی داناش : ١ ــ دەستار . ٢ــ جۆنی ٣ــ ئاشی ئاوی کە بە وزە و تەوژمی ئاو کاردەکات. ٤ــ ئاشی ئاگری بە نەفتی ڕەش کاریدەکرد ٥ــ ئاشی گەرۆك بە تەرەنتەر کاری دەکرد ، ٦ــ ئاشی کارەبایی کە تا ئێستا لە هەندێ شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان هەیە .**

**کەرەستەکانی ئاشی ئاوێ :**

**شوێنی ئاش :گۆرەپانێکی گونجاو لە نزیك قەراغی رووبارێك دەستنیشان دەکەن هۆدەیەك دروستدەکەن وەکو نوان ئاش دەکەوێتە تێدا .**

**کۆتەل(قۆلەئاش): دارێکی درێژی ناو خلۆرەسەری بەرینە بنی تەسك تاوەکوبە تەوژم لە پەروانەی بدات لەجیاتی بیر بوو .**

**بیری ئاش: بیرێك لە بەردو گێچ دروستدەکەن لای سەرەوەی خانووی ئاش .**

**پۆسکە یان پۆزك :دارتویەکی خلۆر ناو بۆشلە بنی بیرەکە قایم دەکەن ئاو ئاراستەی پەروانەکان بکات لە هەندێ شوێن بە پۆزك ناودەبرێت .**

**خوانە : دارێکە ٢ تا٣مەتر درێژە بەردە گۆرە لەسەر پشتی قایم دەکەن .**

**بەردە گۆرە :بەردێکی زێدە توندوقایمە شەفتی ئاش لەسەری دەسورێت.**

**تەمۆ (دۆلاب): دارێکە نیومەتر درێژە وتیرەکەی ٣٠سم دەبێت پەروانەی پێوەیە .**

**پەروانە :**٢٨ تاکو ٣٠ پەروانە بە دار تەمۆدەبەستن بە شێوەی لاتەریك تەوژمی ئاو لێیدەدات بەرداشی سەرەوە دەسورێنیت .

**بست:**شەفتێکی ئاسنینە ١م تاکو مەترونیوێك درێژە ، لەبەرداشی سەرەوە قایم دەکرێت شەفت تەمبۆی پەروانەی پێوەیە .

**بەرداشی سەرەوە:** یەك پارچەیە یان سێ پارچەش دەبێت لە شێوەی بازنەدادەمەزرێنن بە تۆق قایم کرایە ، یەك پارچەیش هەیە .

**تۆق یان پشدێنە:** پارچە ئاسنێکی درێژو پانە لە شێوەی قایش بە دەوری بەرداش دەئالێنن کاتی بزانن دەرز کەوتوتە بەرداش تاکو توندی بکات لە مەترسی شکان پارچە بوون دەیپارێزێت .

**بەرداشی بنەوە :** گەورەترە لە بەرداشی سەرەوە لە شوێنی خۆی قایم کرایە ناسورێت .

**پێی ئاش( مرخە ):** بۆ عەیاردانی ئاش بەکاردێت بەرداشی سەرەوە( کەتێ سەرەوە ) بلندونزم دەکات.

**دۆلەدان :**گەنم و داناشی تێدەکرێت .

**پۆزدینك:** لە بنی دۆلەدان قایم دەکرێت دانەوێلەی دەگواستەوە بۆ ناو سۆرینگە.

**سۆرینگە :**دارێکە لە شێوەی جۆگەلەیە گەنمی دەگواستەوە ناو کونی بەرداشی سەرەوە.

**باراش:** ئەو گەنمەی خاوین دەکرایان دەیانشوشتەوە لەئاشی دەکرا ئارد .

**ئاردکێش:**دارێکی پانە ئاردی پێ کۆم دەکەن .

**کۆتك( مۆچك ):** دەفرێکە لە دار دروستکرایە کیلۆیەك گەنم دەگرێت .

**مزە :** بەرامبەر هێڕانی هەر وەزنەیەك کۆتکەك لە هێڕاوەکە بۆ خاوەن ئاش دەبێت ، ناوی کەوخۆمزەیی لە وەرگرتنی ئەو مزەیە هاتییە .

**بۆشیلان :** ئەو جۆگەئاوەی لەبن ئاشی دەردەکەوێت دەچیت بۆ دەرەوە.

**دووبەرداش :** بەرداشی سەرەوە بەهۆی هێز و تەوژمی ئاوەوە دەسوڕێت لەسەر بەرداشی بنەوە .
**ئاشی دایمە گەڕ :**ئەو ئاشەی بەردەوام کاردەکات ئاوی لێنابڕێت پێی دەوترێت دایمە گەڕ.
**ئاشی ئاولێبڕاو :** ئاشێك ئاوی لێبڕابێت و لەکارکەوتووە لە کوردەواریدا پەندێك هەیە : ( ماڵەکەی دەڵێیت ئاشی ئاو لێبڕایە ) . ئاوەکەی بەهارییە.
**ئاشبەتاڵ :** کاتێك ئاش باراشی تێدا نەمینێت بۆ لێکردن و هاڕین ،ئاشەوان بانگڕادێلیت هۆ خێرەمەندینە وەرنە ئاشی ئاش بەتاڵە ، هەر ماڵێك باراشی هەبێت بلا بهێنی بۆ لێکردن.
**ئاشی دایمەگەڕ :** ئەو ئاشانەن کە بەردەوام لەکارکردندان و ناوەستن بەهۆی زۆری باراش بۆ لێکردن و بوونی سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاو کە مەرجی سەرکییە بۆ گەڕانی ئاش .
**ئاشگێڕێك :**ئەو بڕە ئاوەی بۆ بەگەڕخستن و کارپێکردنی ئاش پێویستە پێی دەوترێت ئاشگێڕێك ئاوی هەیە ، واتە نزیکەیی ( ٣بۆ ٤ ) ئینج ئاو.
**ئاشەوان :**ئەو کەسەی ئاش دەگێڕی دەبێ پیاوانی بەئەزموون و بەتەمەن و شارەزا بن لە ئاشگێڕان ، باراشەکان دەهێڕیت پێێ دەگوترێت ئاشەوان.
**باراش :**ئەو بڕە گەنم یان جۆیەی بە پشتی دەوار بۆ هاڕین دەبرا بۆ ئاش پێی دەوترا باری ئاش هەندێ جار بە کۆڵ باراشیان دەبرد.
**ئاشانە :** زۆربەی ئاشەکان هی ئاغا کاسانی دەوڵەمەند بوو . ئەگەر کەسێکیش ئاشی هەبایە دەبی ساڵانە بڕێك ئارد یان گەنم یان پارەی بدایە بە ئاغا ،بەو سەرانە دەگوترا ئاشانە .
**کویرەخانە یان ئاگردان :** هەندە کەس هەبوو شەوەك دووشەو یان زیاتر لە ئاش دەماوە تاکو نۆبەتی دەهات لە بەر ئاگردانی ئاشی خۆیان گەرمدەکردەوە .

**خەروا یان خەرواتا** :بە ئاردی مزاش هەویریان دەکرد جوان دەیانشێلا ، بەردێکی پان و لووس تەنکیان (بەردەسێل) لە سەر سێپێچکەی ئاگردانەکە دادەنا تاکو بەردەسێلەکە داغ دەبوو و ئەوجە هەویرەکەیان پان دەکردەوە لە سەر بەردەسێلەکەیان دادەنا جوان دەبرژا هەندێ رۆنی کوردیان لێدەدا سۆرهەلدەگەڕا هەر بە حەزرەت بوو بیخۆی .

**چەپەر یان پەرچ**:چەپەرێك بە دار دروستدەکرا لە سەرەتا و کۆتایی ئاورێژکەوە دادەندرێت ، بۆ رێگری کردن لە چوونە ناوەوەی قرشوقاڵ و باڵندەی مردار و کیسەل ... بۆ ناو دۆڵاش و نەگیرانی ئاش

**ئاردهاوێژیان ئاردەشان** : ئەو ئاردەی لەکاتی سوڕانی بەرداشی سەرەوە دەڕژێتە ناو دۆڵیانی ئاردەوە .

**مزاش یان مزەئاش** : کرێی لێکردنی باراشە دەدرێت بەئاشەوان ، بە پێوانە کۆتکێکی دار دە پێورێت پێی دەوترێت کۆتك.

**ئاردماڵك** " بێلە دارێکە بۆ کۆکردنەوە و ماڵینی ئارد لەبەردەم دۆڵاشدا و دەکرێتە ناو جوال.

**چەقچەقە ،هەژێنە، چەقەنە ، چیکەنە**: دارێکە بەستراوە سەری لەسەر پشتی بەرداشی سەرەوەیە لەگەڵ سوڕانی بەرداشی سەرەوە دەلەقێت وردە وردە باراشی ناو دۆلەدان دەکاتە ناو گەروی بەرداشەوە بۆ هاڕین.

**بیرازیان نقار** :هەردوو بەرداش لە ئە نجامی پێکهەڵخرانیان دەسوێن واتە لوس دەبن وەستای ئاش کەسێکی شارەزایە بۆ دامەزراندنی ئاش و بیرازکردنی بەرداش و وەگەڕخستنەوەی . بە چەکوشێکی تاییەت هەردوو ڕووی بەرداشەکان دەکوتتەوە بۆ ئەوەی دڕ بیتەوە

**دزە یان میستن** : هەندی جار ئارد دزەی دەکات لە نێوان هەردوو بەرداش دەچیتە ناو ئاو ، کێشەیەکە ئاشەوان چارەی دەکات .

**پێی ئاش:** دارێکە سەرێکی دەبەسترێت بە خولگەی ئاشەوە و سەرەکەی تری سەربەستە بۆ بەرزونزمی بەرداشەکە بەکار دێت وەکو قیاسی کۆنترۆلی زڤری و هوردی ئارد دەکات .

**بابەتی ئاش کۆتایی هات لەگەڵ رێزم .**

## ناوی فەرخەی ئەو گیاندارانە دیار دەکەین : -

| | | |
|---|---|---|
| مەڕ : بەرخ | کەو : کەوبار | مار : تویلە مار |
| گامێش : پالاخ | کەر : جاشك | بەراز : کودیلە |
| بزن : کار | مامز : کارمامز | دوپشك : سۆلسۆلە |
| چێل : گۆلك | ماین : جوانی | بۆق : کلکەمەقلی |
| کەروێشك :سە پسێنکە | مریشك : جوجەلە | |
| هورچ : کودیك | سە : گوجیلە | |

# سەنگ و کێشی کوردەواری لەدەڤەری گۆرانەتی



**پێش بەلاو بوونەوەی کیلۆ( کغم ) و میزانی سەردەم ، لە ناو کوردەواریـدا تـەرازو رۆڵێکی گرینگی هەبوو لە کڕین و فرۆشتن .**

**ئەو سەنگانەی دەخرانە ناو سەری تەرازوو وەکو ئامرازی پێوان ئەو ناوانە بـوون: ( وەقیە، وەقـێ ،حوقـە،من ، باتمـان، کـراس.، یـان کەیاسـی پـێ دەگـوترا ) بەرامبەر کیلۆی ئێستا بوون بەو شێوەی خوارەوە بەکاردەهات :**

**وەقیە** **= یەك پاکەت= نیوچاریەکی کغم =** ١٢٥ **غرام .**

**وەقی=** ٨ **هەشت پاکەت= یەك کیلۆ غرام=** ١٠٠٠ **غرام**

**حوقە=** ١٦ **شازدە پاکەت= دوو وەقی= دوو کیلۆ غرام.**

**من=** ٢٤ **پاکەت= سێ وەقی = سێ کیلۆ غرام.**

**باتمان**= ١٣ **سێزدە کیلۆ غرام و نیو = کێشی یەك وەزنە بوو .**

**کراس یان کەیاس : لە هەندێ ناوچەی چیاکان بەکار دەهات بە شوێن دەگۆڕا لە هەندێ شوێن ١١ پاکەت بوو یان ١٦ پاکەت بوو لە هەندێ دەگەیشتە ٢٠ پاکەت. روونکردنەویەك :**

**یەك پاکەت :واتە پێنج فیشەکی جامبێزاری بە سەرە پاکەتەوە = ١٣٠ سەدو سی غرام . پاکەتە فیشەکی تفەنگی برنۆ سووکتر بوو لە کێشی پاکەتە فیشەکی جامبێزاری نیو پاکەت جیاوازیان هەبوو بۆ نموونە : یەك وەقێ = ½ ٧ هەفت پاکەت و نیو بە پاکەتی فیشەکی جامبێزاری بە پاکەتی فیشەکی برۆنۆی زیاتر بوو .**

**وەقی ٨ هەشت پاکەت فیشەکی برۆنۆی کەم فیشەکەك بوو ، هەرلەبەر هەندێ ½ نیو چارێك کغم = ١٣٠ غرام لە کێشانی کوردەواریدا .**

**فترە : بۆ کڕین و فرۆشتن بە کار دەهات قاپی سفرهەبوو ،**

**٣ سێ فترە = یەك ١ عەلبە- = یەك ڕبە-.**

**٢ دوو عەلبە = یەك ١ وەزنە ، ٢٠ بیست عەلبە = یەك ١ تەغار،**

**تەغاری پارێزگای هەولێر پێی دەلێن ( عەلبە ) = ١٦ وەزنەیە،**

**یەك ١ قەزناخ=دوو ٢ وەزنە.**

**هەندێك لە پێوانەکان، لە شارێك بۆ شارێکی تر جیاوازیان هەبوو ، ئەندازەی نیوە و سێیەك و چاریەك تا هەفتیەك و هەشت یەکی هەبوو**

**یاسین حەسەن گۆران ،لە کتێبی کەلەپوورنامەی کوردەواری ، وەرگیرایە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر ساڵی ٢٠٠٩ لاپەرە( ٩٣ )**

## هەندێ لە پێوەرەکانی کۆن لە پارێزگای هەولێر



**یەك ڕبە : نزیکەی ٨هەشت بۆ ٩نۆ کیلۆیە دەکاتە نیو تەنەکە**

**(ڕبە، ڕووبە، لە -ربع-ەوە هاتووە، چوونکە ڕوبعێکی قاسناخە)**

**دوو ڕبە : یەك تەنەکەی ، واتا نزیکەی ١٨ هەژدە کیلۆیە.**

**کیلە: ٤ چوار تەنەکەیە ، واتا ٨هەشت ڕبە.**

**تەغار: هەشت تەنەکەیە، واتا شازدە ڕبەیە.**

**عەلبە: لەهەندێ ناوچە ٣٢سی و دوو تەنەکەیە، لەهەندێکی شوێنی تر ١٦ شانزە تەنەکەیە.**

**ڕب : سێ پاکەت فیشەکی برنۆ، واتا ١٥ پانزە فیشەك.**

**هۆقە : ٣ سێ ڕب**

**پووت : ١٢ دوانزە کیلۆیە.**

**قاسناخ= ٤ ڕبە ، ١قاسناخ= ٢ باتمانە ،**

**١قاسناك، قاسناخ، قاسناغ = ٤٠ کیلۆیە ، ١قاسناخ، قسناغ= ٢٠هۆقە**

**باتمان : ٣٢ سی و دوو کیلۆیە ، لەهەندێ ناوچەش ٢٦ بیست و شەش کیلۆ، زیاتر بۆ پێوانەکردنی فەردە توتن بەکارهاتووە.**

## چ لە پیستی مەڕو ماڵات دروستدەکەن :



**دوای خۆشکردنی پێستی حەیوان و غاراندنی بە جفت و پەلکە هەنار ، بەو ناوانە دەهاتە بەکار هینان:**

**هەمبانە : رزق و ئازۆقەی سالانە تێدەکرا .**

**کوندە : ئاویان پێدەکێشا ، یان ئاوی تێدەکرا بۆ هەقاری .**

**شیرمەشك : دوای دۆشینی مەڕومالات بێریوان شیری تێدەکرد .**

**هیزە : روونی خۆمانە تێدا هەڵدەگیرا.**

**دۆدان : دۆی تێدەکرا لۆ ماڵ یان لۆ هەقاری .**

**مەشکە : ماستیان تێدادەژاند تاکو ببیتە کەرە.**

**پیستە پەنیر:خێلی کۆچەرایەتی دەچوونە کوێستانان پڕ ژاژی و پەنیریان دەکرد**

**دەولك : مێوژ و لەتکە هە نجیر تێهەڵدەگیرا بۆ وەرزی زستان .**

# وشەی دەست لە لە کوردەواریدا



**دەستبەتاڵی :** بێ ئیشی ، کەسێکە کە کاتی هەیە .

**دەستکێش :** بەرگی دەست پۆش لەکاتی کار یان سەرما .

**لەدەستدان :** نەمان ، فەوتان ، بزرکردن.

**بەدەستهێنان :** پەیداکردن.

**بەردەست :** ئامادە، حازرە .

**حەقدەست :** مافی کاری رۆژانە .

**داردەست :** دارێك کە بەدەستەوە دەگیرێت .

**دەسەڵات :** دەست هەڵهاتوو.

**دەست بە دەست :** لە کەسێك بۆ کەسێکی تر .

**دەست بەدووعا :** لە خوا پارانەوە .

**دەست بەردان :** کۆتایی هاتن .

**دەست تەنگ :** هەژارو نەدار ، کەمدەرامەت .

**دەست پانکردنەوە :** دەرۆزە کردن ، سوال کردن.

**دەست پێداهێنان :** شێلان ، دامالین بەدەست.

**دەست خەڕۆی کردم : منی بە هەلە برد .**

**دەستخۆش: سپاس و پێزانین .**

**دەست شۆر: ئامێرێکی کۆنی کوردەوارییە بۆدەست شوشتن بەکاردەهات .**

**دەست کەوتنە بن سەر: کەسێك جلەوی کەسێك بکات.**

**دەست کورت : فەقیر ، کەمدەرامەت .**

**دەست لە پشتدان : کەسێك هانی دەدات بۆکاری خرا پە .**

**دەست لەسەرشان دانان: تەنازولکردن.**

**دەست لەمل کردن: ئاشتبوونەوە.**

**دەست لیَ ڕاست کردن: ڕووبەڕووبوونەوە.**

**دەست لێنەدان: وازهێنان.**

**دەست نوێژ: دەست نوێژ هەڵگرتن .**

**دەست هەلێنج : بە دەست ئاو لە بیر هەلبکێشی .**

**دەست وبرد : دەست حەل ، گرجوگۆل .**

**دەستاڕ: ئامێرێکی کوتانی کوردەوارییە بۆ هاڕینی دانەوێلەیە .**

**دەستاو : دەست بە ئاو گەیاندن ، پێشاو .**

**دەستاودەست: یەك لە یەك وەربگرتەوە .**

**دەستاوخۆش : کابانێکی دەست خاوین و خواردنی بە تام .**

**دەستاودەست: چوونی شتێك لەدەستی ئەمەوە بۆدەستی ئەو.**

**دەستاوی خۆشە : خواردنی دەستی خاوێن و بە تامە .**

**دەست بادان: زۆرلێکردن، فێڵکردن.**

**دەستبار : دوو دەستی یەکتر بگرن جوال دەخەنە نێوان هەردوو شانیان پێکەوە بلندی دەکەنە سەر پشتی دەوار .**

**دەستبازی : یاری کردن بە دەست .**

**دەستبەتاڵ: هیچی لە گەل خۆی نەهینابێت .**

**دەستبەجێ: بلەز، بە پەلە.**

**دەست بەردان : دەست لە کار هەڵگرتن .**

**دەست بەکاربوون: موباشەرەکردن.**

**دەست بەند: گوریس یان زنجیرێکە کەدەستی ئاژەڵی پێ ببەسترێتەوە.**

**دەست بڕین: فێڵکردن ، دزیکردن.**

**دەست بڵاو: کەسێك زۆر پارە خەرج دەکات.**

**دەستە دەستە : چین چین ، پۆل پۆل .**

**دەستە: هێندەی پەنجەکانی هەردوو دەست.**

**دەستەبەر : ئامادە ، حازرە . دەستە پاچە: ناچار.**

**دەستەك: کۆمەڵەکەسێك لەیەك تادە.**

**دەستەمل: دەست لە ملان ، دەست خستنەمل.**

**دەستەمۆ: ڕاهێنان،کەویکردن ، مەریح .**

**دەستەوا : کارکردن لە گەل یەك هەرجار بۆ لایەك .**

**دەستەوانە: دەستکێش،دەستبەند.**

**دەست وەستان : ئیش و کاری راوەستایە .**

**دەستەوەستان: دەستە پاچە،ناچار.**

**دەستەوشار: بەدەست گوشراو.**

**دەستەویەخە : هەڵیان کوتایە ناویەك ، شەڕی بە دەست و خەنچەر .**

**دەستشکاو : لە کارکردن کەفتیە .**

**دەستور : مۆڵەت وەرگرتن .**

**دەست تێکەڵ کردن: پەیوەندی ژێراوژێری نێوان ژن و مێرد.**

**دەستپاك:جێی متمانە. دەستپانکردن: دەرۆزە.**

**دەستپەڕ: خۆڕەحەتکردن بە دەست .**

**دەست پێ بگرە : کەم خەرج بکە ، ئاگادار بە .**

**دەست پیس: گەندەڵ، دز، جێی متمانە نەبێت.**

**دەست پێشخەری: خۆپێشخستن لە کارێکدا یان لە ئاخافتن .**

**دەستپێکردن: سەرەتای کارێك.**

**دەستخەت: دەستنووس ، ئەوەی بە خەتی دەستی بنوسرێت .**

**دەستخەڕۆ: فێڵکردن.**

**دەست خەلەت : خەلەتاندن .**

**دەست خلیان: دەست لەگەل چووە .**

**دەستدار: دەست هەڵاتدار.**

**دەستڕ یان دەستە سڕ: پارچە قوماشێکە بۆسڕینەوەی دەست وچاو.**

**دەستڕەش: تاوانکار.**

**دەستشۆر: مەغسەل.**

**دەست ڕەنگین: کاری دەستی جوان و ڕێکە ، جوانکێش.**

**دەسترۆ : دەستی دەڕوات . دەست بالایە .**

**دەست ڕۆیشتوو: کەسێکی بالآدەست.**

**دەست سپی: کرێکاری پێناکرێت ، مرۆڤی بڕوانامەدار.**

**دەستچن: هەر شتێك بەدەست وتەقەڵ چنرابێت.**

**دەست گەهشتی: دەوڵەمەند ، زەنگین.**

**دەستگر: پارچەقوماشێکە بۆهەڵگرتنی مەنجەڵ وقاپ وکەوچکی گەرم. بێدەست: هەژارو نەدار.**

**دەست گیران : خۆشەویستی خۆی ، قلەکی هەیە .**

**دەست ڤالا: بێکار، نەدار ، هەژار.**

**دەست کاری مەکە : دەستی لێمەدە .**

**دەست کاری: گۆڕینی باریشت.**

**دەستکەوت: بەرهەم.**

**دەستکرد : کاری دەستی**

**دەستکیس : کەسێك دەنگوباسی ناحەزی بۆی بگواستەوە .**

**دەست لەسەریەکدانان: ئیتیفاقکردن.**

**دەست لەکارکێشانەوە: وازهێنان لەکار.**

**دەستماڵ :دەستە سڕ .**

**دەستمچ: ڕەزیل، ڕژد.**

**دەست نووس : نوسین بە خەتی خۆی .**

**دەست نیشان: نیشانەکراو.**

**دەست هەڵگرتن: وازهێنان ، ڕوو لێ وەرگێڕان.**

**دەستهەندو : دارێکە لە سەر پشتی سەرکەهە نجاری چەقیایە جۆتیار دەست پێدەگریت لە کاتی جۆتکردن .**

**دەست وەشاندن: کەسێك دەست بوەشێنی بۆ لێدات . لێدانی بکات .**

**دەستی لێ بشۆ : فەوتایە ، بە کەس ناگەڕێتەوە.**

**دەست تێوەردان : دەستلەکاروباری ناوخۆی کەسێك یان وڵاتێك وەربدات.**

**دەسرۆك :دەستمال ، چەفیە ، لەچکە .**

**ژێردەستە: کەسێك لە ژێر دەستهەلاتی کەسێك بێت .**

**هاودەست: یارمەتیدەر.**

**ئاودەست: دەستاو ، چەشمە ، تـوالێت ، W .c .**

# ناوی تپلەکانی قا مکی دەست




ناوی پە نجەکانی دەست لە قلینچکەی بچووك تاکو پە نجەی گەورە

لە دەڤەری گۆرانەتی دەلێن :

قلینچکە ، بابە لینچکە ، دۆلە درێژە ، شادە نوێژە ، سپێ کوژە

لە کوردستانی باکوری: تووتە ، براتووتە ، هەلمەقوتە ، دۆشاو مژە ،سپێ کوژە.

لە دەڤەری موکریان دەلێن :

زەرنە قووتە ،برانووتە ، بەرزە لووتە ، ئەژنۆ رووتە ، هەلمەقووتە .

لە هەندێ شوێنی دیکە دەلێن :

قلیجان ، بەلیجان ، سەرتلی ، نیشانەك ، بەرانەك .

کندۆری ، کرنووسی ، دەبەنگ ، گێلۆکە ، گەوج .

بە زمانی عەرەبی دەلێن : خنصر ، بنصر ، وسگی ، سبابە ، ابهام

# ناوی جلوبەرگی ئافرەتان لە کوردەواریدا



**خام : لای خمچی ڕەنگیان دەکرد بۆ جلوبەرگی ئافرەتان بەکار دەهات .**

**بازە : دەیانکردە شەروال و کراس و بێجامە خەتی شین وسپی تێدا بوو گەرمی زستانێ وتەنکی هاوینی هەبوو.**

**چیت : بۆ دەلینگی دەرپێی ژنان بەکاردەهات.**

**جورجێت : ڕەش وسادە و گوڵداری هەبوو دەکرا کراسی ژنان.**

**شەحادە: ڕەنگ سپی بوو لۆ پەڕۆی ماستی دەکرا جاغ.**

**خەوخۆش: لۆ بەرگە بالیف و دۆشەکی بەکاریان دەهینا.**

**ئەنگۆلە : بەقاچاغ لەئێران دەهات دەکرا مەکسی ژنانە.**

**جەرسە : لۆمەکسی هاوینەی ئافرەتان بە کاردەهات .**

**دایلۆن : وەکو ستریچ بوو لێك ڕادەکشا هەموو ڕەنگی هەبوو .**

**کوێستانان: ڕەنگی سۆر وزەرد بوو خال خالی ڕەش تێدابوو .**

**مەخمەر: بۆ کەوێ وسوخمە وکورتەکی ئافرەتان .**

**جۆغ : جۆرە قوماشێکە هەژاران بەکاریان دەهینا .**

**جۆقەو کۆنتۆش : قوماشی کەوای پیاوان .**

**بوغاس : جلی کەمدەرامەتی هەژاران و نەداران .**

**خەسو تەقێنە : قوماشێکی بە ڕەنگە بوك لە ڕکی خەسوو لە بەری دکرد.**

## ئەو جۆرە قوماشانەش لە ناو ئافرەتان ناو و دەنگی خۆیان هەبوو لەوانە :

**برنجۆك :**

**تافتە :**

**تەزرە و باران :**

**پەڕێ مێشێ :**

**حەریر :**

**کرێشە :**

**خیابان :**

**دانتێل :**

**ڕیشی مامزێ :**

**سورمە :**

**شاخ و داخ :**

**شلومل :**

**شیفۆن :**

**چاوی ماری :**

**خاڵخاڵ :**

**گازر :**

**گوڵبا تمان :**

**کتان :**

**کشمیر :**

**کودەری :**

**کوێتی :**

**لەیالی :**

**مەل مەل :**

**مە نمەل :**

**موزلیم :**

**هانی هانی :**

**هەوری :**

**ئاگرباران :**

**ئاوریشم :**

**ئەتڵەس :**

## ناوەکانی بەرد بە پێی جۆر و ڕەنگ و بەکارهێنانی :




**بەردە زڤر : بەردێکی دڕ زڤرە.**

**بەردە خۆ : کەلەکە بەرد بەردیان لە سەر یەك کۆدەکردەوە .**

**بەردە لچ : بەردێکی شووشەیی سپی یە بە لێو وەدەنوسێت .**

**بەردە سۆر : بەردی ڕەنگ سۆرپاشماوەی گڕکانەکان .**

**بەردە لوس : بەردی ناو بەست و ڕووبارەکان .**

**بەردە ساپ : بەردێکی لوس و پانە لەسەر یا پراغیان دادەنا .**

**بەردە سیلە : یان بەردە گۆشە بۆ گۆشەی دیواری بەکار دەهات.**

**بەردە دەستار : تایبەت بوو بە دروستکردنی دەستار .**

**بەردە ئاش : بۆ بەرداشی سەرەوەو بنەوەی ئاش بە کار دەهات.**

**بەردە دامە : بەردی سپی و سۆر بۆ یاری دامانە بە کاردەهات .**

**بەردەسێل : بەردێکی پان و لوس بوو لە جیاتی سێل خواردنیان لە سەر سۆر دەکردەوە.**

**بەردە هەسان : بەردێکی کوێستانییە بۆ تیژکردنی داس وچەقۆ بوو .**

**بەرد هەلقێن : ئەو کەسەی بەرد لە ناو بستییەکان دەردەهێنیت .**

**بەرد عازەبە : بەردێکی قورسە هەرزەکاران خۆیان پێ تاقیدەکەنەوە .**

**بەردە جۆنی : بەردێکی درێژی پڕ بە لە پە بۆ جۆنی کوتان بوو.**

**بەردە باز : بەرد لە تەنکاو ڕێز دەکەن بەسەر بازدەدەن بۆ پەڕینەوە.**

**بەردە زیخ : هوردە بەرد.**

**بەردە لان : شوێنێك بەردی زۆری تێدا هەبێت ، لانەی بەرد .**

**بەردە نوێژ : تایبەتە بۆ نوێژکردن .**

**بەردە بلوری : لە شێوەی شووشەیی یە بریقە دەداتەوە .**

**بەردە حەلان :جۆرە بەردێکە لە کوێستانان هەیە .**

**بەردە ڕەژو : بەردی خەلۆز .**

**بەردی بناغە : بەردەمۆرە بۆ بنەشەی دیواری خانوو بە کاردێت**

**بەردە قارەمان : ئەو بەردەی شێخ مەحمود وەکو سەنگەر دژی ئینگلیز بە کاری هێنا وەکو بەرگری کردن .**

**بەردە مەڕمەڕ : بەردێکە بۆ کاشی و جوانی خانوبەرە بە کاردێت .**

**بەردە بێری : شوێنی بێریوانە بۆ مەڕومالات دۆشین .**

**بەردە تەلە : بەردێکی کونە بە تەلەی دەبەسترێتەوە.**

**بەردەقسل : لە کورە دەیسوتێنن دەهاڕن دەبێت قسل ـــ گێچ ـــ.**

**بەردە پێ : ئەو بەردەی لە حەمام بەکار دێت بۆ پێ خاوین کردنەوە.**

**بەردە بەنان : بەردێکی ڕنگ ڕەشە سوی نییە نابێت بۆ دیوارکردن .**

**بەردە گۆرە : بەردێکی کوێستانی توندە لە بن بستی ئاش دادەنێن .**

**بەردە گورچیلە : بەردی ناو کلیە .**

**بەردە قاچ : پێنج بەرد بۆ یاری قاچانێ بە کار دەهات .**

**بەردە چەرخ : بەردێکی دەستکردە ، دەیانکردە ناوچەرخ ئاسنێکی خڕ گرپیان پێ هەلدەخڕاند بۆ هەلگیرساندنی ئاگر.**

**بەرد تاش : کەسێك پیشەی بەرد تراشین بێت بۆ کاری خانوبەرە .**

**بەرد ریّژ : بەرد ریّزکردن بە شیّوەیەکی ئەندازەیی .**

**بەردە ئەستیّ : بەرد و پارچە ئاسنیّکە تایبەت بوو بۆ ئاگرکردنەوە.**

**بەردە شار : لە یاریەکی کوردەواری مندالان ئەو ناوە بە کاردەهات .**

**بەردە قیّل : بەردیّکە تایبەتە بە قیّلی قەبرستان .**

**بەرد مردە : بەردیّکی پۆخ و بیّ روح.**

**بەرد شکان : بەرد هورد کردن ( بەردی بشکیّنە پیاوی دوو روو مەدویّنە )**

**بەرد کیّشان : بەرد گواستنەوە بۆ شویّنی مەبەست .**

**بەرد ناس : کەسیّکی پسپۆر و شارەزا لە بەرد ناسین .**

**بەردناسی : زانستی بەرد ناسین و جۆرەکانی .**

**بەردە زراو : لە ئە نجامی کارلیّك کردنی کیمیاوی لە ناو هەندی ئەندامی لەشی مرۆڤ دروسی دەبیّت وەکو بەردە گورچیلە .**

**بەردهاویّژ : رۆیشتنی بەرد بە قەدەر هاویّشتنی بە دەستی پیاویّك .**

**بەرداوی : بەردی ناو ئاو.**

**بەرد باران : مالّیك یان کەسیّك بەرد باران بکریّت.**

**بەرد بڕ : بە کەسیّك دەگۆتریّ پیشەی بەرد بڕین بیّت.**

**کەلەکە بەرد : کۆمەلە بەردیّك لەسەر یەك کۆبکریّتەوە.**

**تەنکە بەرد : بەردیّکی تەنك. تاشە بەرد : پارچە بەردیّك .**

**تاتە پان : بەردیّکی گەورەو پانە.**

**کیّلە بەرد : قیّلە بەردانیّ یاریەکی کۆنی کوردەوارییە.**

**تاتە نویّژ : بەردیّکی پان و گەورەیە گونجاوە بۆ نویّژکردن.**

**خڕکە بەرد : بەردیّکی خڕی ناو لەپ.**

**نـــــــــاوی شویّـــن : بەردەڕەش ، بەردەسمت ، بەردەسۆر ، بەردەسپی ، کیّلە سپی ، کانی بەرد .**

# ڕەنگەکان لەکوردەواریدا :



باغ : پەمەیی ، ڕەنگی ئاڵ و واڵ .

ئاسمانی : شینی کرایەوە .

بەلەك : ڕەش و سپی .

پرتەقالی : ڕەنگی پرتقال .

سپی پات : سپی تێکەل بە بۆر .

شێ : سۆری کاڵ ، هەسپی شێ .

چەرمۆیی : سپی تۆخ .

چەمان : سپی سادە .

سپیلکە : سپی پات .

کەسك : سەوز .

ماش و برنجی : سپی و ڕەش .

ئەرخەوانی : مۆر

بێجی : ڕەنگی کاڵ .

حەبەش : ناوچەوان سپی .

سیس : زەردی کاڵ .

شین : کەلهوری .

وەنەوشەیی : مۆر .

قەترانی : ڕەش .

قورمزی : زێدە سۆر .

مارۆنی : لە ڕەنگی جەرگ .

مۆر : ئەرخەوانی .

مەرەزی : ڕەگی زەرد بەلای سۆر .

زەردێنەیی : ڕەنگی زەردێنەی هێلکە .

کمێت : ڕەنگی سۆر تاری هەسپی کمێت.

پیرۆزی : کەسکی ئاوی ،گیایی .

**ئامرازی (گە ) لەدوای هەر وشەیەك بێت مانای شوێن دەگەیەنێت بۆ نموونە :**

**پەڕاوگە :** شوێنی فرۆشتنی پێنووس و پەڕاوو کاغەز.

**پێگە :** شوێنی بەستنەوەی مانگا بە شەوانی هاوین .

شایستەی کەسێك ، یان شوێنی وەستان لەسەر پێ.

**پرسگە :** شوێنی پرسیارکردن .

**خواردنگە :** لۆقنتە ، شوێنی خواردن.

**خوێندنگە :** قوتابخانە ، فێرخوازی ، شوێنیخوێندن.

**دوانگە :** شوێنی قسەکردن، شوێنی لێدوان .

**ڕوانگە :** شوێنی ڕوانین، گۆشەنیگا .

**ڕووگە :** قیبلەی موسلمانان ( کعبە )شوێنی ڕووتێکردن.

**ڕێگە :** شوێنی هاتوچۆ ، شوێنی ڕێ،

**ریتنگە :** ئاودەست ، تەوالێت .

**زاڵگە :** شوێنی پشکنین و لێکۆڵینەوە .

**شەتڵگە :** شوێنی شتڵ یان نەمامگە .

**شەڕگە :** گۆڕەپانی جەنگ ، شوێنی شەڕ.

**چاوگە :** شوێنی هەڵقوڵین، سەرچاوەی ئاو ، شوێنی دەرهێنان.

**چۆڵگە :**شوێنێکی بێ ئاوەدانی . شوێنێکی چۆڵ .

**فەرمانگە :** شوێنی فەرمانبەران ( دائرە ) بۆ خزمەتکردنی خەلك.

**فێرگە :** شوێنی فێربوون .

**کۆمەڵگە :** شوێنی خەڵك،شوێنی ژیانی کۆمەڵە کەسێك .

**مەلەوانگە :** شوێنی مەلەکردن .

**یاریگا :**شوێنی جۆرەکانی یاری،

**نشینگە :** شوێنی نیشتەجێبوون .

# سۆر

**سۆر :** پاك کرایەوە ، جۆخین سۆرکرایەوە .

**سۆر :** بە خورتی ، بەزۆری ، بە سۆرە سۆر مارەیان کرد .

**سۆر :** برژاندن ، ئەو گۆشتەی لە سەر ئاگری سۆر بکەوە .

**سۆر :** تێدا نەمایە ، پەرێزەکە سۆر هەلگەرایە هیچی تێدانەمایە

**سۆر :** پێگەیشتن ، تەماتەکە سۆر بییە .

**سۆر :** شەرەفمەندی ، سوپاش بۆ خوا بەرامبەریان ڕو سۆرم .

**سۆر :** شەرم و حەیا ، دەویان لێك سۆربیتەوە .

**سۆر :** شەرمکردن ، لە شەرمان ڕەنگی سۆر هەڵگەڕا .

**سۆر :** گەنم ، سۆرێ سادانی ، ئەگەر ببێتە گرانی ، دەچێتە بنەبانی .

**سوڕ :** موسڕ ، سوورە لە سەر قسەی خۆی .

**سۆر :** هەڕەشە ، چاوی لێی سۆر کردیتەوە .

**سۆر :** ئەو نانە سۆرە دەلێی دوندکی کەوە .

**سۆر:** ڕەنگی سۆری گوڵ گوڵی .

# شامار



ئەفسانەیەکی کوردەوارییە ، هەر ناوچەیەك بە شێوەیەکی جیاواز دەگێڕیتەوە بەلام ناوەرۆکەکانی لێك نزیکن . مندالْ بووم خۆشکەکەم وێنەی شاماری بە داوی سامتونی ڕەنگاو ڕەنك لە سەر پارچە قوماشێکی سپی نەخشاندبوو ، پرسیارمان لە دایك و بابم دەکرد دەمانگۆت ئەو شامارە مانای چیە لە چ پەیدا بییە ؟؟؟ ، هەقایەتی درێژیان بۆمان دەگێڕایەوە .جەستەی شامار لە (سەری مرۆڤە، ناوقەدی شێرە ، کلکی مارە) پێکهاتییە ، مارهێمای دەرمان و پزیشك و لەش ساغییە ، دەست لێدانی مار قەدەغەکراوە بەتاییەتی ماری ڕەش چونکە مارە ژەهراوییەکان دەخوات ، مار لای ئێزدیان زێدە پیرۆزە ، دەرگای لالش بە ماری ڕەش هەلکۆردرایە ، دەلێن کەشتی نوح سەلامی خوای لەسەربێت کونێك تێبوە ماری ڕەش خۆی لە کونەکە ئالاندبوو کەشتی نوحی رزگارکردبوو لە نوقوم بوون ، دەلێن شامار هێمای زانین و ئازادی و سەرکەوتنە لای کورد .

# چاو



**چاوچنۆك : چاوتەنگ و رەزیل .**

**چاوتەنگ: پیاوی قرچنۆك و رەزیل.**

**چاوپان: بەكەسەك دەگۆترێ هەلەیەكی كردبێ .**

**چاوجنداوی: چاوی ساف و دوور بین .**

**چاوحیز: مرۆڤێك بەردەوام چاو گرێدات لە ئیشی خراپە .**

**چاوشۆڕ: كەسێك كەتنێكی كردبێت .**

**چاوقایم: كەسێكی بێ حارو بێمنەت كارێكی خراپی كردبی.**

**چاولەدەر: ئەو كەسانەی چاویان لە دەرگای خەلكە .**

**چاومۆن: كەسێك كەتنەكی كردبی.**

**چاوپیس : كەسێكی حەسوود .**

**چاوبن پیالە: چاوی گەورە.**

**چاوسۆر : كەسێكی تووڕەو تفت و تیژ .**

**چاوشوزن : چاو كچكە .**

**بێ چاوو روو: سفلە ، كەسێك چاكەی لەگەل كرابی لێی بێمنەتبی.**

# جۆت و گا



جۆت کردن لە ڤیستەڤاڵی گوندی کەونەباک ٢٠١٩/ قەزای بەردەڕەش



## کەرەستەکانی جۆت و گا :

**کەرەستەی جۆت و گا یان جووتکردن لە هەر ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر ناوی جودا جودای هەیە.**

**هەنجارِ: زۆرتر لە داربەڕوو یان گوێزێکی دوو لقی ئەستوور و پتەودروستدەکرێت .**

**ئاموور : هەنجارِ بەبێ گاسن، پێی دەگوترێ ئاموور هەنجارِ پێکدێت لە :**

**زمانە : بەشی بنەوەی هەنجارە نێزیکەی ( ٨٠ ) سانتیمەترە ،گاسن پێوە قایم دەکرێت دەچیتە بن خۆل.**

**سەرکە هەنجار: هەندێ هەنجار زمانەکەی لە خۆیەتی و لە هەندێ ناوچە زمانە قونکی هەنجار کوندەکەن بە تۆق و بستی بە بورغی لە گەل هەندێ پارچە دار پێکەوە قایم دەکرێن .**

**خەپە : دارێکی ئەستورە هەندێك کوورە چەند کونی تێدەکرێ و لەگەلْ کونەکانی مژانە دەخرێنە سەر یەك دەبەسترێتەوە.**

**گاسن : پارچە ئاسنێکە سەرێکی دەچیتە ناو زمانەی هەنجار سەری دیکەی تیژە زەوی شەق دەکات ، گاسنی یەك شاخ و دوو شاخ هەیە ، یەك شاخ بۆ جۆتی کەر بەکار دێت ، گاسنی دوو شاخ بۆ جۆتکردنی هێستر و گا بە کاردێت**

**سەقا : نووکی گاسن لە کاتی جووت و کێلاندا دەخورێ ناوە ناوە لای وەستا تیژی دەکەنەوە .**

**مشت و مالْ: گاسن تەختە لە گەل زەوی ، بە گۆشەی پلە سفر.**

**مالْ و دوو: گاسن هەندێك مەیل و لارە بە گۆشەی نزیکەی بیست پلە .**

**ڕك یان ڕژد: ڕوو لە ئاخ زەوییە بە گۆشەی نزیکەی سی پلە، جووتیاری کورد لە کاتی کێلانی زەویدا بە پێی شێوەی کێلان وجۆری زەویەکە گاسنەکەی داگرتووە .**

**نیر : دارێکی بتەوە نزیکەی دوو ( ٢م ) درێژە چار کونی تێدایە دادەنرێتە سەر ملی گا .**

**دۆسە : لە زەنگولە گەورەتری لە ناوەراستی نیر بە هیرتە یان شریت لە نیر بەسترایتەوە ، مژانە دەچیتە تێدا بە سەر مژانە قایم دەکرێت .**

**زەنگولە : دارێکی چەماوەیە بە سیرمە بەسترایتەوە بە گوریسی شەغرە.**

**هیرتە : تیلمە پێستی گایە ، بۆ سەنتەر کردن لە ناوەراستی نیر دەشدێنن.**

**سیرمە : چەرم لیزی لیزی دەکرا بۆ درونەوەی کۆرپەتە بەکاردەهات .**

**دارکلاوە : ٤ دارە ٤٠ تا ٥٠سم درێژە دەچیتە ناو کونەکانی نیر.**

**مژانە : دارێکی ئەستوورە بە هەنجار بەسترایتەوە ، چەند کونێکی هەیە .**

**سەرمژانە : دارێکە بستێك دەبێت دەکرێتە ناو یەکێك لە کونەکانی مژانە .**

**بن جڵ : لباد و پارچە جل لێکدەدەن ، پارچە چادرێك بە سەر دەدورنەوە لە سەر ملی دەوار دادەنێن بۆ ئەوەی ملی بریندار نەبێت .**

**کۆرپەتە : کەونە لباد لوول دەدەن چەرمێك بە سەر دەدورنەوە لە کاتی جۆت و جەنجەر لەسەر بن جل دادەنێن تاکو ملی دەوار بریندار نەبێت.**

**فرفرۆك : پارچە دارێکی بچوکە بە کۆتایی دەرەوەی کۆرپەتە قایم دەکرێت بە تاوە بەنێك هەردوو سەری کورپەتە لە ملی دەوار دەکەن .**

**مەساسە : داردەستێکە ١ تا ٢ مەتر درێژە سەرێکی لاپیتە پێوەیە بۆ پاککردنەوەی هەنجارسەری دیکە تیژە وەکو زختە بۆلێخورین بەکاردێت .**

**چەند زاراوەیەکی تر پەیوەندی بە جۆتیار و جۆت و گا هەیە : ـــ**

**قەرسیل : چەند وەزنەیك زەوی لە نزیك گوندی دەکرا جۆ بەرخ و چێلیان تێدا دەچەراند .**

**شکارتە : سالانە خاوەن ماڵ لە گەنمی زەوی خۆی بۆ شوانی یان سەپانی دەیچاند دەیان دوورییەوە و دەکوترا بەرهەمەکەیان بە رێنجبەری دەدا .**

**کاتە** : تەزرە دەغلی دەکوتا پاشان کاتەی دەداوە ،بیستان کاتەی دەدایەوە .

**هیشکاوز** : جۆتیار زەوی تۆ دەکەن پێش پەلە بکەوێت .

**تەڕاوز** : لە دوای پەلە کەوتن جۆتیار زەوی تۆ دەکات .

**تەڕەکاڵ** : هێشتا زەوی تەڕە کزر نەبیتەوە جۆتیار زەوی تۆ دەکات ، پەسند نییە کورد دەڵێن : ( نە تەڕ کێڵ بە ، نە پووش کێڵ بە )

**قوڕکێل** : بە قوڕ و باران زەوی بێتە کێلان پەسند نییە .

**زەوی دێم** : ئەو زەویانەی بە باران دەڕوێت ، ئاودێری ناکەن .

**دەستەوا** : دوو جۆتیار پێکەوە بۆ یەکتر کاردەکەن .

**بنەتۆ** :جوتیار لە پایزان تۆی چاندنی هەڵدەگرێت پێی دەلێن بنەتۆ.

**خەرتەتۆ** : واتە بە یەك جار خەرتەو تۆ بە یەك کاسن دەکات .

**لانیر** : بە دوو کەسان دوو دەواریان هەیە خۆیان لێك دەدەن بۆجۆتکردن

## جەنجەڕ



# بەشەکانی جەنجەڕ :



**حۆشترە :** هەردوو ملە درێژەکەی پێشەوە .

**تەپەی پێش :** تەپەی پێشەوە تۆپی پێشەوەی جەنجەڕ دادەپۆشیت .

**تەپەی پاش :** تەپەی پشتەوە تۆپی پشتەوەی جەنجەڕ دادەپۆشیت .

**تۆپ :** جەنجەڕ لە دوو تۆپ پێکهاتییە هەریەکە ٢١ باڵتە پێوەیە

**باڵتە :** پارچە ئاسنێکە ناولەپێك پانە دەوی تیژە سەری دیکەلە تۆپی جەنجەڕ بە پێچەوانەی یەکتر قایمکرایە هەر تۆپێك ٢١ باڵتە پێوەیە .

**کلچیو :** هەردوو سەری تۆپەکان دوو شەفت پێوەیە پێی دەڵێن کلچیو.

**کلچیودان :** کارەموی چەوری تێدەکەن کلچیوی تۆپەکان دەچیتە ناو کلچیودانەکان تێدا دەسوڕێت .

**عەقرەبە :** حۆشترەکان دوو کونی لە پێش و لە پاش هەیە دار بەرازەی لێ قایم دەکەن ، داربەرازەی پێشەوە عەقرەبە پێوەیە دار مژانەی پێوەدەکەن لە نیری قایم دەکرێت بە دەوار رادەکێشن .

**ماڵك :** لە دڕك دروست دەکەن لە کاتی هوردە کوت بە داری پشتەوەی جەنجەر دەبەسترێت .

**جێگای دانیشتن :** کەسێك لە سەر جەنجەڕ دادەنیشێت بۆ لێخوڕین .

# شەو



**شەوە :** دەڵێن جۆرە جنۆکەیەکە دێتە گیان منداڵی تازە لە دایك بوو ، بۆیە لە کوردەواری چل شەوان دەبێ لە دیار منداڵەکە دابنیشن .

**شەوین :** لە بەهاران دوای نیوە شەو حەیوانی دەچەرێنن .

**شەوگار :** شەو و رۆژ دانەری خودایە دەلێن رۆژگار یان شەوگار .

**شەوبەکێو :** کەسێك شەوانە لە کەندو چیاو دۆل بگەرێت .

**شەوبۆ :** جۆرە ڕووەکێکە گوڵەکەی بە شەوان بۆنی هەیە .

**شەوڕۆ :** کەسێك بە شەو رۆیشتن بکات .

**شەوچەرە :** خواردنی بە شەو ، ئالیکی بە شەو بدەیتە ئاژەلەکان .

**شەوارە :** مانگە شەوە واتە شەو رۆناکە .

**شەوکوێر :** کەسێك بە شەو هیچ نەبینێت .

**شەوکوت :** دز بە شەو بە سەر مالاّن دابدات .

**شەونخوونی :** هەول وتەقەلای شەوانە ، کارێکی بە شەو ئەنجام دابێت .

**شەونوێژ :** ئەو کەسەی دوای نیوە شەو نوێژ دەکات .

**شەوگەڕ یان شەوگەڕۆ :** هەندێ گیان لەبەر و بالّندە بە شەوان دەگەڕێن .

**شەوگەرد :** بە شەوان ڕاوی نێچیر دەکات .

**شەوی بەرائەت :** شەوی خێروبەرەکەتە رزق و رۆزی دابەشدەکرێت .

**شەوە زەنگ :** شەوێکی تاریك و ئەنگوستەچاو.

# داباڕین



ــ پروشکە باران : باو وردە باران پێکەوە.

ــ بەفر شۆر : بەفروباران پێکەوە، باران بەفرەکەی دەتاوێنێتەوە .

ــ تاوە باران : بارانێك دەبارێت وبەخێرایی دەوەستێت.

ــ تە پونم : بارانێکی کەم ببارێت .

ــ زریان : بارانێکی زۆرلەگەڵ گەردەلولدا.

ــ تۆف : بارانێکی زۆر ببارێت ببێتەڕەهێڵە و تۆفان .

ــ باڕێزە : بارانێك دڵۆپەکەی لەسەرمیوەوگەڵاکان بمێنێتەوە.

ــ باسریشك : باران وبەفرو با پێکەوە .

ــ بەختەباران : بارانی دوای بارانبڕان.

ــ بارانبڕان : لە کۆتایی مانگی گوڵان باران دەبڕێت .

ــ سەرپەڵە : لە دەسپێك یان لە نیوەی پایز بارانێکی کەم ببارێت .

ــ پەڵە : بارانێکی باش ببارێت گاسن نەگاتە وشکاتی.

**ـــ گەندەپەڵە : باران باریوە بەڵام ڕەباسی کەمە نەگەیشۆتەئاستی پەڵە.**

**ـــ گورگەزێ: لە ئاسمان باران وهەتاوی پێکەوە بەرچاو بکەوێت .**

**ـــ هەڵبڕکان : خۆشکردنی باران سەقاوهەڵگرتن.**

**ـــ سەقاوبوون : تێرئاوبوونی زەوی .**

**ـــ کڕێوە: بارینی بەفرلەگەڵ بای توندوسارد لەبەرزایی ڕوودەدات.**

**ـــ لاسامە : بارینی باران یان بەفری لەڕادەبەدەر ڕێدراوکە دەبێتە هۆی زەرەرو خەسارەت.**

**ـــ زوقم: ساردی زۆر هێندێك جارخوناو شینایی دادە پۆشێت بێ ئەوەی ئاسمان هەوری لێ هەبێت لە دوایی ببێتە بەستەڵەك.**

**ـــ بۆران: باران وبەفری بەردەوام وبارستایی زۆرباران.**

**ـــ گواله : توندکردنی هەوروبارانێکی بەهێز، زووکۆتایی دێت .**

**ـــ بوارەباران: تاوە بارانێك دێت بەلام هەمووجێیان ناگرێتەوە.**

**ـــ بارانێ قە پووچکە : دەنگ تکەی بارانێ گەورەو بەهێزن، لەخانییێ قوڕ دەنگی زۆربەگەورەیی دەهات .**

**ـــ شێستەباران: لەبوارانداکە ناوەناوە گواڵە باران دەباری لە زۆر شوێن بارانی نەرم و لە سەرخۆبێت ، دوور نەگرە لە ٦٠ شوێن ببارێت .**

**ـــ ڕەهێل: بارانی بەهێزو زۆر بخایەنێ.**

**ـــ ڕێژنەباران: بارانەکە بەهێزو زۆرناخایەنێ.**

**ـــ بارانێ پەلەی : بارانی مامناوەند لە سەر خۆ چەند ڕۆژێك لە سەر یەك بەردەوام ببارێت .**

**ـــ پشکپشکە : دەنك دەنك وکەم بارین.**

**ـــ نمەباران: بارانی کەم .**

**ــ بارانێ کە پرەشینە : ئێکەم بارانێ پاییزان، زۆرنابارێ ، دەگێرنەوە لە هەندێ ساڵ لە کە پرەشینەی پەڵە کەفتییە .**

**ــ عەباتەڕکەڕە : بارانێکی کەم بباریێت .**

**ــ بارانی سەربەکلاوە : بارانێکی پشك گەورەی بە ئاو ، بە زەوی دەکەوێت بلقێك دروست دەکات کە لە شێوەی کلاَوە.**

**ــ ڕەهێڵە :ڕێژنەبارانی توندو بەکوڵەکوڵو بەخوڕدەبارێت .**

**ــ شڵێوە : بەفروباران بە یەکەوە دەبارن.**

**ــ بنگرە : بارینی بەفر بەشێوەی دەنکی بچووك لە گەل هاتنی با.**

**ــ تەزرە : بارینی باران بەشێوەی تۆپەڵە سەهۆڵ .**

**ــ پەپوولەباران : بەفر بارینێکی هێواش وئارام، بەفری هیشك وەك پەپوولەکان بەرزو نزم هەڵدفڕێ.**

# گورگ لە زمان و فەرهەنگی کوردیدا :



**گورگ : ئاژەڵێکی کێوییە لە گروپی سەگە .**

**گورگە : دارێکە سەر سواندە دادرنرێت بۆ ڕاگرتنی هەلاش .**

**گورگە لۆقە : جۆرە ڕۆیشتنێکی تایبەتە ، لە ڕۆیشتنی ئاسایی خێراترە .**

**گورگ خنکێن : سەگێکی گەورەو کەلەگەتە گورگ دەخنکێنێت .**

**سەگورگ : لە تیکەڵەی هەردوو ڕەگەزی سەگ و گورگە .**

**دەڵێی گورگە : ئەم دەستەواژەیە بۆ کەسێك بەکاردێت کە دڕ و ئازا و گۆشت خۆر و سیفاتی گورگی هەبێت .**

**تۆبەی گورگی مەرگە : ئەم پەندە بۆ کەسێك بەکاردێت کە بەردەوام هەڵە کوشندەکانی دووبارە دەکاتەوە .**

**بەگورگان خواردوویاندا : واتا پشتیان تێکردو بۆ دوژمنەکانیان جێهێشت .**

**گورگە و لە پێستی مەڕدایە : واتا بەقسە و ڕوخسار نییە بەئیش و نیەتە .**

**جگە گورگ : ئێسقانێکی تایبەتی گورگە ، گوایە بەختت بۆ دێنێ بە تایبەت بۆ خۆشەویستی ...**

**گورگانە شەوێ : لایلایەی منالّ خەواندن .**

**گورگەبوون:** کەوتنە سەر سڵی ڕاکردن .

**گورگ و مێش:** ئەو کاتەی بەرەبەیان کە شوان گورگ و سەگی بۆ لە یەکتر جیا ئەکرێتەوە.

**گورگی تەڵە دیو :** بە مرۆڤی ئازا و شارەزای ژیان دەگوترێ.

**گورگی باران دیتە :** بە کەسێك دەگوترێ پەکی بە شت نەبێت .

**گورگان خواردوو:** بەکەسێکی دەگوترێ کە ماوەیەکی زۆر نایبینی و لەبەر چاوان ونە.

**زڕە گورگ:** توتکەیەکە لە گورگ و لە سەگ گووراوە.

**گورگن:** بە کەسێك دەگوترێ کە بۆ حاڵی خۆشی ڕەزیلە لەکاتێکدا وەزعیشی زۆر باشە.

**پرسە گورگانە:** واتا کابرا ئیشەکەی هەر کردووە بەبێ پرسی تۆش بەلام پرست پێ دەکات.

**گورگ نەخۆرە:** سپڵە.

**گورگ نەخۆرە:** بە ئافرەتێکی ناشیرین دەڵێن کە کەس تەمەعی تێ نەکا.

**گورگ و تاو:** فڕان فڕان، بریتییە لە ڕاوەڕووت و بێ ئاسایشی لە شوێنێکدا.

**گورگ کوژە:** گیایەکی گەڵا پانی بکوژە لەگەڵ گۆشتی کاڵدا دەکوترێ و دادەنرێ بۆ کوشتنی گورگ و دەعبای تر .

**گورگی باڵان دیدە:** بریتییە لە مرۆڤی فێڵبازی دنیا دیدە .

**گورگیلە:** کەندووی پچووك، شتێکی بۆشی بەرزی گەورەی پێچکەدارە لە قوڕ دروست دەکرێ بۆ دەغڵودان تێکردنی.

**گورگە:** گیاکەڵە، کێرەکەڵەگا، گیایەکی یەك لقە باڵای هەمووی گوڵە و لەناو تووتندا دەردێ و زەبوونی دەکات.

**گورگە: گیانداری قوشقی، گیاندارێکە کە تووڕە بووبێ، (قوشقی) بوون، (قوشقیکردن) تووڕەکردن.**

**گورگە: بە کەسێکی زیرەك و فێڵبازدەگوترێت .**

**گورگە پشت: شتی قۆقز.**

**گورگە خەو: خەوێکی سووکە خەوتووەکە گوێی لە قسە و گفتوگۆبێ.**

**گورگەزێ: کاتێکە کە هەتاو بێ و بارانیش بباری.**

**گورگە لوور: لوورانن وەك گورگ.**

**گورگەمزە: گۆزروان، گیایەکی بەهاری گەڵا پانە، گوڵێکی شینی پچووکی پەڕەدار دەگرێ، جۆش دەدرێ و بۆ کۆکە دەخورێتەوە.**

**گورگەمێش :سەگێکە کە لە تۆوی گۆڵەگورگ و دێڵەسەگ پەیدا بووبێ، یان سەگێك کە پیشەی ڕەچاو بکا.**

**گورگەمێش: یەکێك کە زمانی خۆش بێ و دڵی نا پاك بێ.**

**وشەی گورگ بە دەستکاریەوە (لە فەرهەنگی خاڵ) وەرگیرایە .**

# ناولێنانی هەندێ لە ئاژەلەکان بە پێی تەمەنیان :

## مەڕ :



ـــ **مەڕ** : لەتەمەنی یەك ساڵی پێی دەگۆترێ بەرخ بە زنجیرە دیار دەکەین :

بەرخە نێرـ کاوڕـ شەگ ـ خرتـ ـ بەران. کەبوو بەبەران بۆ ماوەی سێ ساڵان پەسند دەکرێت لەناو مێگەڵ بمێبێتەوە دواى سێ ساڵی بەکێڵ ناهێت.

بەرخەمێ ـ کاوڕـ بەردیل ـ مەڕـ سەرەمەڕ .

بەرخی نێر( یەك ڕۆژی تاکو شەش مانگی ) :ـــ

**کاوڕ** ( یەك مانگ تاکو ساڵێك ) ،

**شەگ**( یەك ساڵی تاکو دوو ساڵ ) ، **هۆگج** ( دووساڵی تاکوسێ ساڵ ) ،

**خورت یان قەرت** ( لە تەمەنی سێ ساڵ ) ی سەرەوە پێی دەگۆترێت ( بەران ) ،

دوو جۆرە مەڕ لە کوردستانێ هەیە : ـ مەڕی عەرەبی( عواسی ) و مەڕی کوردی مەڕی گوردی دەبیتە دوو بەش مەڕی کۆچەری ومەڕی کۆچەری حەمدانی .

**(ناوەکانی مەڕ) :ـــــ**

**١ -کەویسار: دەوو چاوی سپی یەو قنجی رەشی تێدایە.**
**٢ -عە پسە : پێشەوەی دەم و چاوی هەندی ناو لە پێك رەنگی رەشە.**
**٣ -شەگرە: هەردوو لاگۆێی سۆرە و خەتێکی سپی لەنەوچەوانی هەیە.**
**٤ -کوڕ:درێژی گوێی مام ناوەندیە نیوەکەی کورتە.**
**٥ -کەڕ: گوێی پێوە نیە کەمێکی بچوکی لێ دیارە .**
**٦ -تالە : سەرو چاوی رەش و قاواییە**
**٧ -کەژ: سەرو چاوی سۆرە.**
**٨ -سیس: سەرو چاوی سپی و سپی یە.**
**٩ــ-قاژ : سەرو چاوی سپی و پنك پنكی رەشی تێدایە.**
**١٠-غەر: نیوەی سرمووی سەرو چاوی لەگەڵ بنەوەی رەش و سپییە ، یان رەش و سۆرە.**
**١١-سەر رەش: سەری رەشە تاکو سەر ملی.**
**١٢-بەلەك : دوو رەنگییە ،**
**١٣-عە پسە :لارەش و سپیيە.**
**١٤ غەرە شەکرە: لاسۆرو سپیيە**
**١٥-حەمدانی: گوێی درێژە.**
**١٦-شینکە: رەنگی شینی کۆتری یە.**
**١٧-تەشین: سەرو چاوی شینە.**
**١٨-تەزەرد: سەرو چاوی زەردە .**
**١٩-کەلین: مەڕی سەر بەشاخ.**
**٢٠-دوعوم: دەوی رەشە.**
**٢١ -ئەرقەم: رەنگی تەحینییە.**

**٢٢ـــ رەسەر: سەرو چاوی سپی یە و پنك پنكی رەش لە سەرچاو و گۆی هەیە**

**رەسەر شین : بەکچکەیی دەموچاوی شینە کە کەورەبوو بۆر دەبیت .**

**رەسەر زەرد : دەمو چاوی مەیلەو زەردە و خوریەکەی سپی یە .**

**٢٣ـــ سەر بە پورد یان سەر بە کلاو : خوری سەری وەکو کلاو بلند بیتەوە .**

**٢٤قولە :دەم و چاو خوری سۆر ، جۆررەکانی قولە تـال ، قولە سیس ، قولە مس سیس و تـال**

**٢٥ـــ قەمەر: هەموو مەری سپی پنی گەورەی رەنگ قەهوائی لە لەشی هەبیت.**

**٢٦ـــ کەڵەبەش : مەری بەشاخ و ناوچەوان سپی .**

**٢٧ـــ تەبەش :دەموچاوی رەش و سپی .**

**٢٨ـــ کەویسار : دەمو چاوی دوو رەنگی خوری شین و سپی تێکەل .**

## بزن :



**بێچووی بزن بە( کار ) ناو دەبرێت .**

**کار تەمەنی ببێتە یەك ساڵ بە ( گیسك ) ناو دەبرێت،**

**دوو ساڵی پێی دەڵێن ( کور یان کویر ) .**

**سێ ساڵی بە( سەیس ) ناو دەبرێت لە زۆر شوێن پێی دەڵێن ( تەگە )**

**چوارساڵی پێی دەڵێن ( قەید ). هەروەها ٤ چوار ساڵی بە ١ یەك قەیدە دەناسرێت**

**٥ پێنج ساڵی ٢ دوو قەیدە**

**٦ شەش ساڵی ٣ سێ قەیدە.**

**تەگە ( نێری )هەتا سێ قەیدان پەسندە تەمەنی بگاتە ٧ حەوت ساڵی بەسەرەوە پیردەبیت لەناو مێگەلی بزنان پەسند ناکرێ.**

**چەند جۆرە بزن لەدەڤەری گۆرانەتی قەزای بەردەڕەش هەنە لە وانە :**

**١ــ بەزنی کوردی ٢ــ بزنی خۆماڵی ٣ــ بزنی شامی ٤ــ بزنی مەڕەزی( جویر ).**

**٥ـ بزنی سعودی**

## ( ناوەکانی بزن ) :

**١-بزنێ کۆل : بزنی سەر بێ شاخ.**

**-٢ پۆش : سپی پنك پنکە و گوێی بەلە پۆش .**

**٣- پۆشی گۆ بەل : پۆشی شاخ قیت.**

**٤-مس : دوو خەتی شپی بەناو هەردوو لاچاوی دا هەیە.**

**٥ــ کال : گوێی با لولەکی خواردییە.**

**٦-بەلە کال : رەنگی دەم و چاوی تەحینییە.**

**٧-بەلە : گوێی بەل و باریك و موویتەیە.**

**٨-سپی : رەنگی سپیِیە.**

**٩-کۆلە سپی.یان کۆلە رەش. کۆل واتە بزنی ( بێ شاخ ).**

**١٠-شاخ قیت : بزنی شاخ قیت( دوو شاخی قیتی هەیە ).**

١١ -**شاخ بەلوول: شاخی لوولی خواردبێ.**

١٢ -**مەڕەز: سۆرو سپیو سیسو زەردی هەیە.**

١٣ -**دوڕە: نەمەڕەزە نە عادییە واتا زڕ مەڕەز.**

١٤ -**غەر: دەم وچاوی سپی یە.**

-١٥**قیتە : دوو شاخی قیتە**

١٦ــ **قلیچ : بەو بزنە دەگۆترێ شاخێکی قیت بێت شاخی دیکەی خواربێت.**

١٧ــ **قۆچ سۆر: بزنی شاخداری ڕەنگی سۆر .قۆچ شین و قۆچ سپی هەنە.**

١٨ــ **گولینگدار: بەو بزنە دەگۆترێ دوو گولینگ لەبن ملی هەیە .**

**کەمەڕدار: بەو بزنە ڕەشە دەگۆترێت خەتێکی سپی لەسەر لەشی هەبێت.**

١٩ -**گۆردی رەش: کۆل و بێ شاخە ، رەنگی رەشە.**

٢٠ــ **گۆمیت : هەردوو گۆی بچووك و قیتە.**

**بزن بە گۆێرەی ڕەنگ: (بازی و بەلەك ، ڕەش ، سپی ، شین تالە ، کەژ ، مجاخ ، مس ) ،**

**بزن بە گوێرەی گۆی گوێچگ( گۆردی ، بەل ، قوتە ، پان ، درێژ ، مویت ، )**

.

## چێڵ :



**جۆرەکانی : کوردی ، فریزی ، کوردی فریزی**

**١ -یەك ساڵی پێی دەگوترێت گۆلك گۆلکێ ساڵێیە( گۆلکی یەك ساڵی )**

**٢ -دووساڵی( کەندۆ )یە . ٣ ـــ سێ ساڵی( جوانەگا ) سێ ساڵ و سەرەوە پێی دەڵێن( گا )**

**٤ -چوار ساڵی( گا )حەقە جۆتە لەبن نیری دەبەستن بۆ زەوی کێلان بەسنددەکرێت لەتەمەنی چوار ساڵی بە یەك ساڵی بەندە ناو دەبرێت.**

**٥ پێنج ساڵی بە ٢ دووساڵ بەندە . ٦ شەش ساڵی بە ٣ سێ ساڵ بەندە**

**٧ حەوت ساڵ بە ٤ چوار ساڵی بەندەی پێدەڵێن .**

**دوای چوار ساڵ بەندی هێزو شیانی گایەکە بەرەو کزی دەچێت .**

**گۆلکە مێ-کەندۆ-مێنگوین یان مێگوان-چێڵ- دەبێتە سەرە چێڵ.**

**ـــ ناوی سەگ: گوجیلە ـــ سە ـــ سەگی نێر گەورە بیت پێی دەڵێن ( گەمبۆل، گەمال ) ، سەگی مێ گەورە بیت پێی دەگرترێت ( دێلە )سە .**

# کاسەو گۆزە



**گیتەڵە ، یان گلێنە.: گلینەیەکی بچوکی لەقوڕ دروستکراوە ، ماستیان تیێدا هەوێن دەکرد . یان پڕیان دەکرد لەماست و لەناو کانی دایان دەنا تامی زۆر حۆش بو ....**

**جەرك ،جەڕە : شێوەی گۆزەیە بنی پان و ملی باریکە زیاتر بۆ ئاو هێنان لەبلوسك و کانی بەکار دەهات .**

**جەرکی شەبەکی :لە هەموو جەرکەکانی دیکە گەورەتر بوو ، هەموو ژن نەدەشیا لە کۆلی خۆی بکات بۆ ئاو کێشان .**

**گۆزە : لەکیتەڵەو لە جەڕە گەورەترە ئاوی تیدا هەڵدەگیرا لەناو کوندەلان دادەنرا ، بۆ ئەوەی بەساردی بمێنێتەوە ..**

**کوندەلان یان قۆتـان : ئەوشوێنەی کەوەك کە پرێکی بچوك بە چرپی داری تەڕ یان گەڵای مێکوك دادەپۆشرێت ، کوندەی ئاو و جەرك و شەربك ... لە گەل بەرهەمەکانی شیر ماست و دۆ و لۆرو کەرەی لێهەدەگیرێت...**

**دیزە : لە قوڕی سۆرکراوە دروستدەکرا ،ڕەنگیان دەکرد ، رونی خۆمانی یان قاورمە د تێدا دەکرا هەڵیاندەگرت لە کاتی پێویست بە کاریان دەهێنا .**

**شەربك : لە جەڕك بچووکترە بە شەوان لە وەرزی هاوین دەیاننبردە سەر بان بۆ ئاوخواردنەوە**

**دیزەی گەورە : لەگۆزەو لە جەڕەو کیتەڵە گەورەترە ، دۆ یان ئاوی تێدا هەڵدەگیرا بەتایبەتە شەوانی هاوین دەهێڵدرایەوە ، تا دۆیەکە شەوی ببێت ، واتا بەزوخمی شەو سارد ببێت ، پێیان دەگوت دۆی شەوی**

## فەرهەنگۆکێك تايبەت بە کەش و هەوا و سەقا.



**كۆمەلە** وشەو زاراوەو دەستەواژەی تايبەت بە بەفرو سڕە و ساردی لە وەرزی وەرزەکانی ساڵ لە کات و شوێنی خۆی بەکاريان هێنايە پێويستە ئەو وشانە بزانين.

_**بۆران**: باران و با .

_**بۆران پێچ**: بەو کەسە يان بەو ئاژەڵ و باڵندەيە دەگوترێت کە با و بۆران هەڵی دەپێچێت و پالی پێوە دەنێت.

_**شەوی يەڵدا**: ڕێکەوتی شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی مانگی ١٢ی زاينی ٠ بەرامبەر ٣٠ی سەرماوەرزی مانگی کوردی ، شەوی يەڵدا ، درێژترين شەوە

_ **بێڵ و بێدلخە**: لە ڕێکەوتی ٤ی /کانونی دووەم بەرامبەر ١٤ی بەفرانباران ، بە حسێباتی کوێستانی شەختەی بێڵندە دەستپێدەکات واتە کاتی ڕاماڵينی بەفرلەسەربان بە بێلی دار هێندە ساردە بێل دێتە بەستان ، کورد دەڵێن : ( بێدلخە ناچيت بێ تەلخە ) بێ تەلخە واتە بێ بەفر.

**_زەنە بەفر :** ٢٠ /١ ی ساڵی زاینی لە هەموو ساڵێك بەرامبەر ٣٠ ی بەفرانبار و دەسپێکی مانگی ڕێبەندانی کوردی دەستپێدەکات واتە کوشندەی بەفر بارینە لە کوردستان .

**_ساردی پیت :** لە ١ ی/شوبات بەرامبەر ١٢ ی ڕێبەندان ، ٧ڕۆژە . کورد دەڵێت : (کە هات پیت و پالۆز ساڵ دەبێ ئالۆز) .

**_ عەنتەر :** لەدەڤەری گۆرانەتی٣ ی (شوبات) بەرامبەر ١٤ ی /ڕێبەندان ساردی عەنتەر دەستپێدەکات دەڵێن : (عەنتەرە قەلەندەرە سێ گەزونیو بەفری لەسەرە ، هێشتا دەڵێن قەلەندەرە) یان دەڵێن (عەنتەرە هەرکەسێ لە ماڵێ خۆ بچیتە دەرە ، پێ کەرە).

**_ پیت و پاڵ :** ٨ی شوبات بەرامبەر بە ١٩ی ڕێبەندان ساردی پیت تەواو دەبێت دەڵێن : (کەهات پیت و پالۆز ، ساڵ دەبێ ئالۆز) .

(**قەرەسپات** ): دووای تەواوبوونی پیتوپاڵۆز واتە لە١٤ی چاردەی شوبات بەرامبەر ٢٥ی ڕێبەندان ، شەختەی عەنتەر تەواو دەبێت ساردی قەرەسپات دەسپێدەکات ،

**_پشوە با** یان شنە یان سروە: کزەبا.

**_بای سەبا** یان بای سەحەر: بای دەمەو بەیانیان.

**_بای نەسیم:** بای فێنکی بەهاران.

**_ ڕەشەمێ :** (کەوتنی پشکۆی هەوا) یان دەڵێن: (پەنگرەی هەوا دەکەوێت) لە٢٠ی شوباتە بەرامبەر١ی مانگی ڕەشەمێیە ، کۆتامانگی ساڵی کوردییە ، ڕەنگی مرۆڤ لەومانگە ڕەشهەڵدەگرێت . پەنگرەی هەوا دەگۆڕێت. پشیلەدەمیاوێنیت لەومانگە بەبادێت . کورد دەڵێت: (ڕەشەمە ڕەشکێ ڕوویا ،

**بەتاڵدەکات جواڵ و کەندۆییا ، بەشەڕ دەینیت بووك وخەسووییا** ) . **ئازۆقە لە ماڵ کەم دەبیت .یان دەڵێن: ( ڕۆژ دەبیتە ساڵ ، زگ دەبیتە جواڵ ، کابان دەبیتە بەقاڵ ، نان دەبیتە ناڵ** ) . **واتە ڕۆژ درێژ دەبیت مرۆڤ برسییەو زۆری دەخوات ، کۆتا ساڵە زەخیرە و خۆراك کەم دەبێت .**

_ **ئاخر سوبات** (**متبوونی سپی**): ۲۸ی **شوباتیۆ بەرامبەر**۹ **نۆی مانگی ڕەشەمێ ساردی ئاخرسپات دێت ،**

_ **شەوی پیرێ** : ۱ئادار/ی **مانگی سێ بەرامبەر** ۱۰ ی / **ڕەشەمێ بەیانی زوو پیرەژن بانگی مندالانی خۆی دەکات هەستن ئاوی سارد بخۆنەوە نەکو ئەمڕۆ ئاو گەرم دەبێت.**

_ **ساردی زیپك: ساردێکی تیژ و دژوارە** ۹ **ڕۆژە ، یان ساردی پیرەژنێ . پەنگرەی زەوی دەکەوێت ، کورد دەربارەی ساردی زیپك دەڵێن پەند** (**سێ زیپە ، سێ بەر زیپە ، سێی دیکە گونێ کەنگری دەکاتە گیپە** ) . **دەڵێن:** (**هەتا زیپ لە مەهانە ، هێشتا هەر زستانە** )

_ **ڕۆژی گیسگ : کوتا ڕۆژی ساردی زیپە . کیسك خۆی هەڵداوێ ودەڵێت:** ( **ئەزگیسکم گیسکەلۆکم ، بەهارهاتو قشکۆکم ، تێرمخوارد لەسۆرکی ، پێچکەم بەقوینێ زیپکی** ) . **زیپك تورە دەبێت بەئادارێ دەڵێت:** (**بدەمن ڕۆژەکا سار ، داکو بەزی لەکلکێ گیسکێ بکەمەدار**) .

_ **خدروئەلیاس** : ۱۵ ی **ئادارێ بەرامبەر بە**۲٦ی **مانگی ڕەشەمێ کوردی حسێباتی خدروئەلیاس دێت هەریەکە** ۳ **ڕۆژە** ٦ **شەش ڕۆژ تەواوبێت دەبێتە ڕۆژی نەورۆزێ ، کورددەڵێن :(هات خدرولاس ، ساڵ بوو خەڵاس**) . (**ئەگەرهات خدر ،**

**عەرد دەبێ پندر پەیدادەبێ کەنگر)**. (**ئەگەرهات ئەلیاس ، پەیدادەبێ ڕێواس) دەڵێن، (هات ئەڵیاس ساڵ بووخلاس )** .

**_ سێزدەبەدەرە : ٢/ ٤ی زاینی بەرامبەر١٣ی مانگی خاکەلێوەی کوردیە ، ئەورۆژە لەکوردەواری پێی دەگووترێت (سێزدە بەدەرە)** .

**_ مەلکە زەن : دەڵێن : ( ٢٤ی ئاداریٚ ، مەلکەزەن دێنە خواریٚ ، بانگدەکەن لەبوهاریٚ ، سەریٚ داریٚ و بنیٚ داریٚ) ، ٣ی/مانگی٤یزاینی ، بەرامبەر٢٤ی ئاداری کوردیە .**

**_ دارهاوێژە: گیا هەڵدەستێت ، دەڵێن : گۆپال یان دەستەدار بەهاوێیە عەردیٚ بەیانی بێیەوە بە سەروشوێنی ناکەویت**

**_ دوو بێرە : لەمانگیٚ نیسانیٚ لەوەرزۆر دەبێت دەڵن : ( دووبێرە ، کەرە دەبێتە پێگێرە )**

**_ درێژترین رۆژ : ٢١ی مانگی ٦لە هەموو ساڵێك درێژترین ڕۆژی ساڵ دەبێت ٢٢ ، ١٦شازدە سەعات و بیست و دوو خولەکە ،**

**_ کەپرە شینە : لە ١٥ / ١٠ی هەموو ساڵێك جووەکان یادیان دەکردەوە کەپرە شینە بۆنەیەکی ئاینی جولەکانە ،**

**_بای وادە: ئەو بایەیە ١٨ ڕۆژ پێش نەورۆز هەڵدەکات و بەفری سەر شاخەکان دەتوێنێتەوە.**

**_خوناو یان خوناوکە: بارانی زۆر ورد.**

**_کرێوە: بەفری زۆر ورد کە دەگاتە سەر زەوی و دەتوێتەوە و نامێنێت.**

**-دامیاو: ئەو ئاوەیە لە ئەنجامی توانەوەی بەفر دروست دەبێت.**

**_نەواڵ:** ئەو جۆگەڵە ئاوەیە ئەنجامی توانەوەی بەفر دروست دەبێت.

_ڕەشانگ: پەڵەی ڕەشی ناو بەفر کە یان بەفر داینەپۆشیوە یان زووتر بەفرەکەی لەسەر تواوەتەوە.

**_سایقە یان ئاسمانی ساو:** ئاسمانی ساماڵ.

**_سلیخان:** قوڕ و لیتە بەهۆی باران.

**_سێلاو یان سیاناو:** قوڕولیتە بەهۆی ئاوەڕۆ و جۆگەکان. _سەقەڕ: بەستەڵەك.

**_شەپە:** بەو چینە بەفرانە دەگوترێت کە لە ئەنجامی ماڵینی سەربان یان پاککردنەوەی ڕێگاکان لە بەفر دەکەونە سەریەك و تۆپەڵی گەورە دروست دەبێت.

**_قەسرین یان کەسیرە:** ڕەقهەڵاتن لە بەر سەرماو سۆڵ.

**_کاو یان کاڤ:** ئەو شوێنە قووڵەی کە لەناو شاخدا بەفری تێدا کۆ دەبێتەوە.

**_کەڕەسیسە یان پەلەتاتە یان پرووشە:** کلوەبەفری زۆر ورد چینی یەکەمی بەفر کە بەر زەوی دەکەوێت.

**_لابەز:** کۆلکەدارێك کە لافاو ڕای دەماڵێت.

**_وەیشوومە:** سەرمای زۆر سەخت.

**_بەستێن:** کەناری دەریا و ڕووبار.

**_چلوورە یان چێوەزمە:** ئاوی چۆڕاو بەهۆی سەرماوە بیبەستێت ( شێوەی وەکوو پارچە شووشە وایە ) .

**_ پەستوان:** بەفری پەستێندراو.

**_ جمین:** هەرەسهێنانی بەفر.

**_ڕنوو:** کەوتنی بەفر لەژێر پێدا.

**_زریان:** بارینی بەفر کاتێك بایەکی بەهێزی لەگەڵ بێت.

**_ڕێژنە:** تاوەبارانی زۆر توند کە کاتەکەی درێژە نەکێشێت.

**_ شەستە:** تاوەبارانی زۆر توند کە کاتەکەی درێژە بکێشێت.

**_قەدمم:** هەڵمی سەر بەفر کە بەهۆی تیشکی خۆرەوە بەرز دەبێتەوە.

**_گەرمك:** گۆمە ئاوێکی گەرم و مەند و تەنکە، کە لە زستاندا نەییەستابێت و قازو مراوی تیایدا مەلە دەکەن.

**_گەواڵ:** دەستە دەستەی هاتنی هەور بە دوای یەکدا.

**_ لەنگێزە:** با و بارانی توند و بەهێز کەتوانای هەڵتەکاندنی درەختی هەبێت.

**_ شەختە:** توێژاڵی سەر ڕووی ئاو کە بەهۆی سەرماوە بیبەستێت و لە شێوەی جام و شووشەدایە.

**_ خووس:** توێژاڵێکی وردە بەفری تەنکە دەوری دەفر دەدات.

**_ لێراو:** ئاوی سارد بۆ خواردنەوە لە وەرزی گەرمادا.

**_قوتفین:** ڕەقهەڵهاتن ومردنی مرۆڤ بەهۆی سەرماوە.

**_شاپە:** پارچەیکی گەورەیە لە بەرفر کە لەسەر شاخەوەهەرەس بێنێ.

**_ شەپە:** تۆپەڵە بەفری خڕکەڵەی ناودەست.

**_شلەپین:** هەڵخلیسکان لەسەر بەفر.

**_تۆفان:** کاتی سەرماو بەفر وبا.

**_ تەزرە:** دڵۆپەبارانی بەستوو بەهۆی نزمبوونەوەی پلەکانی کەش و هەوا.

**_بەرفەشۆ:** بەفرێکە لەگەڵ باران داببارێت.

**_بەفرخۆرکە:** خۆڵبارینی دوای بەفر بارین

**_بەفرماڵ یان بەفرەلوو:** دارێکی دەم پانی کلکدارە، بەفری سەربانی پێ ڕادەماڵدرێت.

**_بەفرەسەر:** کاتێك کە بەفر بارییێت و بەستبێتی مابێتەوە. **_ بەفرەلووکە:** جۆرە تەزرەیەکی دەنك درێژە .

**زقوم :**، کەش و هەوا سارد ساماڵ بێت بەیانیان وەکو هووردە بەفر دەکەوێتە سەر گژو گیاو پەلکەدار .

# چێشتخانەی کوردەواری :



ناوی هەندێ ( چێشت/ شیو/ ئاش )دەخەینە بەرچاوی خوێنەران بۆ ئەوەی لەبیر نەچنەوە.

- قاورمە : جارانگۆشتی ئاژەڵیان لە رۆندا سوور دەکردەوەو لە هیزەدا بۆ زستان هەڵدەگیرا
- شلکێنە : ، هەویرەکەی هەر بە شلی، کە ئاوی زۆرەو تراوە لەسەر ساج رۆدەکرێ.
- نیسکاو یان نیسکێن : شۆربا یا نیسکیان دەکولاند ، سووپی نیسك.
- پرپۆڵە : پیرخەنیلە، لە ئاردەساوار دەکرێ، بۆ پیری بێ ددان گونجاوە.
- کەلانە یان پە پۆلە :جۆرێ کولێرەیە ناواخنەکەی تەڕ پیاز بە ئەڵقەئەڵقە یا گیای دیەی تیایە .

- **قلە خەرمانە :قەرەخەرمان، گوڵە گەنم کەهێشتاسەوزەو کاتێ ددانی پڕەبێ، هەر بە سەوزی لێ دەکرێتەوەو دەخرێتە بەر ئاگر کەمێ دەبرژێنرێت، دواتر وەك ساوار ئامادە دەکرێو دەخۆن .**
- **هەڵوا :بۆ جەمی زستان دەکرێ، ڕۆنە بەکەمێ شەکرەوە لە ڕۆندا ئامادە دەکرێ.**
- **کفتەو شۆربا :کفتە ترشك ، کفتە لە برنج یا بروێشەو ناوەکەی قیمەی گوشتە.**
- **دیانە ڕۆکەڵە یان دانەکۆڵانە یان دانوولە : خواردنێکی تایبەتە کاتی ددان هاتنی منداڵ دایك بەو مندالی خۆی دەدات .**
- **ترخێنە :خواردنی زستانەو زۆر بابەتی لێ دروستدەکرێ.**
- **شیرو برنج: برنجی لە ناو شیر دەکەن دەکولێنن زیاتر بۆ کەسی نەخۆش ئامادەدەکرێت**
- **زلۆیی :هەوریان دەترشاند دەیانکردە ستورك لە ناو ڕونی سۆریان دەکردە**
- **ناو سێل یان قژە : هەویری دەکەنە گوندك گوندك قل قل پان دەکەنەوە لە ناو سێل بە رونی سۆردەکەنەوە .**
- **دیبلە : هەوبری نانی تەنك دەکرێتە دوو پارچە لوول دەدرێت و لە ناو روون دەقرچینەوە سۆر دەبێت .**
- **ناسکە نان : نانی تەنك لە سەر خوانەی بە رونی خۆمانە یان زەیت چەور دەکەن دەکرێتە چارقات لە سەر سێل دەبرژێنن بە ماست دەخورێت .**
- **ساوار: زۆر جۆری هەیە لەوانە : ـــ پەلاوساوار ، شلە ساوار، ساوار بە تۆلکە ، ساوار بە کەنگر ، شلە ساوار بە گۆشت ، ساوارو مریشك ،**
- **دانەوێلەی نۆك و پاقلە و کونجی و ماش ... جۆرەها خواردن لێدروست دەکەن.**

- **گەنمە کوتـا یان دانەقوت : گەنمێکی خاوێن قەلەو لە ناو جۆنی دەکوتن پەلکەکەی لێوەدەبێت دەکرێتە چەند خواردنێك وەکو : ــ گەنمە کوتـاو ، گەنم بە کەشك ، گەنم بە پەلپێنە ، دۆینە .**
- **کەنگر بە چەند جۆرێك : کەنگرو رون ، کەنگرو ماست ، کەنگر بەزەرکراوی**

| | |
|---|---|
| **هەلاتی :** | **چزلێك** |
| **هەتیمچە** | **سمایلە یان سمایلۆك** |
| **شوروا یان شۆرباو** | **قەیماخ یان قۆیماخ** |
| **دۆینە** | **بڕوێشاو یان بڕوێشین** |
| **ئاشی دانە کوڵانە** | **پەڕشاو** |
| **شەلەمین** | **بۆنەو سازی دەکات.** |
| **پیازاو** | **دۆغرمە یان دۆغرماچ** |
| **شلە گەنم یان گونێنە** | **ئاو هەر** |
| **دۆخوا یان دۆغەوا** | **دۆڵمە :یا پراخ** |
| **ڕشتە پڵاو** | **ڕشتەودۆ** |
| **قیسیاو** | **پڕپۆڵە** |
| **ڕشتەوتورش** | **گیپە : گیپەومسەروپێ.** |
| **هاڵاو** | **شەلەم وگیلاخە** |
| **کاڵە جۆش** | **شیرو بڕوێش** |
| **ئاشی کەشك** | **کوولەکە** |
| **ماوودۆ** | **بەربەسیل** |
| **تەماتاو** | **تەڕەکەباب** |
| **قەیسی و ڕۆن** | **بۆریاو و** |

# گوێز و ناو و پێوەرەکانی...





## زارازوکان زیاتر تاییەتە بە ناوچەی هەورامان :

**چڵمەلەتە :** گوێزی تازە ناوك كردووی .

**كەمكۆڵ :** گوێز بە پێستە سەوزەكەوە .

**پاقلیر :** گوێزی پاك كراو لە كەمكۆڵ.

**كاكڵە قۆزە :** ئەگەر گوێزت شكاند كاكلەكە هەر بە خڕی هەمووی بێتەدەر.

**ڕێسە :** ( دار گوێز لەگەڵ گەڵایا دەری دەكات پێش بەر گرتن ).

**بیل یان بیلە كەڕە :** ( گوێز كاتێ قەبارەی بچوكە )

**چلمە لەتە :** ( ناوكی گوێزی سەوزە كاتێك پێنەگەشتووە هەر شلە كە لە بەهارەوە تا مانگی حەوت ناوكی گوێز وایە و بۆ خواردن نابێت )

**فەریكە گوێز یان گوێزی سەوز :** ( كاتێ گوێز ناوكی بۆ خواردن بەكار دێت و بە سەوزی ئەیفرۆشن لە مانكی حەوت تا پێگەشتن ) .

**شەن :** ( ئەو دارەی گوێزی پێ دەخرێتە خوارەوە ) .

**شەنیەر :** ( ئەو كەسەی ئەچێتە سەر دار گوێزەكەو لە ڕێگەی شەنەوە گوێزەكان دەخاتە خوارەوە ) .

**گوێزی پاقلیس :** ( گوێز كاتێ پاك ئەكرێ و توێكڵی پێوە نامێنێ و ئامادە دەبێت بۆ وشك كردن ) **كەمكۆڵ :** ( هەندێ لە گوێزەكانن كە پاك نابن دوو بۆ سێ ڕۆژ دادەنرێ دواتر پاك دەبێت )

**پاقلیر كردن :** كرداری كەمكۆڵ و توێكڵ لێكردنەوە .

**خەفەی گوێز :** پێش پرۆسەی پاقلیركردن،

**گوێزی تڵیساو یان تڵیسیاگ:** ئەو گوێزەیە کە کەمکۆڵەکەی مەییوە و ئامادەیە بۆ لێکردنەوە. **دەمەترەك:** گوێزی پێگەییشتوو و دەم کەمکۆڵ کراوە .

**گوێزی ئازا یان عازا :** گوێزی خۆش شکێن کە ناوکەکەی ئاسان دەردێ .

**گوێزکوێر:** پێچەوانەی ئازا ناخۆش ئەشکێ .

**گوێزی گەڵوازە:** گوێزی گەورەی ناسك و عازا و پڕ مەژگە.

**گوێزی خەیاری:** گوێزی درێژکار.

**گوێزی بارێزە:** فوریکە کوێز ، ئەو گوێزەی کە پرۆسەی پێگەییشتنی تەواو نەبووە .

**مەژگە :** ناوکە گوێز کە یەکسانە بە مەغزە .

**کاکڵە :** ناوکی گوێز کە بە تەواوی، بە خڕی و بێ وردبوون دەرهێنرابێ.

**پەلکە گوێز :** گوێزی پاقلیر کە ئەخرێتە ناو سۆپا یان ناو خەڵوز .

**تاق :** یەکەی ژماردنی گوێز :

**دانە :** پێنج دانە گوێز کە لە ناو لە پێکی دەست دائەنرێن بۆ ژماردن.

**دەسە( دەستە ):** دوو ناو لە پی دەست دەکاتە ١٠ دانە گوێز .

**هەمزار:** گەورەترین پێوانە بۆ گوێز ژماردن کە ئەکاتە سەد دەستە.

**گوێزان:** گەمەیەکی بەکۆمەڵە بە گوێز لە جۆری کەلایان.

بەڵام بەجێی پارەی ئاسن ، گوێز دائەنێن. هەندێ جار بەجێی هەڵماتەکەش، گوێز بەکاردێنن. گوێزەوان یان گوێزەبان. : کاتێ منالێ ئەبێ گەورەی ماڵ کە باوکی یان دایکی گوێز بە سەر منالانا ئەبەشێتەوە .

# هەندێك باج لە کۆندا وەرگیراون

**سووروسات: سێورسات، باج و سەرانە**

**سەرانە: باج بە پێی سەر، ئیدی سەری خێزان بێت یان ئاژەڵ وشەی سەرانە بە واتای (باجانە)ش چووە.**

**باربەها: تاوانانە، بەهایەك کە لە پای تاوان و هەڵەیەك وەربگیرێت. بۆنموونە، خوێنبایی و تەبەقەترانە. باربەهان.**

**تەبەقەتڕانە: جەریمەی تڕ، سەرانەی تڕلێدان**

**خوێنبایی: حەقی خوێنی کوژراوێك، یان خوێنی ئافرەتێکی هەڵگیراو**

**بزنەکوڕانە: بزن بردن بۆ ئاغا بە بۆنەی کوڕ بوونیەوە.**

**جووتانە: سەرانەیەکە لە خاوەن جووت دەسەنرێت تورکانە: توورەکانە، چەتاڵانە، بەشێکە لە خەرمان کە دەدرێت بە سەرکاری ئاغا، دوای ئەستاندنی موڵکانە.**

**شەحنانە، گزیرانە: پیتاکێك کە ڕەعیەت دەیدات بە گزیر.**

**مووچە: باجێکە بۆ پیاوانی میر و ئاغایان.**

**حەوزانە: سەرانەی حەوزی ئاو.**

**خانووانە، ماڵانە: باج و کرێی خانوو. زەویانە، زەڤیانە، موڵکانە: باجی زەوی.**

**ئاشانە: باجی سەر ئاش. ئاشانە بە (مزاش)یش دەوترێت، کە کرێیەکە لە بری ئاشهاڕ دەدرێت.**

**سوورانە: باجی شایی و سوورانە کە دەدرێت بە ئاغا، یان پیتاکێك کە بۆ هاوسەرگیریی ئاغا یان کەسێکی نزیکی دەدرێت.**

**شاخانە: قۆچانە، مەڕانە، پووشانە، مەکات، خورامە، قۆچان، بزنانە، کۆد، کۆدە، کوودە، شامشمار، قەمچوورە، قامچوور، قەمچوور، خەمچوور: پارەی لەوەڕ و سەرانەی ئاژەڵ کە لە مێگەلداری دەستێنن**

**کەڵەپیتاك: سەرانەیەکە ئاغا لەژێردەستانی دەستێنێت نەورۆزانە: باجێکی کۆن بوو، لە نەورۆزدا وەردەگیرا .**

**نانانە: سەرانە و باج لە بری نان. بارانە،**

**سەربارانە: باجی باری کاروان .**

**کەرانە: باجی سەر باری گوێدرێژ .**

**ڕەزانە: باجی سەر ڕەز هەنگانە،**

**کوارە: باجی سەر هەنگ و هەنگەوانان**

**هێلکانە، هێلکان: باجی سەر هێلکە .**

**نۆنان: باجی سپیایی .**

**هەرمیان: باجی هەرمێ .**

**میرسەر: باجی میر، سەرانەیەك کە دەبێت بدرێت بە میر. عیدانێ،**

**جەژنانە: باجێك بوو ئاغا و دەرەبەگ لە جەژندا لە خەڵکیان دەسەند..**

**قازیانە: کرێیەك لە هەقی یەکلاییکردنەوەی کێشەیەك بە قازی دەدرا**

**پادارانە: ئەو باجەی لە خەڵك دەسەنرا بۆ خەرجی لەشکرکێشی و مانەوەی سەرباز لەو جێیەدا. باجەکە لە ڕێی دەرەبەگەوە دەسەنرا.**

# وشە دروستکراوەکان

## هاو لەگەڵ هەندێ وشەی گونجاو

| | | |
|---|---|---|
| هاوسەفەر | هاوڕاز | هاوسێ |
| هاوسەردەم | هاوشار | هاو پیشە |
| هاو پەیمان | هاوژین | هاوکەلە |
| هاوڕێ | هاویار | هاوزمان |
| هاوکار | هاومەند | هاوکات |
| هاو پۆل | هاوبیر | هاودەنگ |
| هاوچەرخ | هاوتا | هاونیر |
| هاوسەر | هاوبەش | هاوکوف |
| هاوناز | هاوشار | هاوتەریب |

## کەلە لە گەڵ هەندێ وشە هەریەکە واتایەکی هەیە

کەلە پیاو : پیاوی ناودار

کەلەگا : گایەکی پێگەیشتی

کەلە ئاسك : نێرە ئاسك

کەلە سەر: کلۆخی سەر

کەلە شێر : دیقل

کەلە پوور: کەلو پەلی کەون

کەلە باب : کەلەکوك

کەلەکەبوون : کەوتنە سەریەك

کەلە گەت : بەژن بالا

کەلەدێر : ناوی گوندێکە

کەلە ژن : ژنێکی بەر چاو

## وشەی زۆرگەورەو زەبەلاح

لەندەهۆ ، حووج ، حۆجە ، فیلەتەن ، کەلەگەت قەلافەت ، کەلەگەت ، زلحورت ، گاحۆل کەرتەشاخ ، کەرکەدەن ، چەترەفیل ، نەقۆلا ، زەلام ، شینە

**زۆرگۆتن :**

**١ -فره وێژ ٢ -چەناکه شکیاو ٣ -فره وەڕ ٤ -زۆر ڕەو ٥ -زۆر بڵێ ٦ - پڕبێژ ٧- چەنەباز ٨ -ڕاوەڕاو ٩ -هەڵەوەڕ ١٠ -چانکەمڕیا ١١ -ژاژۆڵ یان ژاژیل ١٢- لاژاو ١٣ - پڕبێژ ١٤ -گۆتەگۆت ١٥ -چەقەباز ١٦ -چەنەباز ١٧ -چنەبێژ ١٨ -هەرەباس ١٩ -درێژ دادڕ ٢٠ -ق...وەڕ ٢١ -مێشك گ.... ٢٢ -فره ڕێس ٢٣ -هەرەباس ٢٤ - بێژۆك ٢٥ - قەرەچەناخ ٢٦ - فرەوێژ ٢٧ - ڕێۆل ، ٢٨- وڕەن ٢٩ - زۆربێژ ٣٠ - بڕبێژ ٣١ - زۆری دەروێسی ٣٢ - وڕەك ٣٣ - درێژدادڕ ٣٤ - لەغوەچی ٣٥ - چەقاوەسو ٣٦ - چەقەباز**

# میر



**میر: ڕابەر، پێشڕەو، سەرکردە.**

**میر: نازناوی شازادە.**

**میرئاڵا: ئەو جەنگاوەرەی لە شەڕدا ئاڵای لەشکر و وڵات هەڵدەگری، هەروەها میرئاڵا پلەیەکی سەربازییە.**

**میرئاخوڕ: سەرۆکی مەیتەرەکان و بەرپرسی تەویلەی پاشا و گەوران.**

**میرغەزەب: جەللاد.**

**میرسوار: پێشقەرەوڵی سواران.**


**میراو: بەرپرسی دابەشکردنی ئاوی جۆگە و ڕووبار و دانانی نۆرەئاوی باخدار و توتنەوان و..تاد.**

**میراوە : ناوی شارێکە لە رۆژهەلاتی کوردستان .**

**میرزان : پێشڕەو لە زانین .**

**میرزا : خوێندکار، رۆشنبیر**

**میران : گەورەی میرەکانی ژێر دەستهەڵاتی**



## دڵ: ـ

لەسەردڵان: خۆشەویست .

ـ دڵبردن (نەبردن): پێی دەورێت یان پێی ناخورێت. ﴿بۆ خواردن﴾

ـ بەدڵبوون: لە لای باشە.

ـ دڵ پێوەبوون: ئارەزووی لێ هەیە .

ـ دڵخۆش ـ دڵچوون: بوورانەوە، لەسەرخۆچوون

ـ دڵ پێداچوون: دڵ پێوەبوون ـ لەدڵدەرچوون: بیرچوونەوە

ـ دڵتێکچوون: نەخۆشبوون ـ دڵ پێدان: لە خۆشەویستیدا .

ـ دڵدانەوە: دڵخۆشکردن ـ دڵ لێئێشان: تۆراندن ـ دڵشکاندن

ـ لەدڵگرتن: بیرنەچوونەوە ـ دڵراگرتن: جوڵانەوە بە ئارەزووی یەکێك

ـ دڵدەرهاتن: بۆ ناخۆشی و شکستی

ـ دڵنەهاتن: بەدڵی نییە یان لەبەر پارە یان لەبەر هۆیەکی تر

ـ دڵداکەوتن: لە خورپەی ناخۆشیدا

ـ بەدڵەوەنووسان: بە ئارەزووی ئەو کەسە بووە

ـ دڵ لێڕەنجان: زیزبوون ـ دڵسوتان: لە ناخۆشیدا

ـ دڵداخورپان: دڵداکەوتن ـ دڵدار: خۆشەویست ـ دڵداری: خۆشەویستی

ـ دڵەلەرزێ: دڵەتەپێ، دڵەکوتێ ـ دڵنەرم ـ دڵکراوە: دڵخۆش

ـ دڵکرمێ، دڵکرمۆڵ، دڵکرمن،

ـ دوودڵ: یەکێك لە کارێ یان لە شتێ دڵنیا نەبێ. ـ دڵپاك

ـ دڵپیس: شککردن لە هەموو کارێکی کەسێکی تر.

ـ دڵڕەق ـ دڵسۆز ـ دڵشاد ـ دڵتەنگ

ـ دڵتەڕ: ئەو پیرانەی دڵیان خۆشە ـ دڵودەروون

# بەند

١ـ بەند : دیوارێك دروستبکرێت بۆ پەنگدانەوەی ئاو .

٢ـ بەند : گیرۆبوون ، یان تـأخیر بوون .

٣ـ بەند : حەبسخانە . زیندان.

٤ ـ بەند : لاوك یان گۆرانی لە چەند بەند پێکهاتیە .

٥ـ بەند : بەندبوون پێوەلکاندن .

٦ـ بەند : بە داوێك دووشتان پێکەوە ببەستیەوە .

بەندی پەرتوك : واتا ١٦ لاپەرە .

بەندە : نۆکەر ، بۆ جەربڕینی رێز .

بەندەناس : خوا بەندە ناسە .

بەند هەلبەستن : قسەو قسەلۆك .

بەندو بەست : پیلانگێران .

بەندکردن : قایمکردنی شتێك .

بەندیخانە : شوێنی سزادان .

بەندۆکە : ناوی جۆرە گیایەکە لە دەو چەمان دەروێت .

بەندەن : دامێنی شاخ و چیا

بەنداو : دروستکردنی بەربەست بۆ کۆ کردنەوەی ئاو .

بەندکراو : زیندانی .

بەندی خودا : بەندەی خودا .

بەندی دڵ : زێدە خۆشی دەوێت ، زۆر پەیوەستە بە شتێك .

بەندەر : شوێنی بارکردنی گەشتی ،

بەندرخە : ناوی ساردیەکە ، بەرخ لە ناو زگی دایکی دەبەسترێت .

بەندخانە : شوێنی سزادان ، زیندانی .

## پاشگری ( بەند )

**روو‌بەند : دروستکردنی لەمبەرێك**

**دەربەند : تەنگە ئاو . قۆلبەند : گرێدانی هەردوو قۆل .**

**رێبەند : بەستانی رێگا یان رێبەندان .**

**پاشبەند : بەستنەوەی کرێبەستکێك لە دووای بار .**

**خالبەند : دانانی خال و ویرگول لە رستەدا لە شوێنی مەبەست**

**نالبەند : ئەو کەسەی دەواری یەك سم نالدەکات**

**پابەند : پێگیریکردن بە رێنماییەکان .**

**کەمەربەند : پارچە پەرۆیەکی تایبەت لە پشت دەئالێنن**

**دەستبەند : گرێدانی داوە بەنێك لە دەست .**

**گیابەند : روەکێکە لە کوێستانان دەروێت گولێکی زەردی هەیە .**

**تەلبەند : باخچەیەك یان شوێنك بە سیم و تێلدڕی دەوربدرێت .**

**ملبەند : ١ـ قایشێك بزمار رێژ دەکرێت لە ملی ئەو چێلە دەکرێت کە گوانی خۆی بمژێت**

**٢ـ یان لە ملی سەگێك دەکەن بۆ ئەوەی لە شەڕدا رکابەری بیخنکێنیت**

**مەڵبەند : سەنتەر یان ناوەند .**

**بەهاربەند : لە وەرزی بەهار حەیوان لە دەرەوەی ماڵ ببەسترێتەوە .**

**ئاوێنە بەند : دیواری بە شووشە .**

**بەندبێژی : لاوك بێژ . بەند دۆخین : دۆخین**

**بەندۆکە : مەرەزەی رەشیان دەهۆندنوە .**

**بەندوباو : بوختان و بانگەواز ، فرتوفێل ،**

## پێشگری پاش

**پاشەرۆك :**بنومنەکەی کۆتـایی .

**پاشمله :** لە دوواوە بـاسی کەسێك بکەیت .

**پاشدڕ :** سەگ لە دوواوە پەلاماری کەسێك بدات .

**پاشماوە :** کەمێك لە کۆتـایی شتێك مابێتەوە .

**پاشۆڵ :** ئافرەتی کورد چارۆگی هەبوو ، شتی پێهەلدەگرت دەبنگۆت پاشۆلەکی هەلگرتیە .

**پاشگر :** ئـامرازێك یان وشەیەك لە دووای وشەیەك یان ئـامرازێك بلکێت

**پاشدز :** لە دووای دزان بچیتە دزی ، یان کەسێك خۆی دوابێخیت بۆ دزیکردن .

**پاشکۆ :** زیـادەی بۆ بکرێت ، بە عەرەبی ( ملحق )

**پاشبەند :** بەستنەوەی کۆتـایی .

**پاشنـاو :** نـاوێك بە نـاوەکەی لکابێت بۆ نـاساندنی کەسێك .

**پاشخـان :** لە دوواوەی خـانی

**پاشخوان :** دوواخواردن

**پاش بـار :** کۆتـا بـار

**پاش بـاران :** لە دووای بـاران بـارین .

**پاش مەرگ :** دووای مردن

**پاشمێز :** شتێك لە دوواوەی مێزە بێت .

**پاشەرۆژ :** دووارۆژ .

**پاشکەوت :** لە دوواوە دێت .

**پاشەکەوت :** هەلگیراوە بۆ کـاتێکی نـادیار .

# دروستکردنی وشە لە پاشگری ( باز )

**جامباز : ئەو کەسەی کڕین و فرۆتنی مەڕومالاَت دەکات .**

**تەلەکەباز : حیلەو فێلباز .**

**چاوباز : چاو گرِدەر.**

**چەنەباز : زۆر بلێ .**

**تەقلەباز : کۆتری تەقلەباز.**

**سێباز : یاری سێ بازدان .**

**دەرباز : رزگار بوون.**

**مەکرباز : بە ئۆین و حیلە .**

**حیلەباز : فێلباز .**

**پردەباز : پەرینەوە لە سەر بەرد .**

**مێباز : لە دووای مێینە بگەرێت .**

**نێرباز : لە دووای نێرینە دەگەرێت .**

**کۆترباز : بەخێوکردنی کۆتر.**

**کەوباز : کەو بەخێو دەکات .**

**سەرباز : جوندی .**

**شاباز : کەسی شارەزا .**

**ئۆینباز : یاری زان .**

**زۆرانباز : شارەزا لە زۆرانێ .**

**ڕمباز : نێزە باز . شارەزا لە ڕم .**

**ڕێباز : ڕێچکەو مەنهەج.**

**ئاگرباز : یاری بە ئاگر.**

**گیانباز : ئارەزووکەر .**

## وشەی ( ترِ )لەئیدیۆمی کوردەواریدا :

- ئاردێ خوراساتێ ، ترِێ هەمەدانێ .
- شەرِ بە تیران ، نەك بە ترِان .
- شێخ بە ترِەکێ کافر نابیت .
- شەرو ترِ بە دەست مرۆڤی نیە .
- لە گەڵ ترِێ بزنێ بەشەرِدێت .
- لو دووای ترِێ خە پشەی برِێ .
- بە قەدەر قونی خۆت بترِە .
- ئەو کارە بە ترِو کەلەکان راناوەستێت .
- کێو بە ترِ دەکێلێ .
- ترِێك دوو فسان ناکات .
- ترِی بن گۆمە .
- ترِێ خۆم و فسێ خۆم ،دەنۆم لە ناو نوینێ خۆم .
- لە دوای ترِێ قوین دەچوقێنێ .
- ترِ لە کوێ ،تەورداس لە کوێ .
- ترِبارانی کرد .
- لە گەڵ ترِێ خۆ بە شەرِ دێت .
- ترِە ترِ نەکە.
- بە ترِێ نابیتە کورِێ .
- بە ترِ و تەشقەلە .
- قوینێك فێرە ترِ بیت هەردەترِیت .
- ئەفەندی حوقەی ترِ بە چەندی .
- بە ترِان ١٠ دە مانگانی .

- **ترِی نانی خۆی برِی .**
- **تەندوور بە ترِان گەرم نابێت .**
- **ترِی برِی .**
- **فرسەتە بۆخۆت تێر بترِە .**
- **هەندم لێیدا هەتا ترِاندم .**
- **حەمام بە ترِان گەرم نابێت .**
- **هەموو ترِ ترِە ،ترِێ ئەو کابرایەی ترِە**
- **ئەو ترِە جوال درِە .**
- **ترِ لە قوینێ بەش ، باران لە هەورێ رِەش ، پێکەنین لە دڵی گەش .**
- **دەرِواو دەترِی ، یان دەخواو دەترِی .**
- **هیچ ترِان ناگرتەوە .**
- **شەرِی خۆترِێن .**
- **ترِاندی ترِی و برِی .**
- **هەموو ترِ ترِە ترِێ ئەو کابرایەی شەروال درِە .**
- **ترِێ لە بەدەل ترِێ ، سماقێ خۆ رِووکە سەر بەرِێ ، ( بەسەرهاتە ).**

**بە پشت و پەنای خوا گەورە تەواو بوو**

**ئومێدەوارم سوود بەخش بێت**

## بۆ دەولەمەندکردنی بابەتەکانی ئەم کتێبە

## سوود لەو سەرچاوانە وەرگیرایە : ــ

ــ دایك و باوکم هاوکاریان کردم ، رەحمەت لە مردووی هەمووومان بێت .

ــ چەند تەمەنداریکی دەڤەری گۆرانەتی لە قەزای بەردەرەش هاوکارمبوون لە شلۆڤە کردنی وێنەکانی کەلەپووری واتای وشەکان .

ــ مۆزەخانەی کەلەپووری لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش ماموەستا سەعید جرجیس بارانی سەرپەرشتی دەکات .

ــ مۆزەخانەی کەلەپووری گوندی کەونەباك حارس محمد سەپەرشتی دەکات .

ــ یاسین حسن گۆران ( کەڵەپوورنامەی کوردەواری ) چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ۲۰۰۹ هەولێر .

یاسین حەسەن گۆران کتێبی دەڤەری گۆرانەتی ساڵی ۲۰۲۳ چاپکرایە .

ــ فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە ، ، م هەژارموکریانی تەهران ۱۳٦۹ .

ــ کەلتووری لادێ ، عەلی کەندی ، هەولێر ۲۰۱٤ .

ــ نەرهەنگی کوردەواری ،هۆشیار لەك ، دەزگای نەوالە هەولێر ۲۰۰۸ .

ــ فەرهەنگی ژین وشەدانانی کوردی ، ferhengy jin .

ــ فەرهەنگا کانی ، کوردی ــ کوردی ، محمد صالح پێداوی ، هەولێر ۲۰۰۹ .

فەرهەنگی ئاری ، صابر حمد علی گردعازەبانی ۱۹۸٤ بەغداد .

فەرهەنگی کوردستان ، کیوی موکریانی ، چاپی دەزگای ئاراس ، ساڵی ۱۹۹۹ .

فەرهەنگی شێخانی ، کوردی ــ کوردی ، عبدالوهاب شێخانی ، هەولێر ۲۰۰۹ .

ــ سوپاسی هەموو ئەو برادەر و هەڤالانە دەکەم ئەوانەی لە گەلم هاریکاربوون بۆ دەولەمەندکردنی بابەتەکانی ئەو کتێبە ، لە گەل رێزم بۆ هەموویان ..

# ژیاننامەی خۆم



ـــ یاسین حەسەن حوسێن

ـــ لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی زەنگەنان سەر بە قەزای بەردەڕەش لەدایك بوومە ، لە ساڵی ١٩٦١ــــ ١٩٦٢ لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی وەرگیرام ، لەساڵی ١٩٧٢ قۆناغی ناوەندیم لە ناوەندی بەردەڕەش تەواو کرد

لەساڵی ١٩٧٣ لە ئامادەیی هەولێری کوڕان خوێندنی دواناوەندیم دەست پێکرد ، لەساڵی ١٩٧٥ بە خێزانەوە پشکداری شۆڕشی ئەیلوولی مەزنمان کرد ، ئاوارەی ئێران بووین ، لە ئۆردوگای بەهرام /ئەندیمەشق نیشتەجێکراین . پاشان گواسترایینەوە بۆ ئوردوگای خرەم ئاباد .

دوای گەڕانەوەمان لە ئیران ئێمەیان دوورخستەوە بۆ باشووری عیراق ساڵێك و نیو لە قەزای ڕەفاعی سەر بە پارێزگای ناصریە ماینەوە ،

ـــ پۆلی شەشەمی ناوەندی بەشی وێژەیم لە دواناوەندی قەزای رفاعی تەواوکرد.

**ـــ لەساڵی ١٩٧٧ لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی پارێزگای ناصریە وەرگیرام ، لەساڵی ١٩٧٧ مانگی ٥ پێنج لە باشوری عیراق هاتینە گواستنەوە بۆگۆمەلگای زۆرە ملێی شاوێس لە پارێزگای هەولێر**

**ـــ لەساڵی ١٩٧٨ پۆلی دووەمی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانم لە پارێزگای هەلێر تەواو کرد .**

**ـــ لە ١/١٠/١٩٧٨ بۆیەکەم جار بەمامۆستا دامەزرام لەگوندی بەبێل سەر بەقەزای مێرگەسۆر .**

**مامۆستا بوومە لەو شوێنانە : گوندی شێتنە /سەر بە قەزای سۆران**

**هەردوو گوندی سپیگرەو سۆلاوکە لە دەڤەری خۆشناوەتی/ شەقلاوە**

**هەروەها لە قوتابخانەی گارە لە گۆمەلگای شاوێس مامۆستا بوومە ،**

**ـــ دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ساڵی ١٩٩٤ گەڕاینەوە شوێنی باب و باپیران لەگوندی زەنگەنان سەر بە قەزای بەردەڕەش .**

**ـــ لەساڵی ٢٠٠١ بووم بەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەروەردەی قەزای ئاکرێ .**

**ـــ لە ساڵی ٢٠٠٧ پەروەردەی قەزای بەردەڕەش دامەزرا ، لە پەروەردەی قەزای بەردەڕەش بە ناونیشانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بنەرەتی پسپۆری بابەتی بیرکاری خزمەتم کرد .**

**ـــ دوای ٤٠ چل ساڵ خزمەتکردن ، لە مانگی هەفت ساڵی ٢٠١٧ خانەنیش کرام ، لە خودای مەزن داوای خۆشی و سەرکەفتن بۆ هەمووتان دەکەم .**

## بەرهەمەکانی نووسەر:

**١ـ لاوك و سترانێ کوردەواری لە ساڵی ١٩٩٧بە ژمارە( ٢٨ ) لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کرا .**

**٢ ــ پەندی پێشینان وبەسەرهاتی کوردی لە ساڵی ٢٠٠٦لە وەزارەتی رۆشنبیری بە ژمارە( ٢٢٩ ) چاپ کرا .**

**٣ـ هەقایەت وئەفسانەی بەرئاگردانی کوردەواری لە ساڵی ٢٠٠٩لە دەزگای مۆزیك وکەلە پووری کورد بە ژمارە ( ٤١ ) چا پکرا .**

**٤ـ کەڵە پوورنامەی کوردەواری ٢٠٠٨لە وەزارەتی رۆشنبیری چا پکرا .**

**٥ــ پێنج داستانی کوردەواری لە ساڵی ٢٠١١لە لە وەزارەتی رۆشنبیری بەژمارە( ٥٦٩ )چا پکرا.**

**٦ـ گۆران لەنێوان زێی بادینان و رووباری خازر لە چا پخانەی منارە لە هەولێر ، ساڵی ٢٠١٤چا پکرا.**

**٧ـ فەرهەنگی وشەکانی قورئانی پیرۆز پەیڤ و رامان بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و بادینی .**

**٨ ـ ئامۆژگارییەکانی ژیان .**

**٩ ــ پەروەردەکردنی منداڵ.**

**١٠ــ نەخۆشی شێر پە نجە .**

**١١ــ دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان.**

**١٢ ــ فەرهەنگی کەلە پوری.**

**دەستنووسەکان :**

**١ــ ژیانامەی خۆم**

**٢ ـ رێبەری مامۆستای بیرکاری قۆناغی بنەرەتی.**

# پێرستی بابەتەکان



| بابەتەکان | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| بەشی یەکەم<br>پێناسەی کەرەستەکانی کەلە پووری لە کوردەواریدا . | ٤ |
| بەشی دووەم<br>پەیڤ و رامان . | ١٠٠ |
| بەشی سێیەم<br>دروستکردنی وشەکان ، زاراوەکان . | ١٧٥ |
| سەرچاوەکان . | ٢٥٢ |
| ژیاننامەی نووسەر . | ٢٥٣ |
| بەرهەمەکانی نووسەر . | ٢٥٥ |

## سوپاس و پێزانین

بۆ هەموو هەڤالان دۆست و برادەران ئەوانەی هاوکاربوون بە رەوانە کردنی وشەیەك یان وێنەیەکی کەلە پووری بۆ دەولەمەندکردنی بابەتەکانی ناوەرۆکی ئەو کتێبە بەتایبەتی :

١ـــ ماموەستا سعید جرجیس بارانی خاوەنی مۆزەخانەی کەلەبووری لە ناو سەنتەری قەزای بەردەرەش .

٢ـــ سوپاس و پێزانینم بۆ بەریز (حارس محەمەد) سەرپەرشتی مۆزەخانەی کەلە پوری گوندی کەونەباك دەکات ، لە ناو خانووی کۆنی خۆیان نزیکەی دوو هەزار پارچەی کەلە پووری پاراستووە .